ENDESE

# شێرکۆ بێکەس

# خێراکە.. مردن خەریکە بێت



کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

Scanned with CamScanner

ENDÉŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

کتێبخانە

**ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە**

**بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید**

**بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود**

**بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام**

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم

http://www.endeshe.org

andesha.libraray@yahoo.com ● andesha@outlook.com

http://www.facebook.com/Andeshalib

07501026400

Scanned with CamScanner

**زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب**

**سەرپەرشتیاری زنجیرە**

**سیروان مەحمود**

ناوی کتێب: خێراکە... مردن خەریکە بگات!

ناوی نووسەر: شێرکۆ بێکەس

بابەت: شیعر

دیزاینی تێکست: دانا حەسەن

تۆبەتی چاپ: دووەم ٢٠١٦

چاپخانە: تاران

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

نرخ: (٧٠٠٠) دینار

ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٠٤٩)ـی ساڵی (٢٠١٦)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©

بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

Scanned with CamScanner

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران

بە بچووکترین نەوەم
بە «ئادان»ی کچەزام
پێشکەشە

شێرکۆ بێکەس - ڕۆژی ڤالانتاین
٢٠١٣/٢/١٤

Scanned with CamScanner

# پێڕست


سەعاتەکانی وەڕسبوون ........................ ١
مەحاڵەکان! ........................ ١٩
سوپاسنامە ........................ ٢٥
حەمام ........................ ٣٥
ئەفسانە! ........................ ٥٥
داڕزان ........................ ٥٧
مل ........................ ٦١
ئاپوورەی تووڕە ........................ ٦٣
دەنگ ........................ ٦٩
فایەق بێکەس- ئەگەڕێتەوە بەر دەرکی سەرا ........................ ٧٣
ئادان ........................ ٨١
دایکم ........................ ٩٥
گۆرانیی ........................ ٩٧
بوومەلەرزە ........................ ٩٩
دووکەڵ ........................ ١٠١
ئاوی شیعری جوان ........................ ١٠٣
دیمەنەکان ........................ ١٠٥
پەروانە ........................ ١٠٧
کورتەی مێژوویەک ........................ ١١١




Scanned with CamScanner

کتێب ........................ ۱۱۳
ئەوەی بۆ خودایە و ئەوەی بۆ خاکە ........................ ۱۱۵
سێ خۆر ........................ ۱۲۱
سەفەرێکی ناوەخت ........................ ۱۲۳
زەرفی شیعر ........................ ۱۲۵
درەنگ ........................ ۱۲۷
ورد بوونەوە ........................ ۱۲۹
ڕووتکردنەوە ........................ ۱۳۱
پاییز لەناو پاییزا..! ........................ ۱۳۳
حیکایەتی دوو قەڵەمەکە ........................ ۱٤۳
جەستە! (پەخشان) ........................ ۱٤۷
لە غەزا گەورەکەدا! ........................ ۱۵۳
گلەیی ........................ ۱٦۱
نەقاڕی! ........................ ۱٦۳
بانگهێشتێ! ........................ ۱۷۵
تۆفیق وەهبی- گوڵەهێرۆی سەرلق سپی! ........................ ۱۷۹
پرسیار ........................ ۱۸۳
لە تووڕەبووندا ........................ ۱۸۵
لاسایی ........................ ۱۸۷
غرور ........................ ۱۸۹
شیعر و شەراب ........................ ۱۹۱
ڕووان ........................ ۱۹۳
خۆڕاگری ........................ ۱۹۵
بەگوێ نەکردن ........................ ۱۹۷
ترسان ........................ ۱۹۹



Scanned with CamScanner

فورات .................................................................. ٢٠١
لە هەردوو سەرەوە ................................................... ٢٠٣
ڕاوێژ ................................................................... ٢٠٥
سەرلێشێوان ............................................................ ٢٠٧
شەوی سەری ساڵ! ................................................... ٢٠٩
ئەمین زەکی ............................................................ ٢١١
شەقژنی ژان ............................................................ ٢١٣
عەبدوڵلا جەوهەر، سەرتاپا گزنگ.. سەرتاپا گەوهەر!
(پەخشان) .............................................................. ٢١٥
ئەحلام مەنسوور، ژنێ لە حیلەی یاخیبوون! (پەخشان) ........ ٢٢٧
بە پلیکانەدا.. هەتا ژوورەکەی ئەو! ................................ ٢٣٣
شوێنم کەوە! ........................................................... ٢٤٧
ڕەوتی کۆتایی .......................................................... ٢٤٩



Scanned with CamScanner

# سەعاتەکانی وەڕسبوون

لە ماڵەوەم
وەکو هەموو ڕۆژێکی تر
لەگەڵ "تەنیایی" دانیشتووم،
من لەسەر کورسیەکەی خۆم و
ئەویش لەسەر کورسی خۆی و بەرامبەرم.

هەردووکیشمان جلی ماڵ و هەر لەیەک ڕەنگ،
بیجامەمان لەبەردایە...
ڕەنگی بیجامە، شینێکی تۆزێ کاڵە و
خەت خەتی زەردیان تێدایە.



Scanned with CamScanner

من باڵام مامناوەندییە و
هەناسەم زوو زوو تەنگ ئەبێ و،
بەڵام تەنیایی وانییە،
تەنیایی باڵای درێژە و
هەناسەکانی تووڵانی و
شەو و ڕۆژ، چاوی هەر زیتە و
خەوی نایە و
کەمجار ئەدوێ و
بیرم نایە لەکەیەوە لەگەڵمایە.

تەنیایی ئاپوورەی ناوێ
حەز بە تێکەڵبوون ناکات و
چارەی شایی و دەنگە دەنگ و
هاوار هاواری هەر ناوێ،
ئەوەی کە ڕقی لێیەتی و
هەرگیز لەگەڵیا ناگونجێ،
دەنگی دەهۆڵ و زوڕنایە!

جگە لەخۆی
نایەوێ کەس هاوڕێم بێت،
ئەیەوێ هەر خۆی لەلام بێ،



Scanned with CamScanner

گەر بنووسم
یەک لەدوای یەک

جگەرەم بۆ دائەگیرسێنێ و
«خەیاڵ»م ئەکا بە تەیر و
تەیر بە شیعر و
شیعریش بەرەو ئاسمانێکی بێ کۆتایی،
هەڵئەفڕێنێ.

لەماڵەوەم
تەنیایی هەر بەرامبەرمە،
((لەڕاستیدا ماوەیەکە
ئەوەتەی خانەنشین بووم،
من تاقەتم چووە لەو و
کەچی ئەو، وەکو خۆی وایە و نەگۆڕاوە و
لەوەیش ناچێ
قەت تاقەتی لە من بچێ))

((ئەو ڕۆژە ویستم سەردانی
باخێ بکەم، لەوێ چاوم
بە بەستەیەکی کۆنەدۆست بکەوێت و
هەر بە یادی جارانەوە

دەستی بگرم، کەمێک لەگەڵیا هەڵپەڕم،
بەڵام تەنیایی بەر دەرگای لێگرتم و
لەگەڵ تاوە بارانێکی لەناوەختا،
بە هەردووکیان منیان گەڕاندەوە دواوە و
دەرگایان لەسەر داخستم.))

لە ماڵەوەم
لە پەنجەرە گەورەکەوە
کە تەپ و تۆز، تەماشای ڕێڕێ کردووە

چاوم لێیە لە دەرەوە
«با»یەکی مۆن... دەست تووکن و پەنجە ئەستوور
لەودیوەوە لقی شۆڕی دارهەناری
حەوشە ئەگرێ و
تۆزێ ئازاری ئەدات و
لەپڕێکدا وەک پەشیمان بووبێتەوە
کپ ئەبێت و دەس دائەگرێ و
لەدواییشدا «با»ی سەرەڕۆ
لەبەرخۆوە
هەندێ بۆڵەبۆڵ ئەکات و
شەقێ لە قنگی خۆی ئەدا و
بە بێزاری بە کۆڵاندا تێئەپەڕێ!



Scanned with CamScanner

لەماڵەوەم
لەگەڵ تەنیایی دانیشتووم،
زەمان لەشی ئێجگار قورسە و
نە ئەجووڵێ و نە هەڵئەستێ بڕوا و
نە ئەچێتەوە بۆ دواوە و نە حیکایەتم بۆ ئەکا و
هەر بۆ پێشەوە مل ئەنێ و
هەقی نییە بەسەرەوە، من چیم لێدێ!

((لەولایشەوە لەسەر تەپڵەکی جگەرە،
دوو جگەرە لە شێوەی من و تەنیایی،
سووتوویان درێژبۆتەوە،
تا خاڵی مەرگ و کۆتایی.))

لە ماڵەوەم...
لەگەڵ تەنیایی دانیشتووم
نە ئەو ژنی هەیە و نە من،
نە ئەو میوانی دێ و نە من،
نە ئەو منەتی دنیا هەڵئەگرێ و نە من،
جاری وا هەیە، پێکەوە ئەنووسین و
پێکیشەوە دەس هەڵئەگرین،
جاری وا هەیە من ڕقی هەڵئەستێنم و

دەنگی ڕادیۆم...
زۆر بە بەرزی ئەکەمەوە!
جاری وایش هەیە ئەو تووڕەم ئەکات،
کە ڕێ لە خەیاڵم ئەگرێ و،
گران ئەیدا بە دەستەوە...

یان هەر نایدا و
قەڵەمم پێ فڕێ ئەدات.

لە ماڵەوەم... من ناجووڵێم
وەکو ئەوەی بەهرەم کۆتایی هاتبێ،
وەکو ئەوەی تەڕایی شیعرم نەمابێ،
وەکو ئەوەی دڵی مەراقم وەستابێ،
زمانم بیرچووبێتەوە،
یاخود زمان، منی لەبیر چووبێتەوە،
من ناجووڵێم... ئەوەی بە تەنها ئەجووڵێ،
ئەوەی بە تەنها ئەنووسێ و نووسینەکەی
بە «با» ئەچێ،
هەر دووکەڵی جگەرەیە.

لە ماڵەوەم و ناجوڵێم
لەپڕێکدا، تەنیایی دەستم ئەگرێت و



Scanned with CamScanner

ئەمباتە سەر جێگە و ڕەفەی ئەلبوومەکان،
ئەوسا ئیتر ئەو ئەڕوات و بەجێم دێڵێ.

دەرگای ئەستووری ئەلبوومێ،
«کە لە پەنجەم ئەستوورترە»، ئەیکەمەوە،
ئەچمە ژوورێکی زۆر کۆنی
زەمانەوە،
ڕابوردوو ئەگەڕێتەوە و
بە تەنیشتی ئێستامەوە دائەنیشێ،
وێنەیەکیان ئەبێ بە قولاپی یاد و
ڕامئەکێشێ و ئەمخاتە ناو هەناوێوە.

((ئێستام، زستانێکی سپی و سارد و
زوقم، جومگەی لەشی گرتووم
ئەوسام، سەوزێکی بێباک و
قوڵپەقوڵپی خوێنێکی زۆر بێ منەت و،
ئێستام، پەنجەی گەڵێ ڕاڕا و،
ئەوسام، دەنگێکی سەرکێش و،
ئێستام، ڕەنگێکی ترسنۆک...

یەکە یەکە سەیری زەمانەکان ئەکەم،
سەیری شوێنە مردۆکان و سەیری کەسە مردۆکان و



Scanned with CamScanner

سەیری باخە مردۆکان و سەیری جل و بەرگی مردوو،
سەیری پێکەنینی مردوو، سەیری زەماوەندی مردوو،
سەیری چیغ و سەیری نەنکم و

سەیری دایکم و سەیری کچانی گەڕەک و،
دوکانەکەی مەلا هیندی و
ماسیەکانی ناو حەوزەکەی...
مزگەوتەکەی «حاجی حان» و،
سەیری دەرگای حەوشەی ماڵەکەمان
((ڕەنگە کە یەکەم ماڵ بووبێ لە دنیادا
کە توالێتی تیا نەبوو. من ئەبوو بچم
بۆ مزگەوت... دایکم و خوشکەکانیشم
بۆ توالێتی ماڵە دراوسێ!))

یەکە یەکە سەیری وێنە،
سەیری ئاوێنەکانی زەمان و
سەیری هەڵمی ساڵەکان و

سەیری دڵداریەکانی جاران و
وەرینی بەژن و باڵاکان،
بەڕێز، ئەکەم:



Scanned with CamScanner

((دایکم لێرەدا هەر ئەڵێی
جۆگەی کارێزە ڕوونەکەی سەرکارێزە،
ئەو وەختەی هەتاو لێی ئەدا.
دەسماڵی پوولەکەی سەر شان،
پوولەکەکان ئەجریوێنن و چاوی ڕەشی، پێئەکەنێ و
سرکەیی لاری ناوچەوان،
لەنگەری جوانیی ڕائەگرێ))

((باوکم لێرەدا هەر ئەڵێی
دارتوویەکە ناوقەد ئەستوور،
سەری پڕە لە باڵندە و
ئەڕوانێتە خاڵێکی تەواو نادیاری
ئاسمانی دوور))

((ئای ئەمەیان ئەو کچە بوو
کە بۆ دوو ڕۆژ، تەنها دوو ڕۆژ،
حەزمان لە یەکتری کرد و
بە میوانی هاتبوونەوە بۆ ئێرە و
ئیتر چوونەوە بۆ کەرکووک))

((ئەمەیش پوورمە،
بە جلی مۆدەوە... سپی



Scanned with CamScanner

لە گوڵی دارهەرمێ ئەچێ و لەم باخەدا ڕاوەستاوە،
سێبەری گەڵا و لق و پۆپ...
خاڵ خاڵی کردووە، لەشی و
قژی ئازادی بێ سەرپۆش،
بارانی سەری ڕووناکە))

((ئەمڕۆ لەگەڵ تەنیاییدا،
چووین بۆ خەستەخانە بۆ لای،
دارهەرمێ بۆتە کۆتەرەی پیرێژنێ و
لەسەر چرپایەک کەوتبوو
دەمامکێکی ئۆکسجین،

دەم و لووتی هەڵبەستبوو
دکتۆر، تەنیایی بردبووە لاوە و
پێی وتبوو،
هەر دوو شەوێکی تر ئەژی!))

((ئای «پەری خان»ی ئامۆزام!
لەم ڕەسمەدا چەند نازداری،
ئەڵێی بووکی ژێر دەوار و
یان وەنەوشەی بن زناری.
«پەری خان» بە پەنجە و چاوی... خۆی ئەژیان

پوولەکەچن... دەسماڵ dروون...
چاندنی گوڵ لەسەر سوخمە،
گەلێ جاریش خوێنی پەنجەی

ئەتکایە سەر گوڵی سپی کراسی بووک...
گەلێ شەویش... مامی گورگ
گورگی سەرخۆش...
بە کۆڵەکەی هەیوانەوە... تا درەنگان
ئەو نەورەسەی ئەبەستەوە.
ئای پەری خان
تۆ بەهار بووی کە سەرەتان
لە پاییزێکدا هات بۆ لات،
چووە ناو ژووری جەرگتەوە و
ئەو مردنە لە کۆڵەکەی کردیتەوە و
ئەوسا هەڵفڕیت بۆ ئاسمان،
ئای «پەری خان»ی ئامۆزام))

دەرگای ئەلبووم پێوەئەدەم، ئەوانەی هاتبوونەوە، ئەڕۆنەوە بۆ ئەودنیا و، یەک چرکەیە و بیرئەچنەوە. تەنیایی هەڵمئەسێنێ و ئەمباتە کتێبخانەکەم، لە ژوورێکی دوو بە سێدا، بە ملیۆنان کیلۆمەتر و سەدان سەدە، پێکەوە کۆبوونەتەوە. بەیەکەوە ڕاوەستاون، بەبێ



Scanned with CamScanner

ئـەوەی تاقـە یـەک دەنگیـان لێوەبـێ.، لەسـەر یـەک ڕەفـە سـەدان شـار، سـەدان زەریـا و سـەدان شـاخ و مەملەکـەت و هەسـارەی ئەسـتێرە و مانـگ و بـە هـەزاران پادشـا و تـاج و لەشـکر و خوێـن و سـەری بـڕراو و سـێدارە و شـیر و شمشـێر و، بەیەکـەوە ڕاوەسـتاون بەبـێ ئـەوەی تاقـە یـەک دەنگیـان لێوەبـێ. ئـەو هەمـوو جەنـگ و ئاشـتی و ڕق و کینـە و خۆشەویسـتی و ژن و پیـاوە، پێکـەوە و هـەر لـەم ژوورەدا، هەمـوو بەتەنیشـت یەکـەوە ڕاوەسـتاون، یـان دانیشـتوون، یـان پاڵکەوتـوون، بـەڵام زۆریـان هەتـا ئێسـتەیش

لەگـەڵ یـەک ئاشـت نەبوونـەوە. حەقیقـەت هـەروا لـە شـەڕدا، درۆ لـە جـاران گەنجـترە، بەختیـاری و خـەون، بـێ کۆتایـن. لـە کتێبخانـەی منیشـدا، هێشـتا شـەڕەکانی نێـوان داد و بێـدادی بەردەوامـن، لەوەیـش ناچـێ ببڕێنـەوە، بـە دەوری کتێبخانـەدا، بـە دەوری شـوێن و زەمانـدا، بـە دەوری ئـەم هەمـوو مێژووەدا، چەندجـار تەنیایـی ئەمگێـڕێ، ئەخولێتـەوە و ئەخولێمـەوە. لەبـەردەم هەنـدێ کتێبـدا، ئەوەنـدە بچـووک ئەبمـەوە، ئەچـم بـە کونـی دەرزیـدا... کتێـب خـودای تەنیاییـە. لەبـەردەم هەندێکـی تـردا، تەنیاییـم زۆر تـووڕە ئەبـێ، هەندێ ناویـان، تەنیاییـم پڕئەکـەن لـە دەنـگ، لـە ڕەنـگ، لـە بـۆن. هەندێکـی تـر، لەنێـوان شـەک و یەقینـدا، چاوەکانـم دابـەش ئەکـەن، تەنیاییـم ئەسـووڕێتەوە و ناگاتـە هیـچ، جاربەجاریـش



Scanned with CamScanner

تەنیاییم وچانێک ئەدا و لەبەردەمی یەکێکیاندا ڕائەوەستێ، بە یادی یەکەم خوێندنەوە، چەند دێڕێ

ئەخوێنێتەوە. لەبەردەمی یەکێکی تریاندا ئەگری، لەبەردەم یەکێکی تریاندا پێئەکەنێ. لەسەر کەم ڕەفەیان خۆشەویستی و ئازادی نابینم، قوربانی و جەللاد ئامادەن. لەم ژوورەدا، مێژووی دنیا بەیەکدا دێ و بەڵام دەنگیان لێوە نایە، تەنیایی بێ تاقەت ئەبێ و لێرەیش ئەچێتە دەرەوە، ئەم دەرگایەیش پێوەئەدا، لەخۆمەوە ئەچمەوە بەر ئاوێنەکە، دیسانەوە لە ڕوخسارم ورد ئەبمەوە، ئەم چرچە تا دوێنێش نەبوو! ئەم ڕوانینانە چۆن سیس بوون؟ لە داخاندا و لە ترساندا، ئەگەڕێمەوە بۆ دواوە و ئەچمەوە سەر کورسیەکەی خۆم دائەنیشم. تەنیایی قەڵەم و کاغەزێ دێنێ و دەستی ڕاستم لێی وەرئەگرێ، هەتا ئەم شیعرە تەواو کەم، بەڵام پرسیار پرسیار، پرسیار، ئەوەندە زۆرم بۆ دێنن، وا هەست ئەکەم کە من هیچم نەنووسیبێ!

لەماڵەوەم
ئەمەوێ ئەمشەو «تەنیایی»
پاڵ پێوەنێم... تاکوو بچێتە دەرەوە،
منیش بۆ خۆم ئازادانە
لەو ڕەقیبە مل باریک و

چاو زۆر زەقە... دوورکەومەوە،
زۆر ئاسانە،
تەلەفزیۆن ئەکەمەوە و
هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا ئەدۆزمەوە،
- ئەمەیش گەڕانێکی کەمی ئەوێ و -
وەختێ ئەزانی هەر زوڕنا و
هەر دەهۆڵە و، هەموو هاتوونە ماڵەوە،
تەنیایی گوێچکەی کەڕ ئەبێ و
مەجبوورە ڕاکاتە دەرێ.

هەر وایشم کرد
تەلەفزیۆنم کردەوە،
کیژی بێژەر، دەم و چاو خڕ
وەک گۆی زەوی،
قژێکی کورت، هەر بەقەدەر کورتە هەواڵ،
قسەی خێرا... وەک ڕۆیشتنی
دێرەکانی بنی شاشە.
بلووزێکی پرتەقاڵی... سەر پرتەقاڵ،
«نەمزانی بۆ دەستێکم برد بۆ
پرتەقاڵی سەر مێز و بۆنێکم کرد»
دەنگێکی خۆش
ئەتوت گوێچکەم بووە بە لووت،

بۆنی وەنەوشەی دەنگیم کرد.

ژنی بێژەر گەیشتبووە سەر شەقامی
دوا دێڕی ناو هەواڵەکان،
پرتەقاڵی بێژەر وتی:
ئەم ئێوارەیە «زەمین لەرزەیەک»
بە پلەی شەش لەسەر پێوانەکەی ڕێختەر،
دای لە بەشی سەرووی «یابان»،
تووڕەبووم و هاوارم کرد:
زەمین لەرزەی چی ژنەکە؟
زەمین لەرزەی چی پرتەقاڵ؟
بوومەلەرزە... بوومەلەرزە
ئەم زمانەیش هەموو جارێ
بەر بوومەلەرزە ئەکەوێ و
بە پێوانەی... تۆفیق وەهبی و

بە پێوانەی هێمن... هەژار...
شەوێک نییە
لە دوو سێ لاوە... نەڕووخێ.
هاوارم کرد... ئەی پرتەقاڵ،
مەڵێ «یابان»... بڵێ «ژاپۆن»... ژاپۆن
وەکو وڵات



Scanned with CamScanner

ئەم زمانەیش چی بەسەرهات؟!
لەداخاندا... تەلەفزیۆن ئەکوژێنمەوە،
دیسان تەنیایی دێتەوە و
بەرامبەرم دائەنیشێ.

تەنیایی هەڵمئەسێنێ و ئەچینە ناو موبەقەوە،
سەلاجەکە ئەکەمەوە... دەست ئەبەم و دەنکێ ترێ،

لە هێشوەکەی ئەکەمەوە... سەلاجە دائەخەمەوە
لەبەرخۆوە، گۆرانیەکەی «تایەر تۆفیق»،
«کراس زەردێ» ئەڵێمەوە... بێدەنگ ئەبم.
تەلەفۆنێکم بۆ ئەکرێ، ژنێکی ناسیاوە و ئەڵێ
کچمان بووە و ناوێکی خۆشمان لێت ئەوێ... باشە
باشە بۆ سبەینێ... تەلەفۆن ئەکوژێنمەوە... لەوحەیەکی
ژووری میوان، من و تەنیایی ڕائەگرێ... دارێکی پاییزە و
بەسەر جۆگەیەکی بێوەژندا ئەگری. لە ئاسۆدا،
دوو ڕەنگ تێکەڵ بە یەکتر بوون، ئەڵێی ژن و پیاون
جووتبوون. لە ناوەڕاستی تابلۆدا... هەورێ، دەمی
داپچڕیوە و لە دەمەوە پۆلە مەلێکی بریندار دێنە
دەرێ، لە دامێندا ڕوخساری لێلی ئافرەتێ،
وەکو ڕووبکاتە خودا و بڵێ: گەورەی گەردوون!

ئادەم بەس بوو دروستی کەی، بەبێ حەوا. بۆ
جووتبوون و زاووزێش، ئەی گەورەی گەورە. هەر
لە ڕانی ئادەمدا خۆی کونێکت تێبکردایە، وەکوو
ڕەحم و ئەم هەموو سەریەشە زۆرەی ئەمڕۆت
نە تووشی ئێمە ئەکرد و
نە ئەیشبووە مایەی سەریەشە بۆ خۆی...

ئەچمەوە سەر کورسیەکەی خۆم،
دیسان تەنیایی دێتەوە و
بەرامبەرم دائەنیشێ.

بە لاچاوێ سەیری سەعاتی سەر دیوار ئەکەم،
درەنگ بووە و لە نیوە شەویش لای داوە،

وەکو هەندێ لە سیاسەتمەدارانی زۆر بێ ئاگای
وڵاتەکەم، لەم دنیایە
باوێشکێکی درێژ ئەدەم.
وەک زۆر پرۆژەی پاڵکەوتووی چەندین ساڵە،
بە پشتا خۆم ئەکێشمەوە.
هەڵئەسم و ئەچمە ژوورێ،
بەڵام بەرلەوەی ڕاکشێم،
بەرامبەر ژنی سەر فەرشی

هەڵواسراو بە ژوور سەرمەوە،
ڕائەوەستم و چاو ئەبڕمە چاوەکانی،
گەردنی بەرز، لووتی قنج و، پێستی سپی،
وەک تیایاندا بتوێمەوە وایە.
ژنی سەر فەرش، ئەویش بزەیەک ئەیگرێ و

وەک چاوەڕوانی شتێ بێ... چاوەڕوانە
بانگی ئەکەم بێتە خوارێ،
ژنی سەر فەرش، بە ئەسپایی بە پاوانە زیوینەکەی،
«بەلەک»ییەوە... دێتە خوارێ،
تەنیایی وەکو شەرم کات،
ژوورەکە بەجێ ئەهێڵێ و
پاڵ ئەکەوم. ژنەیش دێت و
لەلامەوە پاڵ ئەکەوێ...
دەستێک ئەکەمە گەردنی و
بە جووت خەومان لێئەکەوێ.

شەوی ١٢-٢٠١٣/١/١٣



Scanned with CamScanner

# مەحاڵەکان!*

کێوێک وتی:
ئەوەیشیان هەر مەحاڵێکە و
نایەتە دی،
هەتاوی خوا و
تاریکیی شەڕ

تێکەڵ بن و
ببنە هاودەمی یەکتری!

---

* دوای یەکەم بڵاوکردنەوە. ئەم شیعرە جارێکی تر دەستکاریم کردۆتەوە، بەتایبەتی کۆپلەکانی بەر لە کۆتایی، گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە.



Scanned with CamScanner

دەشتێک وتی:
کەس نەیدیوە
لەسەر هیچ ڕێگایەکی من
کورت و درێژ،
«جەنگ و ئاشتی»
پێکەوە ڕێیان کردبێ،
وەک دوو هاوڕێی
گیانی بە گیانی یەکتری!

شارێک وتی:
لەناو هیچ شوێنێکی مندا
ڕووی نەداوە
زام و چەقۆ،
شیعر و مقەست،
عەشق و ڕەقیب،
بۆنی خۆش و بۆنی ناخۆش،
گریە و بەستە،
ژن و جەڵدە،
یەکترییان خۆشویستبێ و
گەر بۆ چرکەساتێک بووبێ،
پێکەوە هەڵیان کردبێ!



Scanned with CamScanner

«خانی» هات و ئەویش وتی:
زۆر مەحاڵە
ڕۆژێ لەسەر شەقامێکی «بۆتان»
لە بازاڕی «جزیرە»دا،
«مەم» و «مەرگەوەڕ» بینرابن،
بەیەکەوە قۆڵ لە قۆڵدا و
بووبن بە دۆستی یەکتری!

باخێک وتی:
هەر بەوجۆرە
مەحاڵیشە... چقڵ و پەنجە
هەرگیز یەکترییان خۆشبوێ و،
ئەمجارەیان ئاسمان وتی:

لەوەیش مەحاڵتر ئەوەیە
هەوای ژەهراوی و هەڵەبجە،
تاقە یەک خودایان هەبێ!

چۆمێک وتی:
هەر بەوجۆرە
لە ئەستەمیش ئەستەمترە،



Scanned with CamScanner

تۆ گوێت لێبێ ڕۆژێ بڵێن
بوون بە برا
تۆڕ و ماسی!

پەنجەرەیەکی هۆڵەکەی
یەکی شوباتی ناو هەولێر،

بە شان و ملی سوورەوە
بە پەنجەی هەڵوەریوەوە،
هەورێکی «ئاوایی حەمە»ی
کردبووە ملپێچی ملی و
ئەویش هات و
بە دەنگێکی نزم وتی:
هەرگیز ناگەنە یەکتریی،
بەیەکەوە کۆنابنەوە،
شیرەکەی دەستی «حەجاج» و
برینەکانی «حەللاج»ی
هەق پەروەریی.

لە تەوقە سەری قەڵاوە،
«عەبدولخالق» وەک دار هەناری «حەیران» بێ،
دائەگەڕا و... بەدەم پڕانەوە ئەیوت:



Scanned with CamScanner

بەیەکەوە هەرگیز لەیەکماڵدا ناژین،
پەڕەی شەوبۆ و
گوڵی گۆرانی و مۆسیقا و
لەپاڵیشدا... چڕنوکەکانی دڕکەزی.
قەت سەرنانێن بە سەری یەکترییەوە،
داری ژەقنەبووت و داری
سێوە لاسوورەکەی شیعر و
خۆشەویستیی!

کیژۆڵەیەکی مەسیحیی
دەس پەڕیوی ناو "شەقڵاوە"،
ئەویش وتی:
هەر بەوجۆرە. هەرگیز
لەژێر بنمیچی ژوورێکدا کۆنابنەوە،
چون "یەهودا" و خاچی عیسا
هەق و بەعسیی
جوانی و بەعسیی!

لەدواییشدا شیعرێکی کەرکووکیی وتی:
ئەوەیشیان هەر خەون نییە
ئەم "کوردستان" و "عێراق"ـە،
هەتا گەڕانەوەی "مەهدی!"



Scanned with CamScanner

لە چوارچێوەی مووزەوەری
ئەم دەوڵەتە درۆزن و
جامبازەدا،
چون وەردییان و زیندانیی
لەپاڵ یەکدا بمێننەوە و
ڕۆژێک نەیەت،
"کە هەر ئەبێ ئەو ڕۆژە بێت"
دوای تەڵاقێکی ئەبەدیی
وەک تەڵاقی
نێوان قەفەز و ئازادیی،
لە یەکتری
جوێ ببنەوە!!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/١



Scanned with CamScanner

# سوپاسنامە

بۆ سکی خاڵیی ڕۆژئاوام،
«خاڵیتر لە گەڕەکێکی چۆڵکراوی دوای بۆردومان.»
بۆ لەشی ڕووتی ڕۆژئاوام،
«ڕووتتر لە لەشی هەردێکی بێ درەختی دوای بۆردومان.»
بۆ کۆچی زامی ڕۆژئاوام،

«ئەو زامانەی چون گەڵای بابردووی ئەوێ،
قەت ناژمێردرێن!»
بۆ هەموویان
باربوویان کۆئەکردەوە،



Scanned with CamScanner

هەتاویان کۆئەکردەوە،
سروودیان کۆئەکردەوە،
تین و تاوی زۆپایان کۆئەکردەوە،
پارچە جلی بڵێسەیان ئەخستە ناو تەنەکەوە و
هەر بە فەردە
ئارد و خەمیان تێکەڵ بە یەکتر ئەکرد و
دڵۆپە فرمێسکی گەرمیان،
ئەڕشتە ناو نایلۆنەوە و
«لەژێر چادرە گەورەکەی
بەردەمی باخچەی گشتیدا، دایان ئەنان!»

بە بوخچەی سۆزەوە هاتن
بە کۆڵەپشتی مەراق و
بە کارتۆنی دڵنەوایی و
بە پریاسکەی فرمێسکەوە،
هەموو هاتن
بە هەگبەی پڕ لە کڵپەوە
بە کۆڵوانەی پڕ لە هەڵم و
بە پاڵتۆی داربەڕووی گەنج و
بە ملپێچی دارچنار و
بە دەسکێشی دەوەنەوە،
هەموو هاتن،



Scanned with CamScanner

باربوویان کۆئەکردەوە
ڕووناکییان لە باوەشیاندا ئەهێنا و

«لەژێر چادرە گەورەکەی
بەردەمی باخچەی گشتیدا، دایان ئەنان»

گوێمان لێبوو، سنەوبەرەکانی باخ و
ئینجانەکانی سەر ڕێگە و،
یەکە بە یەکەی کورسیەکان،
هەموو بەیەکەوە وتیان:
((سوپاس بۆ نەوەی سروودی «ئازادیخوا» و
بۆ کچ و کوڕی «پیرەمێرد»،
بۆ وەچەی دارتووی مەلیک و
یەکەم هاواری بەر سەرا))

گەرمایان کۆئەکردەوە،
مێژوویان کۆئەکردەوە،
هەتاویان کۆئەکردەوە،
نیسک و نۆک و خۆزگە و ئارد و
کڵاو و شیعر و چیرۆک و ماشەسپی و
جل و بەرگ و خەمی درێژ و قۆڵ کورت و
لباد و گۆرەوی دار و درەخت،



Scanned with CamScanner

پەتاتە و خەڵووز و بەڕوو،
برنج و پشکۆ و مەمکەمژە و مانگەشەویان،
پێکەوە کۆئەکردەوە و
لەژێر چادرە گەورەکەی
بەردەمی باخی گشتیدا، دایان ئەنان.

((سوپاس بۆ قاتە تازەکەی ئەمین زەکی
کە لە هەردوو جزمی «کورد و کوردستان»ـەوە
پێچابووی و بە ڕەشەبایەکی تەتەردا بۆی
ناردبووین. سوپاس بۆ ئەو شەرواڵ و ستارخانییەی
کە «پیرەمێرد»یش پێچابووی لە غەزەتەکانی
«ژین» و «ژیانەوە» و بە «ئەحمەد شوکری»
پیتچندا، بۆی ناردبووین. سوپاس بۆ پاڵتۆ
ڕەشەکەی «ڕەفیق حیلمی» کە بە دەستی خۆی هێنابووی.
لەگەڵ یەکەم بەرگی ئەدەبیاتی کوردیدا،
سوپاس بۆ ئەو هەموو کەللە شەکرەی کە «حەپسەخان»ی
نەقیب ناردبووی. سوپاس بۆ ئەو تەنوورە و بلوس و
شاڵی سەرشانەی، کە ست «بەهێ مەعرووف» بۆی ناردبووین.
سوپاس بۆ دەرمانخانەکەی «نووری عەلی». بۆ چاکەتە
بۆنخۆشەکەی «شاکیر فەتاح». سوپاس بۆ کڵاوە فەروە
گەرمەکەی «خاڵە شیهاب»، کە بە دار ئەرخەوانێکی
سەیواندا بۆی ناردبووین. سوپاس بۆ ڕیکۆرد و

سیدیەکەی «شەماڵ سائب». سوپاس بۆ مشەمای بارانەکەی «حەمە جەزا». سوپاس بۆ ئەو جووتە دەسکێشە ناو خورییەی کە «فەریدوون عەلی ئەمین» لەگەڵ دوو چیرۆکی منداڵاندا، بۆی ناردبووین. سوپاس بۆ ئەو قەمسەڵە سەوزەی کە لە هەولێرەوە لەگەڵ دوو کتێبی خۆیدا و بە «با»یەکی شەقڵاوەدا، «عەبدولخالق مەعرووف» بۆی ناردووین. سوپاس بۆ ئەو پاڵتۆ نیوکۆتەیش، کە لەگەڵ جاڕنامەی مافی مرۆڤدا، «حەمید بڵباس» بۆی ناردبووین. سوپاس سوپاس بۆ کاک «عومەری مەکتەبە»یش کە چەترێک و لۆکسێک و دیوانێکی

«شێخ ڕەزای تاڵەبانی» و ڕۆمانێکی بە ناوی «ون بوون»ـەوە، بۆ ناردبووین... سوپاس. سوپاس بۆ هەموویان))

باربوویان کۆ ئەکردەوە،
ژیانیان کۆئەکردەوە.،
گەرمایان کۆئەکردەوە،
خۆشەویستیان ئەپێچا
لە غوربەت و لە عەشقەوە،
دڵی سلێمانیان ئەخستە ناو دەروونی
کەرکووکەوە و چاوی کەرکووکیان ئەخستە
ناو بینینی «عامودا»وە و خۆشەویستیی عامودایان

ئەپێچا لە باڵای «ئامەد»ەوە و باڵای
ئامەدیشیان ئەبردە سەر «ئاویەر» و ناو

«سنە»وە و
لەژێر چادرە گەورەکەی
بەردەمی باخچەی گشتیدا، دایان ئەنان!
لەدواییشدا
لەدوای هەمووان
پیرێژنێکی «قالاوا»،
چون هەژاریی تاق و تەنیا،
چون بێکەسی وەک خۆی و خوا.
ئەویش بە لەقەلەق هات و
لە بایەعیەکەی ئەو مانگەی،
لە خەمەکانی ئەو مانگەی،
بە هەردوو دەست هەڵگرتبوو،
بایەعیەکەی
ڕێک کردبوو بە دوو بەشی وەک یەکەوە،
بەشێ بۆ ژووره نابیناکەی خۆی و،
بەشەکەی تر بۆ کوردەکانی سووریا،
لەبەرخۆیشیەوە هەر ئەیوت:
«بەشی دوو سێیەکیان ئەکات!»
لە بایەعیەکەی ئەو مانگەی،



Scanned with CamScanner

بە هانکەهانک،
لەژێر چادرە گەورەکەی
بەردەمی باخچەی گشتیدا... ئەویش داینا،
«سێ مشت برنج و سێ مشت ئاخ،
لەناو زەرفێکی نایلۆندا.
سێ چوار جام ئارد... سێ چوار جام خەم،
لەبنی توورەکەیەکدا،
بەتانییەکی ڕزیوی فەتاح پاشا،
کە پێچابووی لە عومرێکی زۆر درێژی
ڕەنجەڕۆوە،
سێ مشت شەکر، سێ مشت زوخاو،
دوو مشت نۆک و دوو مشت تاڵاو،
کە هەموویانی کردبوو بەسەر یەکدا».

شەقامی سالم و شیعر وتیان:
سوپاس ئەی پیرێژنی قالاوا
گوڵ و گڵۆپ و ماشێن و
پەنجەرەکانی تەلار و پۆلە مەل و
هەتاو و سێبەر پێکەوە،
عیسا و «کەریمی ئەلەکە» و
ئاسکەکانی کانێسکان و
سدارەکەی ئەوڕەحمانی باخەوان و



Scanned with CamScanner

بایەوانی کەشتی نوح و
مشکیەکەی «فایەقی قەساب»،
تۆپەکەی «یاسین حەمەساڵح» و
شاورەکەی «ساڵح عەلی» و
کامێراکەی «یەحیا فەندی» و
کەمانچە جوانەکەی «کارزان»،
عەینەکەکەی شەهید «ئارام»
گوڵەمێخەکی سەر چاکەتەکەی «دیلان»
هەموو وتیان... بە دەنگی بەرز... هەموو وتیان
سوپاس بۆ تۆ
پیرێژنەکەی قالاوا

ئەی لە نەعنا بۆن خۆشتر و
لە دارسێوی بەرپرژەی ئاو، خاوێنتر و
قسەت لە مێوژەڕەشکە خۆشتر،
سوپاس پیرێژنەکەی قالاوا!
خەمت نەبێ بایەعیەکەت سبەی ئەگات،
تەواو تەواو دڵنیابە،
ئەگاتە دەست بێوەژنێ لە وڵاتی بێوەژندا و
خەمت نەبێ...
ئەویش لەگەڵ زەردەی ئێوارەیەکی
خوێناویی ئەوێ، ئەیخوات.

دوای هەموویان!
چەند دڵۆپێ لە ئاوی چاوی «قامیشلو»
چاوی «حەما» و
چاوی «حومس»، چاوی «ئەدلب»
بە چاوما هاتنە خوارەوە،
هەتا گەیشتنە لێواری
چاڵەکانی سەر ڕوومەتم،
ئەوسا بە ئەسپایی وتیان:
ئەی ڕێحانە پیرێژنی سلێمانی،
پیرێژنەکەی قالاوا،
بەقەد هەموو برینەکانی سەر جەستەی
کوردستانم... بەقەد ژمارەی هەر هەموو ئاڵاکانم،
بەقەد هەموو دەنکە برنج و نۆکێک و
بەقەد ژمارەی فرمێسکی منداڵەکان،
سوپاس... سوپاس، سوپاس،
پیرێژنەکەی قالاوا.

سلێمانی ٢٠١٣/١/١



Scanned with CamScanner

## حەمام

«شیعرێکی ڕۆمانسیی و ئیرۆتیکییە»

ژماردوومە، پانزە ڕۆژە دەزگیرانی و
ئەڵقەی پەنجەی دەستی ڕاستمان
دوو ئەستێرەی زێڕینن و
جریوەیان زۆر تازەیە،
ئاوێنەی پێکەنینیشمان

چون ڕوومەت و چاوی گەشمان
بۆ یەکتر ئەبریسکێنەوە!
لە ناوەوەش ماخۆلان و هەوەسی جنس، ژیلەمۆیە و



Scanned with CamScanner

بای گەنجێتی لێی ئەدات و
گڕ ئەگرێت و لرفەی دێت و
بەردەوامیش
کوورەیەکی داگیرساوی
شەوانەیە و ڕۆژانەیە!

هەموو ڕۆژێ دووسێ جارێ
بە بیانوی جۆراوجۆرەوە،
کە کەس بڕوایان پێناکا
دێمەماڵتان!

ئەوا ئێستەش خۆم گۆڕیوە و
بەر ئاوێنەی دیوارەکە بەرنادەم و
لاجانگ درێژ... لە پەڕەی گوێش بەرەو خوارتر.
جارێك لەسەر لا تەماشای خۆم ئەکەم و
جارێکی تر، ڕێك بەرامبەری ئەوەستم
ئەچمە پێشێ و دێمە دواوە و
دەست ئەخەمە سەر کەمەر و
ئەمجارەیان بە تەنها هەر دەم و چاوم
لە ئاوێنەکە زۆر نزیك ئەخەمەوە
لەو لای لێومەوە زیپکەیەك، بەدی ئەکەم
زۆر بچووکە، بەڵام ئەبێ بە مەراق و



Scanned with CamScanner

خۆم لە دڵما گەورەی ئەکەم.
لە پڕ بە بیرم دێتەوە: نیو قولانجێ

پاژنەی پێمی بۆ هەڵئەبڕم، لەسەر ڕەفەی
گەچینی ژوور، شووشەبۆنی سەر نەکراوەی
مارکەی «پاریس» دائەگرم و کڵاوەکەی بائەدەم و
ئەکرێتەوە و ئەمسەر ئەوسەر،
دوو کەڕەت ڕایئەوەشێنم و دەمی ئەکەمە ڕوخسارم و
چوار پێنج جارێ پرژ... پرژ... پرژ
لە ڕوومەت و لە سمێڵ و لە لاجانگ و
لە لامل و ملیوانی کراسەکەی ئەپرژێنم،
«هەندێ شوێنی ڕیشی تاشراو
بۆ ساتێ ئەچوزێنەوە و
چوزانەوەیان زۆر تیژە و
چاوێکم پێ ئەنوقێنن!»
ئەوسا ئیتر ئەچمە دواوە و قۆپچەی چاکەت دائەخەم و

ئێجگار دڵم بە خۆم خۆشە و
هەر خۆیشم خۆم هەڵئەکێشم:
بەڕاستی تەواو گۆڕاوم و
بووم بە «ئازاد»ێکی تر و
بەقەد «ڕۆك هدسن» قۆزم و



Scanned with CamScanner

تۆش «جنیڤەر جۆنز»ی خۆمیت،
ئەوەتا وا

«کافی» یەکەم حەرفی ناوە جوانەکەشتم
خستۆتە ناو دڵێکەوە و
داومە لە یەخەی چاکەتم!

وا ئەمجارەش قاچ لەسەر قاچ
لە هۆڵەکەدا دانیشتووم
«قۆندەرەی باتای قاوەیی
پێش هاتنم، بۆیاخکراو
گەردێ چییە پێوەی نییە و
لەسەر تاکی هەڵبڕراویان
کە لە چەرمی بە بریسکەی ورد ئەبمەوە،
نیوەی دەم و چاوم دیارە و
ئاوێنەیە!»

قژی ڕەش و پڕی چەند جار شانە شکێن،
هێشتا کزرە و بۆ پشتەوە داهاتووە،

«لەم ساتەدا تەپڵی سەرم
خورووەیەکی زۆر نەگریسی تێئەکەوێ،

هەرچۆنێك بێ، خۆم ڕائەگرم، نایخورێنم
بۆ ئەوەی قژم تێك نەچێ!»

کراس تازە ئوتووکراو
- بەحاڵ بۆنی دوای ئوتووەکەی هێشتا لێدێ -
خەتی پانتۆڵ دەمی تیژە و بە شاقولی،
تا پشتی پێ، ڕێك ڕاوەستاو
دەرەلنگی لە خوارەوە پان و پۆڕە و
دوو ئەوەندەی سەر و پوز و لای ڕان ئەبێ،
چاکەتی قات، دوو قڵیشە و
هەندێ جاریش لەسەر کورسی چایخانەکان

چمکیان لە درزێ گیرئەبێ،
لە خۆمەوە
زوو زوو دەست ئەبەم بۆ ملم،
بێ ئەوەی شل بووبێتەوە،
بۆینباخ توند ئەکەمەوە!

هیچ نەبووە و لەخۆمەوە شڵەژاوم
پاکەتی درێژی «سۆمەر»، لە گیرفانم دەرئەهێنم
«قیسارە»کەی لە ناو خەیاڵدا ئەژەنم،
لەو ساتەدا



Scanned with CamScanner

- دەمم لەلای دەمی ئەوە و -
پێی نازانم جگەرەیەك
سەروقنگ دائەگیرسێنم،

توتن ئەچێتە دەممەوە و
بە زمانمەوە ئەنووسێ،
تۆزێ تیژە و بە دەستەسڕ لای ئەدەم و
ئەوسا سەرێك بائەدەم و
خۆشم بە خۆم پێ ئەکەنم!
لەسەر تەپڵەکی تەنیشتم
دەست ئەدەمە گۆڤارێك و ئەیکەمەوە،
«مارلین مۆنرۆ» دەرئەکەوێ
«با»یەك کراسە سپییەکەی،
بەرەوژوور هەڵداوەتەوە و
ئەویش ئەیەوێ بە دوو دەست
کراسی هەڵفریو بگرێ،
گۆڤار لە چاوم نزیکتر ئەخەمەوە

بەشکو سەرووتر ببینم!
ئەوسا تفێك قووت ئەدەم و
لە جێی خۆی دایئەنێمەوە!



Scanned with CamScanner

لە ڕادیۆی ماڵێکی دووری گەڕەکەوە
لەسەر باسکەکانی هەوا
وەك هەوراز و نشێو بکا،
جارێ بەرز و جارێ نزم
دەنگی سۆزی شەماڵ سائیب
«ئەرێ لەیلێ»
سەربانە و سەربان ڕێ ئەکا و
لەگەڵ حەزێکی فێنکدا
ئەگاتە گوێ،

لەملایشەوە
بۆنی ئاوڕشێنی نزیك
لەسەر گڵە سووری حەوشە،
تێکەڵ بە گۆرانی ئەبێ و
کونە لووتم
مشە مشی بۆنی خۆشی تێ ئەکەوێ
لەم ساتەدا من دەنگ و بۆنی دڵداری
بە یەکەوە هەڵئەمژم!

لە پەنجەرەوە تیلماسکێ
لە هەتاوی گەنج هاتۆتە
باوەشمەوە و

لەبەر ئەودا، ڕەنگی شینی پانتۆڵەکەم

گەلێ جوانتر دەرئەکەوێ!
کە دەست ئەدەم لە ناوچەوان و ڕوومەتم
گەرم گەرم
وا هەست ئەکەم
گڕی مۆمێ لە ناو خوێنما بە هێواشی
دەسووتێت و
بەرەبەرە پلەی گەرمام سەرئەکەوێ!

من ئێستاکە دڵم بەقەد دڵی سێوی
سەر لقی باخەکە خۆشە

ئەڵێی شەربەیەکی تازەم،
قاقام پڕ و پێکەنینم لێ ئەڕژێ!

حەز و ئارەزووم غوبابە و
کەڵەشێری ئەم تەمەنەم
وەخت و ناوەختی بۆ نییە و
هەر ئەخوێنێ،

خێرا خێرایش



Scanned with CamScanner

ئەڵقەی پەنجە بائەدەم و
دەست بە سمێڵما دێنم و
قاچی سەر قاچ، ئەلەرزێنم
دایکیشت وا بەرامبەرمە و
لەسەر بەڕەی نەخش و نیگار
درشت و زەق،
بەڕەیەکی زیاد لە پێویست درێژکۆلە،

بە چوارمشقی دانیشتووە و
کراسێکی گوڵ باتمانی لەبەرایە و
قۆڵەکانی هەڵکردووە و
جلی شۆراو قەد ئەکات و
بە دەنگێکی تۆزێ بەرزیش،
- وەك بۆ یەکێکی گوێگران قسە بکا -
باسی گوڵزاری کچێنی
خۆیم، بۆ ئەگێڕێتەوە و
چاویشی هەر لەسەر جلە.
«بەسزمانە وا ئەزانێ گوێم گرتووە،
بەڵام نە سەر و نە دڵ و نە گوێچکەیشم،
لای ئەو نییە و
خەیاڵم هەر لەلای تۆیە!»



Scanned with CamScanner

تۆیش لەوسەری ڕاڕەوێکی
نیوە ڕووناکی تەنگەوە،
پشت لە منی و چاوم لێیە
بە ڕۆبێکی پشتێن بەربووی، سپییەوە
- ڕۆبەکە کەمێ سپیتر لە پاووپووز -
وا خەریکی دەسکی دەرگاکە بگریت و
بچیتە ناو حەمامەوە،

ئیتر ئەبێ وەکو کراسی داکەنراو
تا ئەو وەختەی تەواو ئەبی، چاوەڕوان بم!
لەم ساتەدا
ئەبم بە گڵۆپی سفر و
کزۆڵەم و ئەڵێی خاولی بەجێماوم

زەوقم کرە و بۆیشم نییە و قەدەغەیە
لەگەڵ تۆدا بچمە ژووری حەمامەوە،
لەودیوەوە تۆ سوورگی دەرگات ڕاکێشا و
وا ئێستاکە
لە مابێنی درەوشی چاوی دایکت و
چەند دەرگایەکی پاسەوان،
چەند دیوارێکی زاڵم و
خوشك و برای گزگل گزگل،



Scanned with CamScanner

چاوزیت چاوزیت، سەرزل سەرزل،
ژمارە پێنج، ژمارە شەش، ژمارە حەوت،
کەلوپەل و سانسۆری ماڵ،
هەر هەموویان بە دەستە دارینەکانیان،
بە دەستە بەردینەکانیان،
هەردوو چاویان توند توند گرتووم

ئەڵێی تەلبەندی دڕکاوین،
ڕێگەی حەمامیان لێ بەستووم،
لە حەمامدایت و ناتوانم بێمە ژوورێ،
قەدەغەیە من بە ڕووتی تۆ ببینم!

«من نازانم ئەمە ماڵە،
یان خانی کاروان سەرایە؟!
من نازانم ئاخر ئەم ماڵە جەنجاڵە،
کەی چۆڵ ئەبێ؟
ئەو پارەوە و، ئەو ژوورانە و، ئەو حەوشەیە،
لە سوچێکدا، ژێر پلیکانە و دارێکدا،
لە گۆشەی سەر تەنوورێکدا،
کەی جێی دەستبازی و ماچێك و باوەشێکم

لای خۆیان بۆ ئەکەنەوە؟!



Scanned with CamScanner

داڵدەی ئەم هەوەسە گەنجەم،
کەی پێ ئەدەن؟
من نازانم!
زەردەزیڕە و سەرەمێکوتەی منداڵان
چ وەخت ئەڕۆن؟! چ وەخت ئەنوون؟!
ئەم هەموو میوانە زۆرە،
کوللە و سوننە زەرد و سوورە،
کەی دەست لە قرتە قرتی خواردنی
گوڵەبەڕۆژە هەڵئەگرن؟! ماڵیان هەیە؟!
کەی هەڵئەستن؟! ئەڕۆنەوە؟!
ئاخر من کەیی و لە کوێوە
قومێ دوو قووم، لەو ناو دەمە بخۆمەوە؟!

من نازانم هەموو جارێ لەم سەرەوە،
بە خەیاڵی چەند دەرفەتی ڕەنگاوڕەنگی
دەست گوشین و مەم گوشین و ڕان گوشین و
ماچ و مووچەوە، خۆم ئەکەم بەم ماڵەدا و
بەڵام لەوسەر دەرەنگانێ
کە هەڵدەستم، لۆژ لۆژ لەگەڵ
دوو دەستی زۆر نائومێد و
لچێکی شۆڕ و باوەشێ
پڕ لە هەوەسی ڕووخاو و... کوژاوەدا



Scanned with CamScanner

ئەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ!»

من ئێستاکە لەم دیوەوە،
ئارەزوویەکی پڕ حیلە و

شەهوەتێکی داگیرساوی پەل و پۆ داری
بێ ئۆقرەم،
ماخۆلانێکی بێ دەنگم،
لە گێژەنێکی قووڵ ئەچم،
کە لوول ئەخوا،
لە عەزرەتا، هەر سمێڵ و لێو ئەجووم و
دەمێ هێواش... دەمێ خێرا،
بەناو هۆڵدا دێم و ئەچم.
وەك بەلۆعەی ئاو لێ بڕاو،
قرخەقرخکەر،
یان پرتە پرتی چرایەك،
لەبەر خۆمەوە بۆڵەم دێ.
نە کەوتووم و نە خۆڵاوی بووم و نە هیچ،

کەچی زوو زوو بە هەردوو دەست،
بەر سنگی خۆم ئەتەکێنم
لە دواییشدا و لە پڕێکدا،

لەبەردەمی وێنەیەکی هەڵواسراوتا
ڕائەوەستم، ڕائەمێنم... ڕائەمێنم

«وێنە، چوارچێوەی لائەدا و
وێنە، هەموو جلەکانی پارچە پارچە دائەکەنێ و
وێنە، هەنگاو هەڵئەهێنێ و
دێتە دەرێ و
تەنها و تەنها،
بە یەك دەرپێی کوڵی چەسپی سووربا‌وەوە،
لەبەردەمما ڕائەوەستێ!

لە ناکاوێ یەکێکیان دێتە هۆڵەوە،
منیش دووسێ جار ئەکۆکم،
تۆش جل لەبەر ئەکەیتەوە و
بێ ئەوەی ئاوڕ بەیتەوە،
بە پەلەپەل ئەچیتەوە ناو چوارچێوە!

حیلە، زۆرم بۆ ئەهێنێ
یاڵ ڕەپ ئەبێ،
گڕی شەهووەت، بڵێسەیەکی ئاگرە و
تێم بەرئەبێ!
ئەوسا ئیتر

چاوەکانم ئەنوقێنم،
« له پەنجەرەی خەیاڵێکی سوورباوەوە،

بە بێ خشپە، وەك بڵێسەیەکی بێدەنگ و
یا سکڵێکی زۆر گەشاوە،
بە دەرپێیەکی ڕەشەوە،
دێمە ژووری حەمامەوە

ئێستا بە تەنها چاوی خوا و
چاوەکانم وا بە ڕووتی، ڕووت و قووتیی
لە حەمامدا تۆ ئەبینن.
ئای خودایە چی ئەبینم؟!
بەژنێکی بەرز، ئەڵێی نوری سپی و تەڕە،
ئەوەتا وا، بە پێوەیە و سەرتاپایشی
هاڵاوێکی زۆر تەنکی ئەفسوناویی لێهەڵئەسێ،
پرچی زەردی نوساو بە شان و ملییەوە،

خاڵی پەپوولەیی سەر سنگ،
کەفێك بووە بە دەوەنی و
باڵی جووتە و وەك حەز بکا، هەر لەوێ بێ و
ئیتر نەفڕێ!



Scanned with CamScanner

لە پاش تۆزێ،
هەردوو باسکە نەرم و نۆڵ و سپییەکانی
بۆ لای سەری بچکۆلانەی هەڵئەبڕێت و
بە هێواشی... زۆر هێواشی،
هەردوو مەمی گوڵ بەدەمی،
قنج و قوتی، خۆی ئەگلۆفێ.
«لەم ساتەدا و لە تاواندا، دەستەکانم
وا خەریکن شێت ئەبن و

پەنجەکانم وا خەریکن یاخی بن و
لە عەزرەتا هەردوو مەچەك جێبێڵن و
بەرەو بناری مەم بفڕن!»

ئای خودایە، چی نابینم؟!
لە ناکاوێ، جامە ئاوێ،
بە سێ چوار جار تۆپەڵە کەفی سەر مەمك،
سەر کەفەڵ و سەر ناوك و، سەر بانەگا،
بەرەو بەرپێ ڕائەماڵن.
ئیتر هەرچی هێڵی سنگ و ڕان و
قەوسی سمت و خەت و خاڵی قۆڵ و سك و
توکە بەری نەرم و نۆڵی، تۆزێ لوولی بە بریسکەی
دەوروبەری سێگۆشەکەی کانی حەیاتی نێوانی

شلکەی ڕانی، ڕوون ئەبنەوە و دەرئەکەون!

سێگۆشەیەك سەر بەرەو خوار،
سێگۆشەیەکی ئەزەلیی،
تەلیسمێکی بەرجەستەی خوا.
سێگۆشەیەك هەرچی گۆشەی جوانی «بوون»ـە
لە درزێکی ناوەڕاستا جێی بۆتەوە و
لەوێشەوە ئەم ژیانە،
هەر هەڵدەقوڵێت و هەڵدەقوڵێ

سێگۆشەیەك سەر بەرەو خوار،
کە بە ڕووتیی تەماشای پیاو، کەوتە ناوی
ئیتر بینین گڕ ئەگرێت و ئەسووتێت و
لە دوای سووتان، خۆڵەمێشی ژیلەمۆیەك
لە ناو لەشیا بەجێدێڵێ!

من ئێستاکە... گۆشتی ئاگر،
ستوونەکەی ناوەڕاست و خوار ناوکم،
ڕاست بۆتەوە و سوور بۆتەوە و
دەرپێی کردووە بە چادر!
تەقەی جام و خوڕە خوڕی ئاو لەولاوە.
دانەوین و نوشتانەوە و هەستانەوەی

لەش و لاری پڕ ئارەزووی ئەو لەولاوە،
لە لای منیش
لە خوار ژووری ناوکەوە،
چەپۆکانی ئەسپێکی زۆر چەمووش و هار،
سمکۆڵانی گلاراوی،
چەخماخە دار،
هەتاکوو بێ هەر زیاد ئەکا.

وا ئێستاکە حیلەی ئەسپم
کورژنەکەی تەواو بەرزە و
سەری ڕەپی بە حەواوە و
خەریکیشە پشتی سەری
بدا لە بەرایی سکم!

چرکەساتێ و
ئاوێکی سارد ئەکرێ بە پشکۆی هەوەسدا و
چزەیەکی درێژکۆلەی لێهەڵئەستێ،
چرکەساتێ و
ڕەنگی ئاڵ ئەبێ بە ڕەنگی خۆڵەمێشی و
پۆپنەی کەڵەشێر ئەکەوێ بە لایەکدا و
ئاگرەکە ئەکوژێتەوە.
حیلە دائەمرکێتەوە.

هەناسە خاو ئەبێتەوە.

گلاراویی، جێگە بۆ ویقار چۆڵ ئەکا و
لە دواییشدا،
لە پەنجەرەی خەیاڵێکی شینباوەوە
وەکو هیچم نەبینیبێ و نەکردبێ،
بە ئەسپایی ئەچمە دەرێ

من هێشتا هەر چاوەڕوانم
لە هۆڵەکەدا دانیشتووم
بەدەم وتنەوەی ژێر لێوی
گۆرانییەکەی «ئەی نارەوە و ئەی یارەوە»
سەر هەڵئەبڕم،
لە پڕێکدا،
دوای گرمەیەك، دەرگای حەمام ئەکرێتەوە،

لەگەڵ هوروژمی هاڵاوێ،
بە سیمای پەمەییەوە،
بە بریقەی ڕوومەتەوە،
بە ڕۆبێکی سپی پشتێن بەرەڵلاوە،
کە چمکێکی لە ئەرز ئەخشێ،
دەزگیرانم دێتە دەرێ.



Scanned with CamScanner

لەم ساتەدا لە دڵی خۆمدا وا ئەڵێم:
خودایە کەی ئەو ڕۆژە دێ
سانسۆر لەمماڵەدا بمرێ و
بەم کەف و کوڵی جەستەوە،
لەگەڵ ئەودا...
بچمە ژووری حەمامەوە!

سلێمانی- مارتی ٢٠١٠



Scanned with CamScanner

## ئەفسانە!

ئەکەویتە دەستی «با»یەک
ئەتبا... هەتا
ئەو دەربەندەی
ئەسپەکەی «فەرهاد»ی لێیە و
سواری ئەبێ.
ئەکەویتە دەستی ئاوێک،
ئەتبا هەتا ئەو کەنارەی
گوڵەکەی «عوممان»ی لێیە و
ئەیکەیتەوە.
ئەکەویتە دەست مەقامێ،



Scanned with CamScanner

ئەتبا و ئەتبا، تا ئەو شوێنەی
کە لاوکی سووری لێیە و

تۆیش ئەیچڕی.
لەدواییدا ئەکەویتە دەست خەونێکیش،
ئەتبا و ئەتبا و ڕاناوەستی،
تا ئەو شوێنەی
کە مەملەکەتی سیحراویی
وشەی لێیە و،
ئەوساکە تۆیش،
بە حیلەی ئەسپ و بە ڕەنگی
گوڵی عەشق و
بە سووتانی شەوی لاوک،
جوانترین شیعر ئەنووسی!

سلێمانی- کانوونی یەکەمی ٢٠١٠



Scanned with CamScanner

# دارڕزان

له بێشەی ئەم نەخشەیەدا...
لەسەر دەرگای حەوشەی گورگ و
لەسەر دیواری دەرەوەی
ماڵی هەموو یەکانەکان...
لەسەر پشتی کەرکەدەن و
لەسەر تەوێڵی تیمساح و
لەسەر کەپوی چەقەڵەکان،
بە گەورەیی
بە قاوەیی،
لێیان نووسراوە: ئازادی!



Scanned with CamScanner

لە بێشەی ئەم وڵاتەدا،
لەسەر یەك بە یەکی قوللەی
قەڵای هەموو دڕندەکان،
لەسەر گەردنی نەهەنگ و
لەسەر خورتومی فیلەکان،
بە گەورەیی و بە نارنجیی
هەر هەموو لێیان نووسراوە:
دیموکراسی!

لەم جەنگەڵی مێژووەدا
لەسەر قنگی سووری مەیموون،
لەسەر قەپۆزی گەماڵ و
لەسەر کەفەڵی ورچەکان،

بە گەورەیی و
خەتی سپی،
هەر هەموو لێیان نووسراوە:
دادپەروەریی!

بەڵام هەموو بەیانییەك، ئێمە
لەبەر دەرگای ماڵەوەدا و



Scanned with CamScanner

لە سەرەڕێی هاتووچۆدا،
کە ئازادیمان تووش ئەبێ،
ئەڵێی کەڵەشێری شەلەو،
دەنگ نووساوە!

کە دیموکراسیمان تووش ئەبێ،
ئەڵێی مامزی ترساوە و،
دەم بەستراوە!
کە دادپەروەریش ئەبینین،
هەر پەڕ و ئێسکێکی ڕووتە و
بە چوار لادا،
«با» ئەیانبا و
جەستەیش لە شەودا خوراوە!

سلێمانی ٢٠٠٩ - ٢٠١١



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## مل

ملم دێشێ،
چەند ڕۆژێکە ملم دێشێ
ئازارێکی بازنەیی
ئەڵێی... ئەڵقە پشکۆیەکە و
ئۆقرە ناگرێ و
داناسەکنێ و لە گەرووما
دێت و دەچێ!
ملم دێشێ،
وتیان: ڕەنگە وابێ و وابێ...
زۆر شتیان وت،
لە سەرماوە، بۆ وەرگەڕان...
بۆ گۆڕینی بالیفەکەم...



Scanned with CamScanner

بۆ ئاورێکی زۆر خراپ...
بۆ ترازانی جومگەیەك،
وتیان... وتیان
وتم ئەوانە هیچیان نین
هەبێ و نەبێ،
ئەم ڕۆژانە
لە ڕۆژهەڵاتی ملمدا و
لە ژوورێکی سێدارەدا و
لە «تاران»دا
دیسانەوە... ئەڵقەی پەتێ
بە دەم ژانی بایەکەوە،
ئێستە لەوێ... دێت و دەچێ،
چاوەڕوانی چەند «مل»ێکمە،

ملی شیعرم،
ملی گۆرانی و مۆسیقام،
ملی گوڵم،
بۆیە منیش وا لێرەوە،
ئێجگار.. ئێجگار
پەرێشانم و
ملم دێشێ!

سلێمانی ٢٠١١/٢/١٠



Scanned with CamScanner

## ئاپوورەی تووڕە

«شیعری جەماوەری»

(بۆ هەزاران خۆپیشاندەری بەر سەرای ئازادی
و خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی پێشکەشە)

لەناوتاندام
ئێوە کێڵگەی گوڵەبەڕۆژەن و منیش
کانییەکم لە دڵتاندام... لەگەڵتاندام،
وەك هاواری پڕ لە پشکۆی
بەر «با»ی خەمتان، لە دەنگتاندام،



Scanned with CamScanner

چون شەپۆلدانەوەی جەستە و ئاڵاکان و
دروشمەکانی ناو دەست و تووڕەبوونی
سەر و ملتان، لەناوتاندام، لەگەڵتاندام،
چون گوڵی ژاڵەی برین و ئەرخەوانی زامەکانی
حەڤدەی شوبات، لە تەکتاندام،
لەناوتاندام،
وەك بولبولێ لەناو گەڵا و
لق و پۆپی باخچەیەکدا، لەناوتاندام،
وەکو دەنگێك لەناو گوڵە شەست پەڕێکدا،
وەکو وشەی خۆشەویستی
لەناو نامەی دڵدارێکدا، لەناوتاندام،
وەك پەنجەتان لەگەڵ دەست و مەچەکتاندام،
لەگەڵتاندام،

ئێوە گۆم و دەریاچەن و
منیش بەلەمێکی سپی و لەناوتاندام،
لە یەك کاتدا،
ژن بن، پیاو بن
ناوی هەر یەکێکتان ناومە،
لە یەك کاتدا،
گەنج بن، پیر بن
چاوی هەر یەکێکتان چاومە،

لەم ڕۆژەدا و
لە یەك کاتدا،
من ئیسلام و مەسیحیم و ئێزدیم و
بەهائیم و، خوداش هاوار ئەکا و ئەڵێ:
دین بە تەنها هەر بۆ منە و

کوردستانیش وەك نان و ئاو،
بۆ ئاپوورەی هەمووتانە.
لە یەك کاتدا،
سەرم سەری کرماشانە و
شان و ملم، شان و ملی «قامیشلو»وە و
لە یەك کاتدا،
«ئامەد» سنگمە و
«کەرکووك» دڵمە و
«گەرمێن» قاچمە و
«سلێمانی»یش چاوەکانمە،
ئەز وا هاتووم
من نسێ و ئێوە هەتاون،
هەر ئەمڕۆش بووم بە کڵپەیەکی کەرکووك و

حیلەی ئەسپی مامە ڕیشەم لە ناو باهۆزێکی
سووردا بۆ هێناون.



Scanned with CamScanner

لە کەناری وەنەوشەیی ئەڵوەندەوە،
هەناسەیەکی سووتاوی
خانەقینم بۆ هێناون،
لە سەرێشڕا پەڕی تاوسی «لالش» و
هەوری سەر شانی «شنگار»م بۆ هێناون،
لەناوتاندام، لەبەر سەرای ئازادیدا و لە باخچەکانی
زانکۆدا،
لە ڕیزتاندام،
ڕیزێ کە (بێکەس)ی تیایە و (حیلمی) تیایە،
ڕیزێ کە (عەبدولخالق مەعرووف) و
چریکەی (دیلان)ی تیایە،

پرچی (سنەوبەر)ی قەڵادزێ و پرچی
(لەیلاقاسم)ی تێدایە،
لە ڕیزتاندام
لەناوتاندام،
تا ئەوپەڕی هاوار بڕۆن، لە دەنگتاندام،
چاوەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەم،
کوێراییان داهاتووە،
ئەم دارستانی خەڵکە نابینن!
جۆگەلەی خوێنی سەر جادە و مانگی سووری
هەڵهاتووی سەر سلێمانییەکەم نابینن!



Scanned with CamScanner

کوێراییان داهاتووە،
کراسی سوور... چاکەتی سوور
شەڕواڵی سوور... گۆرەوی سوور

پانتۆڵی سووری بەر شاری
سەد جار قوربانیم، نابینن.
گوێچکەکانی دەسەڵاتی وڵاتەکەم
کەڕ و لاڵن،
دەنگی ئەم خوێنە ڕژاوەی جەستەی من و
جەستەی شیعر و... جەستەی باخچە و
جەستەی شەقامم، نابیسن
هیچ نابیسن،
دەنگی بەرد و دەنگی دار و
زریکەی دەرگا و پەنجەرە و
قیژەی ڕۆژنامە و گۆڤار و
هاواری کراسی ڕەش و زایەڵەی ماڵ،
زایەڵەی کۆڵان و جادە و... هیچ نابیسن،

لەناوتاندام... لە ڕیزتاندام،
تا ڕاوەستن... شیعری منیش
لەگەڵتاندا ڕائەوەستێ،
وەختێ بڕۆن... شیعری منیش



Scanned with CamScanner

لەگەڵتاندا هەنگاو ئەنێ.
ئەو وەختەی دەنگتان هەڵبڕی
شیعری منیش دەنگ هەڵئەبڕێ،
ئێوە نەبن... شیعر چییە؟
ئێوە نەبن... شێرکۆ چییە؟
لەناوتاندام... لەڕیزتاندام... لەگەڵتاندام.

سلێمانی ٢٠١١/٣/٣



Scanned with CamScanner

## دەنگ*

شان بە شانی دەنگی زەریا
دەنگتان ئەڕوا،
بۆ هەر شوێنێ... گوێچکەی خەم و
گوێچکەی داد و... گوێچکەی حەقیقەتی لێبێ،
دەنگتان ئەڕوا.
لەناو گڤەگڤی زامدا،

---

* بۆ یەکەمجار ئەم شیعرە بەناوی "سۆنامی"یەوە لە ڕۆژنامەی ئاسۆی ژمارە ١٤٣٤ لە مانگی مارسی ٢٠١١دا بڵاوکرایەوە. سەرەتای هەڵگیرسانی شۆڕشی لیبیا بوو. شیعرەکەم پێشکەش بە شۆڕشگێڕانی ئەوێ کردبوو. بەڵام بە دڵی خۆم نەبوو. بۆیە دواتر دەستکاریم کردەوە و هەوڵێکی ترمدا بۆئەوەی جوانتری بکەم.



Scanned with CamScanner

تا ئەوپەڕی باوبۆرانی
شەوی هەژارانی دنیا،

تا ئەو سەری
نەخشەی ئازار و ئازادی،
تا تخووبی ڕەنگی ئەرخەوانیی چیا و
بەرەو کەشکەڵانی سەرێش،
هەتاکوو لای ڕەنگی سپی
عەرشی خودا،
دەنگتان ئەڕوا!
دەنگی ئێوە،
هاواری زامە لە وەخی ڕاپەڕیندا،
تووڕە تووڕە «با»یە و ئەدوێ،
تیشکە و ئەڕوێ،
لمە و خوێن لە کەناری دێ،
بیابانە و کاژی مردن فڕێ ئەدا و

ڕائەچڵەکێ...
خۆڵەمێشە و دیسانەوە
ئەبێتەوە بە بڵێسە و
لە دیرۆکێکی تازەدا... دائەگیرسێ!
ئەی باکووری ئەفریقا!



Scanned with CamScanner

لە دەنگتاندا، منیشی تیام
بە خۆم و کۆڵێ ئاوێنەی وردوخاشی
هەڵەبجەوە،
بە خۆم و کۆمەڵێ تیشکی برینداری
ناو چاو و دەست و پەنجەوە،
منیشی تیام،
لەهەر شوێنێ... لای ئێوەبێ
لەسەر شەقامی «بورقێبە» و
لە باخچەکانی «شابی»دا،

منیشی تیام.
کەرکووکم و
ئامادەم و
من وا لەوێم.
دەنگتان ئەڕوا!



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## فایەق بێکەس
## ئەگەڕێتەوە بەر دەرکی سەرا

دە ساڵ جارێ
بەر لە نەورۆز،
باوکم مۆڵەتی دووسێ ڕۆژ
لە خوای گەورە وەرئەگرێت و
ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ،

بۆنی باوکم وەکو بۆنی
خۆشی مۆرد و
بۆنی نێرگز،



Scanned with CamScanner

دوور دوور ئەڕوا،
بۆیە ئیتر،
وەختێ زانیمان وا ئەگا
هەموو ئەچینە بەردەرگا

دایکم پۆشاکە کوردییەکەی لەبەر ئەکا،
بەڵام شەرم و سەرپۆشەکەی
لەژوورەوە فڕێ ئەدا،
هەموو ئەچینە بەردەرگا،
خوشکەکانم وەکو ئەستێرەی سەوز و سوور،

بەناو یەکدا دێن و دەچن،
ئەیکەن بە گۆرانی و سەما،
لە سیلەی کۆڵانیشەوە،
وەختێ باوکم دەرئەکەوێ،
چاومان لێیە
قاتێکی سپی لەبەردا و
هەڵاڵەیەك بە دەستییەوە و
چەند بولبولێك لەسەر شانی
نیشتوونەوە.
شان بە شانیش، ئەرخەوانێ
لەگەڵیایە و ورد ورد ئەڕوا،



Scanned with CamScanner

باوکم ئەگاتە بەردەرگا،
لە خۆشییا،
دایکم «هەلهەلە» لێئەدا،

هەلهەلەکان زۆر درێژن،
تیاشیاندایە تا ئەوپەڕی گەڕەك ئەڕوا،
دایکم لە ڕەشە ڕێحانەی
ناو حەوشەکەی خۆمانەوە،
سێ چوار پەلکی پێشکەش ئەکا،
ئێمەش بە ماچ و بابە گیان،
بە تریقە و بە قریوە، دائەپۆشین

لە پاش تۆزێ
بە بولبول و ئەرخەوان و
بە هەلهەلە و بە شیعرەوە،
هەموو ئەچینە ژوورەوە،
باوکم هەر لەسەر کورسییەکەی جارانی خۆی
دائەنیشێ،

لەپشت سەریەوە ئەرخەوان،
وەکو بووبێ بە پاسەوان،
ڕائەوەستێ،

دایکم ڕووی تێئەکا و ئەڵێ:
فایەقە فەندی! لاواز بووی
زۆر لاواز بووی،
وەکو توابیتەوە وایە!
باوکم ئاو ئەزێتە چاوی و
لە دواییدا بە گوڵێکی دار ئەرخەوان،
چاوی ئەسڕێ و
ئینجا ئەڵێ:
- بۆ مەراقی کورد ئەهێڵێ؟!
شەفیق! لەوێش خەمی ئێوە،

وەکو سەیوان لەگەڵمایە،
شەفیق! لەوێش،
لە مەملەکەتی خودایشدا،
ئەم کوردستانە تەنیایە!
ئەزانی چی؟
ئەو شەوانە دوو قوربانیی
زۆر گەنج و قۆز،
بوونە هاوسێم،
لە نووکەوە، لە حەڤدەی دووی گوڵاڵەوە،
چی ڕووی دابوو، هەموویان بۆ گێڕامەوە!
شەفیق! من هەر بە ناو لەوێم،



Scanned with CamScanner

بەڵام بە جەوهەر و بە ڕۆح... بە دەنگ،
عەشق و شیعر و خەیاڵاتم،
وا لەبەر دەرکی سەرایە!

باوکم تۆزێ بێدەنگ ئەبێ،
لەدواییدا،
داوای قەڵەم و کاغەز و لاستیکی خەت کوژانەوە و
قەڵەم داداتمان لێ ئەکات.
ئەوسا ئیتر من هەڵئەسم
ئەوەی داوای کرد ئەیهێنم،
دایکم ئەڵێ:
فایەقە فەندی! بۆ ئێستاش
شیعر ئەنووسێ؟!

باوکم ئەڵێ:
- ئەی چۆن شەفیق؟! بۆ نازانی
کە لەو دنیایش،
خودایش بە بێ شیعر ناژی؟!

باوکم دەست ئەکا بە نووسین،
ناو بە ناوێ دار ئەرخەوان
شتێکی بیر ئەخاتەوە،

هەر ئەنووسێت و ئەنووسێ،
چوار پێنج پەڕە تەواو ئەکا،
لە دواییدا قەدیان ئەکا و
ئەیانخاتە بەر باخەڵی،

لە پڕێکا، باوکم هەڵئەسێتە سەر پێ،
دایکم ئەڵێ:
ئەوە بۆ کوێ باوکی شێرکۆ!
ئەوەندە نابێ گەیشتی،
ئاخر بۆ کوێ؟
- شەفیق! ئەڕۆم ئەبێ بڕۆم،
بۆ بەر سەرای جارانی خۆم،
بۆ ناو ئاپوورەی ئازادی،
دوای هەشتا ساڵ
دیسانەوە وەتەنەکەم،
شیعرێکی تازەی پێ نووسیم!
ئاخر شەفیق!

ئەو بەر سەرای ئازادییە،
بێ (فایەق بێکەس) چۆن ئەبێ؟
ئەبێ بڕۆم
شیعرەکەی خۆم بخوێنمەوە،



Scanned with CamScanner

شەفیق! تۆیش ئەبێ بێی
لە بیرت چوو؟!
«مەلیش بە باڵێ نافڕێ!»
ئەبێ بڕۆین... هەموو بڕۆین،
بە منداڵ و بە پەپوولە و
بە شیعرەوە،
هەر ئا ئێستا،
بۆ بەر سەرا!

سلێمانی- نیسانی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ئادان*

لەو بەفر و با و بۆرانەدا،
کە شاعیرەکە ڕەق بۆوە،
لە باخەڵیا،
قەسیدەیەکیان دەرهێنا،
ئەتگوت ئاگرە ئەسووتێ!

***

* ١- ئادان: زەوی بە پیت و بەرەکەت و ئاوەدان.
٢- لە وەختی ئامادەکردنی ئەم دیوانەیشدا جارێکی تر بەم شیعرانەدا چوومەتەوە و گۆڕانێکی زۆریان بەسەردا هاتووە و پارچەی تازەیشیان تێکەوتووە.

ئەوەندەی «با» لە ئارامی و هێوریدا،
شاعیرێکە نەرم و ڕووخۆش،
کەچی وەختێ تووڕە ئەبێ،
جەللادێکە وێنەی نەبێ

***

دیسانەوە
چاوەڕێی چی ئەکەیت مێژوو؟!
وا لەم دووڕیانی شارەدا،
شپرزە و دڕدۆنگ وەستاوی،
چاوەڕێی کێ ئەکەیت مێژوو؟
شەڕ یان ئاشتی؟

ئێمە هێشتا کراسە بەدبەختەکانی
شەڕی ناوخۆمان دانەکەندووە... مێژوو!

ئێمە تازە لە ناشتنی بەهارێکمان
گەڕاوینەتەوە... مێژوو!
دیسانەوە بەتەمای کام کۆستی مێژوو؟

***

تا زەردەواڵەیەک ئەمرێ،
سەد هەنگ و سەد...



Scanned with CamScanner

پەپوولەی عەشق لەناو ئەچێ!

***

شەفافە وەکو چاوی خوا،
کلووت بباره بەفر! بباره!
زۆر دەمێکە لەم غەریبی تەمەنەدا،
بۆر ئەچمەوە، زۆر دەمێکە،
من نەگەڕاومەتەوە بۆ لای منداڵیی!
بباره بەفر! بباره!
بەهار لەگەڵ شیعردا ڕێک ناکەوێ،
لە بەهاردا شیعر زەق و زووپ ئەنوێنێ،
زوو خۆی ئەدا بە دەستەوە،
نهێنی تێدا نامێنێ،
بەهار لەگەڵ شیعردا ناگونجێ،
ئەوە تەنها هەر پاییزە
وا لە شیعر ئەکات کە درەنگ درەنگ دەرکەوێ،

کە دەریش کەوت،
هەزار هەزار لێکدانەوە،
بۆ ئەو دەرکەوتنەی بکرێ!

***

جارناجارێ
کە هەندێ وشەی یاخیبوو

ئەچنە پاڵ یەك.
ڕیز ئەبەستن
بە یەکەوە هاوار ئەکەن،
ئەتوانن ئەم سەرزەمینە بلەرزێنن،
جارناجارێ

***

ئەو ڕۆژەی عەشق
باوەشێکم پێدا بکات،
من بۆ شەوێ لەناو شیعرا،
لاولاوێکم، لە سەد لاوە
لاسک... لاسک
دائەگیرسێم!

***

هەمووجار بەر لە گوڵەکان،
دڕکەکان سەر ئەکەن بە پەنجەکانما،
ئەمەیش گوڵەکانی فێر کردووە هەتا،

بۆنی خوێنی پەنجەم نەکەن
بۆنی خۆیانم نەدەنێ!

***

من بڕوام بە «با» نەماوە،
چیتر جێی متمانەم نییە،



Scanned with CamScanner

چونکە هەموو جارێ کە شاخ
نامەیەکم بۆ ئەنێرێ،
وەختێ ئەگاتە دەستی من،
زەرفی هەورەکەی دڕاوە!

***

ئەی ژن!
بە ڕاست یەکسانبوون،

قەرەبووی ئەو هەموو غەدرانە
ئەکاتەوە
کە پیاو لێی کردووی؟!

***

ئەو شەوە لە ناو قامیشەڵانێکدا
ئەستێرەیەکی مەستیان بینیبوو،
بە دەم شمشاڵ لێدانەوە،
بە ڕووتیی تا بەیانی لەبەردەم
مانگە شەوێکدا، سەمای کردبوو!

***

لەم وڵاتەدا، کۆڵکێشی ئەشکەنجە
ژنن!

دێن و دەچن و لە نێوانی چوار دیواردا،

درێژترین ئازار ئەبڕن،
لە دواییشدا،
هەر بەو کۆڵەیشەوە... ئەمرن!

***

کە ئێوە منتان کردبێ بەم باخچەیە،
ئەشبێ بۆ تەماشاتان، باڵندە و
بۆ دەموچاوتان، ئاوێنەی ئاوی ڕوون و
بۆ جەستەتان، گەڵا و گوڵ و
بۆ هەنگاوتان، چاوەکانی ئایندە بم!

***

بە چڵی دارسێوێ نووسیم،
باخی سێو بوو بە دیوانم.

بە پەڕی نەورەسێ نووسیم،
ئاسمانێ بوو بە دیوانم،
بەڵام وەختێ،
بە پرچی ئەو کچە نووسیم،
ئایندە بوو بە دیوانم.

***

ئەی «با» وا مەکە
تۆبەم پێ بکەیت،
ئیتر نەتدوێنم!

ئەو وەختەی دێم و شیعر ئەڕوێنم،
تۆ پەیدا ئەبی و
چنگێ خۆڵەمێش
ئەکەی بەسەریا،

بۆیە هەموو جار منیش ناچارم
لەباتی باران
بگریم بەسەریا!

***

ئەو شەوە لەو گوندە و
لەو شاخە،
«مانگ» هێندە هاتبووە خوارەوە،
ئەمبینی کراسی تریفەی لە گۆمدا
لەرەی دێ و،
خەرمانەی قژیشی لە باخدا،
سەرەو ژوور، با ئەیبا!

***

هەموو جارێ هەر وائەڵێم:
ئەم شیعرەیان نا ئەویتر،
سەرئەکەومە سەری سەرێ،

ئای خودایە! ئەم ئاسمانی ناو زمانە،



Scanned with CamScanner

چەندە، چەندە، چەندە بەرزە،
خۆ من هێشتا وام لە خوارێ!

***

لە ئێستەدا
من، لە ناخما کچێك هەیە،
پڕی کردووم لە ئەوین و لە ئایندە،
ئاخر بۆیە باکم نییە،
بە مێژووم و بە شیعرەوە
هەموو دوێنێشم بکوژرێ!

***

بە ڕۆژ لەسەر ئەم جادانە،
من، خەونی مردوو ئەژمێرم!
ئاخر بۆیە پەشیمانم
لەوەی کە ئەچمە دەرەوە و
بەردەوامیش،
ئەبێ چاو بۆ شەو بگێڕم!

***

بە پەڕەموچێك ئەمنووسی،
«پەڕە»کە هی تووتییەك بوو،
وەختێ کە چوومە ناو وشەی
«ئاسمان»ـەوە،
هێندەم زانی



Scanned with CamScanner

پەڕ لە نێوانی پەنجەوە،

هاتە دەرێ و
ئەویش بەرەو
ئاسمان فڕی!

***

کە «جەلالەدینی ڕۆمی»
«مەسنەویەکان»ی خۆی نووسی،
یەکەم «دەنگ» دەستخۆشی لێ کرد
یەکەم «دەم»یش کە ماچی ناوچەوانی کرد،
«دەنگ و دەم»ی
خودا خۆی بوو!

***

لە ناکاوێ
بایەکی کەتە و زەبەلاح،
لەو کەژەوە تلۆر بۆوە
لە ڕێ، چەندین نەونەمامی خۆزگە و
چەندین کانی هیوای شێلا،
وەختێ گەیشتە خوارەوە
لە کەندێکدا،
بێدەنگی و خامۆشی، کوشتی!

***

هەڵقرچێ! عەشق، هەڵقرچێ!
بۆ ئەوەی لەبەر ڕووناکیی بڵێسەتا،
هەموو شەوێ،
شیعرێکی نوێ لە دایك بێ!

***

چوومە «لالش»
لە دوای سەردانەکەی ئەوێ
هەموو شەوێ،
«مەلەك تاوس»
دێت بۆلام و
بۆ فڕینی تازەی وشەم،
پەڕێکی باڵیم ئەداتێ!

***

لەو دەشت و دەرە
کۆتر بە گمە کردن
خۆشەویستیی... بڵاو ئەکاتەوە...
ئاسك بە باڕژن... ئاو دڵنیا ئەکاتەوە،
ئەسپ بە کوڕژن... ورەی دارستان بەرز ئەکاتەوە،

بە شەویش کاری «گوڵ ئەستێرە» ئەوەیە،
ماڵی هەموویان ڕووناك کاتەوە!

***



Scanned with CamScanner

سەرینی مانگ... گەواڵە هەورە،
سەرینی هەور... دوندی چیایە،
سەرینی چیا... تریفەیە،
بالیفی تریفە... هەوایە،
بالیفی هەوایش... شینایی ئاسمانە،
بالیفی ئاسمانیش... ڕانی خودایە،
بالیفی خودایش... هەموو گەردوونە!

***

هەرچی پارویەك کە ئەیخۆم
وا هەست ئەکەم،
کە هەناسەی هەژارێکی لەناودایە!

***

هەر جارێ ئەنفال ئەبینم،
خەرەندەکانی برینی
چەندە قوڵن و
شیعری منیش چەند تەنک و
چەند بچووکن،
ئەوسا ئیتر
ئەوق ئەبم و
لاڵ ئەبم و
بە خۆم ئەڵێم: کوا شاعیرم!

***



Scanned with CamScanner

دەسرێژێك و
ڕیزێ کونیان کردە لەشی و
بەلادا هات.
ئازادی هەڵیگرتەوە و
ئا بەو جۆرە،
بۆ جەژنەکانی سەری ساڵ،
شەهیدێکمان
بوو بە شمشاڵ!

***

ئەمڕۆ هەست ئەکەم من تەنیام،
وەك ئاخر ڕۆژی پاییز و
چون شارەکەم، دوای ناشتنی
ئاوازێکی گەنجی تەنیام.
ئەمڕۆ هەموو شت تەنیایە،

وەکو غەریبی دایکم و
چون پەیکەرەکەی باوکم و
چون لاشەی قوربانییەکی... نەناسراوییش،
تەنیا و تەنیام!

***

ئەمڕۆش هەست ئەکەم دڵم خۆشە،
وەك مەلێ لە بەرزترین فڕینی خۆیدا،



Scanned with CamScanner

چون درەختێ لە سەوزترین پۆشاك و،
چون بارانێ لە بەتاوترین داکردنی خویدا!
ئەمڕۆ هەست ئەکەم دڵم خۆشە،
خۆ نە دەستم
نامەی خۆشەویستێکی پێگەیشتووە،
نە چاوم دایکمی دیوە،

نە گوێم مژدەیەکی سەوزی بیستووە.
بەڵام ئەمڕۆ دڵم خۆشە،
تەنها و تەنها لەبەرئەوەی
پەنجەکانم شیعرێکی جوانیان نووسیوە.

سلێمانی- نیسان و مایسی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## دایکم

دایکم... هەر لەوێیە... دایکم
لەوە ئەچێ
بووبێ بە کرێچی پاییز.
بە شۆڕەبی سەر لەرزۆکی
کەنار چۆمێ، لەوێ دایکم.
دایکم... هەر لەوێیە دایکم.
من ئەزانم ئەمێستاکە
لەناو بوولێڵی غوربەتدا
بووە بە ئاو،
ڕەنگی بێڕەنگیی گرتووە...
بۆنی بێبۆنیی گرتووە،



Scanned with CamScanner

«تەنیایی» بووە بە کچی و
«نامۆیی» بووە بە کوڕی و
تازە نایەتەوە دایکم!

***

وەختێ پیریی بە گۆچانەکەی دەستێوە
خاو خاو دێت و وەکو خەونێکی زەردەڵە
پەیدا ئەبێ و هەناسەسوار، هەر وەك دایکم،
لەسەر سەکۆیەکی پاییز دائەنیشێ،
تەزبیحەکەی لە باخەڵی سوخمەی مۆری
دەرئەهێنێ و چاو ئەبڕێتە گەڵای بەر پێ.
لەو ساتەدا هەوای وەشتێ، بۆن و بەرامەی
یادگار، لە بیرەوەری دوورەوە، زۆر دوورەوە،
بۆ ئەو دێنێ. بە بێ ئەوەی پێبزانێ،
زەردەخەنەیەك ئەیگرێ و، بە بێ ئەوەی پێبزانێ،
چەند دڵۆپێکی سەرگەردان دێنە خوارێ و
خەو تەڕ ئەبێ،
ئەو هەڵناسێ،
تا ئەو کاتەی زەردەپەڕی دەستە خوشکی
دەستێ ئەخاتە سەر شانی و تا ئەو ساتەی،
بە برووسکەی پەڵە هەورێ، هەڕەشەکەر،
دائەچڵەکێ!

سلێمانی- کۆتایی مایسی ٢٠١١

# گۆرانیی

ئەو باخە دەنگی زۆر خۆشە
بەتایبەتی وەختێ گۆرانیی بۆ خەمی
پاییز ئەڵێ،
ئەو ئاوە دەنگی زۆر خۆشە
بەتایبەتی وەختێ گۆرانیی بۆ گوڵی
کەنار ئەڵێ،
ئەو مەلە دەنگی زۆر خۆشە
بەتایبەتی وەختێ گۆرانیی بۆ کۆچی
سووری ئەڵێ،



Scanned with CamScanner

بەڵام لە هەموو، هەر هەموو، زۆر دەنگ خۆشتر،
ئەو کچەیە،
بەتایبەتی گۆرانیی بۆ کوڕی خەون و
سووتانی عەشقی خۆی ئەڵێ!

پاییزی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

## بوومەلەرزە

ژنێکی کەرکووکیی ئەیوت:
وای... خودایە لەو باکوورە،
لەوێ بچینەوە بە گژ
چەند دارستانی قەمە و، چەند
جەنەڕاڵی کارەسات و مەرگا، لەوێ؟!
منداڵێکی «وان»یش ئەیوت:
ئای خودایە!
ئێمە قەت نەمان ئەزانی و
خەیاڵیش هەر نەیئەزانی
ڕۆژێك ئەبێ



Scanned with CamScanner

لە یەك کاتدا، لە سەرەوە ئەوان

بە سواری زرێپۆش بێن و
لە ژێرەوەیش،
تۆ بە سواری بوومەلەرزە!

سلێمانی ٢٠١١/١١/١١



Scanned with CamScanner

# دووکەڵ

من لەسەر دڵی بولبولێ،
توتڕکێ بوو بە نەیارم.
من لەسەر لقی درەختێ،
تەورێ هاتە سەر نزارم.
لە دواییشدا،
من لەسەر ئازادیی ژنێ،
هەرچی خێڵی چەقۆ هەیە،
پەلاماری شیعریان دام و
لەو ڕۆژەوە،
دووکەڵی ناو مێژوویەکی
تار و مارم!

سلێمانی- کۆتایی ٢٠١١

Scanned with CamScanner

## ئاوی شیعری جوان

هەموو جارێ
دوای دوا دیوان،
دوای ئەوەی وەك
حەوزێکی خاڵی حەپەساو،
خەریکم بۆ قەترە شیعرێ
سوێم بێتەوە،
من ئەوساکە
ئەی ژنەکە!
لە هەر شوێنێ بم... ئەبێ هەر
بگەڕێمەوە بۆلای تۆ،



Scanned with CamScanner

تۆ تەنها ئاسمانی منی،
کە بەسەرما دابکەیت و
دیسانەوە
ڕپمکەیتەوە لە ئاوی
شیعری جوان جوان...!

سلێمانی- کۆتایی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

## دیمەنەکان

هەندێ جار شیعرم درەختە،
هێشووی مانگەشەو ئەگرێت و
هەندێ جار شیعرم کچێکە،
پەری خەون و
عەشقی هەموو شاعیرێکە و،
هەندێ جار شیعرم قوربانیی
دەنگی سووری
سەر شەقامی مێژوویەکە و،
هەندێ جار ئەبێ بە شاخ و،
هەندێ جاری تر بە باخ و،



Scanned with CamScanner

گەلێ جاریش،

شیعری من، ئەو بێ کارەیە
وەختێ ئەچێتە ناو بازاڕ،
چاو ئەگێڕێ و حەزی لە هەزار خۆزگەیە و
تف قووت ئەدا و
بەڵام هیچی بۆ ناکڕێ و
لەدواییشدا،
پارەی پاسیشی پێ نییە،
تا بچێتەوە بۆ ماڵێ
شیعری من، ئەو هەژارەیشە!

سلێمانی- کۆتایی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

## پەروانە

- شیعری گۆرانی -

حیکایەتی جانانەیە
وەختێ کە شەم ببێ بە زام،
زام بە شار و
شار کەرکووك و
ئەوسا ئیتر،
ئازار بەدەوری کەرکووکدا
پەروانەیە.
حیکایەتی جانانەیە

***



Scanned with CamScanner

ئەوەتەی ئەم عەشقە هەیە،
زێڕی ڕەش ئەدا بە دونیا و
چرا ئەبەخشێ بە دەرێ و
کەچی بۆخۆی، ناوی شەوە و
ناونیشانی تاریکییە.
ئەوەتەی ئەم عەشقە هەیە،
ڕێبوارێکی ڕەش و ڕووتی
ناو هەژاری و ئەشکەنجەیە!

***

خەم کەرکووکە و کەرکووك خەمە،
بەڵام خەمێ، گوڵ دەرئەکا و
خەمێ، کە سەر نەوی نەکا
بۆ ڕەشەبا و لە دونیای ڕق و کینەدا،
شەقام شەقام،
خۆشەویستی بەرپا ئەکا!

***

تۆ کەرکووکیت،
پێناسەت، ئاگرە و برین
لە ئاگردا قەقنەسیت و
لە بریندا پێکەنینی
باخچەی ئەوین.
تۆ کەرکووکیت، هەموو جارێ



Scanned with CamScanner

لە خۆڵەمێشی خۆتەوە تۆ دێیتەوە و
ئەبیتەوە بە باڵندەی باڵ بەرینی
سەر ئازادی و ناو ڕاپەڕین،

داستانێکی سەدەی نوێیە
ئەوەی تۆ دیت،
هێندەت بەسە کە کەرکووکیت!

سلێمانی ٢٠١٢/١/١٧



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## کورتەی مێژوویەك

بۆ یەکەمجار کە «پیاو» قامچی دروست کرد
تاقیگەکەی بۆ زاووزێی شەوی ئازار،
جەستەی «ژن» بوو!

بۆ یەکەمجار کە ژنیش وێرای بڵێ «نا» و
قیژەکانی کەوتنە سەر پێ،
وەڵامی «پیاو»
لای داری نێر و لای مێژووی سمێڵدار و
لای جامانەکەی شەرەف و
جەڵدەکانی شەریعەت بوو!



Scanned with CamScanner

لە دواییشدا ئەو وەڵامە، وەکو ئاسن کە گەورە بوو
ئەمجارەیان لەگەڵ پەنجەی تاوان و سزای خوێناویی
دیرۆکێکی بێ خودادا،
لەسەر جەستەی ژنی یاخی و سەری ئازاد،
دەستڕێژی ڕق و تۆڵە بوو!

سلێمانی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

## کتێب

کتێبێ هەبوو لە گۆمی «ورمێ» ئەچوو،
لاپەڕەی شەپۆلی «شین» و
وشەکانی وردەماسی و
بەرگی لە «گوڵ ئەستێرە» بوو!

ئێوارەیەك کتێب گیرا و هەر بۆ شەوێش لە دار درا،
تەم وایزانی گۆم ئیتر مرد،
ئاوی کتێبیش وشکی کرد،
بەڵام ئەمە قەت وا نەبوو،
وەختێ کە بای وەشت هەڵی کرد،
بوو بە ساڵاو



Scanned with CamScanner

کاتێ جەللاد تەماشای کرد،
هەر گۆمە و گۆمی لێ ئەزێ و
لەجێی یەك کتێب، سەد کتێب،
لە هەناوی ئەم خاکەوە سەر دەردێنێ و،
ژمارەی وشەی لاپەڕەیش،
هێندەی ژمارەی نێرگز و
پەڕەی گوڵاڵە سوورەیە و
مەگەر هەر خودایش بیژمێرێ!

سلێمانی- مارتی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

## ئەوەی بۆ خودایە و
## ئەوەی بۆ خاکە

بەدەم بریسك و هوڕەوە
شەبەنگێکی ئاسمان ئەیوت:
تیرێژ و پەنجەرەی ئایین
بۆ ماڵی خوا...
(نەفخی سوور) و (ڕۆژی حەشر) و (قیامەت) و

بەردەم دادگای ئەو دونیا،
هەر بۆ لای خوا...
کافری ناو نێڵە نێڵ و



Scanned with CamScanner

ئیمانداری ناو کەوسەری بەهەشتەکەی
(غیلمان و حور)،
هەمووی بۆ خوا و لە لای خودا و،
لە دواییشدا
هەموو ئەبین بە شۆڕەبی کڕنووش بردووی
حوکمەکانی
بەردەمی خوا!
بەردێکی سەر ئەرزیش ئەیوت: ئایین و ئایینزا بۆ خوا و
نیشتمان وەکو نان و ئاو
بۆ هەمووان!
بۆ هەر هەموو:

لە تۆی منارە و قوببەوە
لە دەوری بەردی کەعبەوە،
تا ئەگاتە لای مەسیح و سەر خاچەکەی،
تا ئەگاتە بەردەم موغی زەردەشتییەك،
یان مەلەکی ئێزدییەك،
یان خەڵوەتی کاکەییەك.
لێرە لێرە، لەم سەر ئەرزە
هەر هەموویان بۆ نیشتمان
ئایین و ئایینزا بۆ خوا و
ئەم جوگرافیا و مێژووەیش

وەك ڕەنگ و بۆی خۆشەویستی،
بۆ هەر هەمووان!

ئەرخەوانێکی دووگیانی
ژێر لمی «عەرعەر»یش ئەیوت:
منیان نەهێنا بۆ ئێرە
لە ژیلەمۆی لم نەگیرام، لەبەرئەوەی
ئایەتێکی موسڵمان بووم
یان مریەمێکی دییان بووم
یان مامزێکی سوننە بم،
یاخود قومرییەکی شیعە
لەبەر ئەوانە هیچیان نا...
تەنها و تەنها لەبەرئەوەی
ژنە درەختێکی کورد و مانگەشەوی
سەر شاخێکی کوردستان بووم!
لەبەرئەوە منیان هێنا.

گۆڕی بە کۆمەڵیش ئەیوت:
بیرتان نەچێ
ئەو ڕۆژگارەی کوردستانیان هەڵدایە ناو
دۆزەخەکەی ئەم دونیاوە،
لەگەڵیشیا:

(ئاوێستا) و (مەسحەفی ڕەش) و (تەورات) و (ئینجیل) و
(قورئان) تا گەیشتە
سەر مانفێستی عەقڵی تازەی (رأس المال) و خەونەکانی
(مافی چارەی خۆنووسین) و
هەر هەموویان،
ڕیشە ڕیشە. یاسا و ڕێسا
ئایەت ئایەت
گاتا گاتا، چیرۆک چیرۆک،
بەند بە بەند و جزم جزم،
هەر هەموویان،
بە یەکەوە گریان گرت و
بە یەکەوە هەڵقرچان و
پێکیشەوە، هەر هەموویان لە دواییدا،
کتێبی زوخاڵیان نووسی!

پیرەمێردێکی (کەرکووک)یش
سنگی خستۆتە سەر کەمەی گۆچانەکەی،
ڕوو لە بەغدا ڕاوەستاوە و
لە ورتە ورتێکدا ئەڵێ:
ئێمە ئەم قیامەتە کوردییەی ئێرە و
جەهەننەمی ئەم دنیایە، لە یاد ناکەین،
خودایش بۆخۆی

قرچە قرچی، قیژەی خاك و
ئەو سووتان و ئەو دووکەڵەی مێژووی ئێمەی لە چاودایە و،
چاومان لێیە فرمێسکی نوور، هەموو جارێ
لەو بەرزەوە دائەڕێژێ و دوایی نایە!

مامۆستایەکی هەڵەبجەیش
لەگەڵ وێنەی ژنەکەی و لەگەڵ وێنەی
پێنج منداڵی کچ و کوڕیا،
کە گاز چووبووە ناو پێخەف و
ناو هەناسە و خوێنیانەوە،
کۆڵان کۆڵان، شەقام شەقام،
ڕای ئەکرد و ئەتوت «با»یەکە شێت بووە و
بەدەم ڕێوە هەر شەشیانی ماچ ئەکرد و
ئینجا ئەیوت:
بەڵام ئێستایش
بەربەریەکان هێشتا ماون،
هەمەجییەکان لە گێژەڵوکەی عوجاج و
لە دەشتی عاگول زۆرترن، هێشتا ماون،
ئەمجارەیان بەربەریەکان
ڕووپۆشەکانیان گۆڕیوە
پێناسەکانیان گۆڕیوە،
بەڵام ئەو وەختەی کە ئەدوێن

لەسەر کورسی پەرلەمان و دیموکراسیش
دانیشتبن،
هەر بەربەریەکەی جارانن!

هۆ خەڵکینە!
بەربەریەکان هێشتا ماون و
هەر لەو خوارەن...

وا گوێم لێیە
هیلال و خاچ و منارە و
ئەستێرەی داود و جیلوە و
کەڵەشێری گاتاکان و مەلەك تاوس،
هەموو ئەڵێن: تیرێژەکانی ئایین و
پەنجەرەکانی ئایینز،ا
بۆ ماڵی خوا...
ئەم وڵاتەیش
وەك نان و ئاو
باخی گشتی و
ڕۆژنامەی باران و هەتاو،
بۆ هەر هەمووان!

هەولێر ٢٠١٢/٥/١٦

Scanned with CamScanner

# دایکم

دایکم... هەر لەوێیە... دایکم
لەوە ئەچێ
بووبێ بە کرێچی پاییز.
بە شۆڕەبی سەر لەرزۆکی
کەنار چۆمێ، لەوێ دایکم.
دایکم... هەر لەوێیە دایکم.
من ئەزانم ئەمێستاکە
لەناو بوولێڵی غوربەتدا
بووە بە ئاو،
ڕەنگی بێڕەنگیی گرتووە...
بۆنی بێبۆنیی گرتووە،



Scanned with CamScanner

«تەنیایی» بووە بە کچی و
«نامۆیی» بووە بە کوڕی و
تازە نایەتەوە دایکم!

***

وەختێ پیریی بە گۆچانەکەی دەستێوە
خاو خاو دێت و وەکو خەونێکی زەردەڵە
پەیدا ئەبێ و هەناسەسوار، هەر وەك دایکم،
لەسەر سەکۆیەکی پاییز دائەنیشێ،
تەزبیحەکەی لە باخەڵی سوخمەی مۆری
دەرئەهێنێ و چاو ئەبڕێتە گەڵای بەر پێ.
لەو ساتەدا هەوای وەشتێ، بۆن و بەرامەی
یادگار، لە بیرەوەری دوورەوە، زۆر دوورەوە،
بۆ ئەو دێنێ. بە بێ ئەوەی پێبزانێ،
زەردەخەنەیەك ئەیگرێ و، بە بێ ئەوەی پێبزانێ،
چەند دڵۆپێکی سەرگەردان دێنە خوارێ و
خەو تەڕ ئەبێ،
ئەو هەڵناسێ،
تا ئەو کاتەی زەردەپەڕی دەستە خوشکی
دەستێ ئەخاتە سەر شانی و تا ئەو ساتەی،
بە برووسکەی پەڵە هەورێ، هەڕەشەکەر،
دائەچڵەکێ!

سلێمانی- کۆتایی مایسی ٢٠١١

## گۆرانیی

ئەو باخە دەنگی زۆر خۆشە
بەتایبەتی وەختێ گۆرانیی بۆ خەمی
پاییز ئەڵێ،
ئەو ئاوە دەنگی زۆر خۆشە
بەتایبەتی وەختێ گۆرانیی بۆ گوڵی
کەنار ئەڵێ،
ئەو مەلە دەنگی زۆر خۆشە
بەتایبەتی وەختێ گۆرانیی بۆ کۆچی
سووری ئەڵێ،



Scanned with CamScanner

بەڵام لە هەموو، هەر هەموو، زۆر دەنگ خۆشتر،
ئەو کچەیە،
بەتایبەتی گۆرانیی بۆ کوڕی خەون و
سووتانی عەشقی خۆی ئەڵێ!

پاییزی ۲۰۱۱



Scanned with CamScanner

## بوومەلەرزە

ژنێکی کەرکووکیی ئەیوت:
وای... خودایە لەو باکوورە،
لەوێ بچینەوە بە گژ
چەند دارستانی قەمە و، چەند
جەنەڕاڵی کارەسات و مەرگا، لەوێ؟!
منداڵێکی «وان»یش ئەیوت:
ئای خودایە!
ئێمە قەت نەمان ئەزانی و
خەیاڵیش هەر نەیئەزانی
ڕۆژێك ئەبێ



Scanned with CamScanner

لە یەك کاتدا، لە سەرەوە ئەوان

بە سواری زرێپۆش بێن و
لە ژێرەوەیش،
تۆ بە سواری بوومەلەرزە!

سلێمانی ٢٠١١/١١/١١



Scanned with CamScanner

# دووکەڵ

من لەسەر دڵی بولبولێ،
توتڕکێ بوو بە نەیارم.
من لەسەر لقی درەختێ،
تەورێ هاتە سەر نزارم.
لە دواییشدا،
من لەسەر ئازادیی ژنێ،
هەرچی خێڵی چەقۆ هەیە،
پەلاماری شیعریان دام و
لەو ڕۆژەوە،
دووکەڵی ناو مێژوویەکی
تار و مارم!

سلێمانی- کۆتایی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ئاوی شیعری جوان

هەموو جارێ
دوای دوا دیوان،
دوای ئەوەی وەك
حەوزێکی خاڵی حەپەساو،
خەریکم بۆ قەترە شیعرێ
سوێم بێتەوە،
من ئەوساکە
ئەی ژنەکە!
لە هەر شوێنێ بم... ئەبێ هەر
بگەڕێمەوە بۆلای تۆ،



Scanned with CamScanner

تۆ تەنها ئاسمانی منی،
که بەسەرما دابکەیت و
دیسانەوە
پڕمکەیتەوە لە ئاوی
شیعری جوان جوان...!

سلێمانی- کۆتایی ۲۰۱۱



Scanned with CamScanner

# دیمەنەکان

هەندێ جار شیعرم درەختە،
هێشووی مانگەشەو ئەگرێت و
هەندێ جار شیعرم کچێکە،
پەری خەون و
عەشقی هەموو شاعیرێکە و،
هەندێ جار شیعرم قوربانیی
دەنگی سووری
سەر شەقامی مێژوویەکە و،
هەندێ جار ئەبێ بە شاخ و،
هەندێ جاری تر بە باخ و،



Scanned with CamScanner

گەلێ جاریش،

شیعری من، ئەو بێ کارەیە
وەختێ ئەچێتە ناو بازاڕ،
چاو ئەگێڕێ و حەزی لە هەزار خۆزگەیە و
تف قووت ئەدا و
بەڵام هیچی بۆ ناکڕێ و
لەدواییشدا،
پارەی پاسیشی پێ نییە،
تا بچێتەوە بۆ ماڵێ
شیعری من، ئەو هەژارەیشە!

سلێمانی- کۆتایی ٢٠١١



Scanned with CamScanner

## پەروانە

- شیعری گۆرانی -

حیکایەتی جانانەیە
وەختێ کە شەم ببێ بە زام،
زام بە شار و
شار کەرکووك و
ئەوسا ئیتر،
ئازار بەدەوری کەرکووکدا
پەروانەیە.
حیکایەتی جانانەیە

***



Scanned with CamScanner

ئەوەتەی ئەم عەشقە هەیە،
زێڕی ڕەش ئەدا بە دونیا و
چرا ئەبەخشێ بە دەرێ و
کەچی بۆخۆی، ناوی شەوە و
ناونیشانی تاریکییە.
ئەوەتەی ئەم عەشقە هەیە،
ڕێبوارێکی ڕەش و ڕووتی
ناو هەژاری و ئەشکەنجەیە!

***

خەم کەرکووکە و کەرکووك خەمە،
بەڵام خەمێ، گوڵ دەرئەکا و
خەمێ، کە سەر نەوی نەکا
بۆ ڕەشەبا و لە دونیای ڕق و کینەدا،
شەقام شەقام،
خۆشەویستی بەرپا ئەکا!

***

تۆ کەرکووکیت،
پێناسەت، ئاگرە و برین
لە ئاگردا قەقنەسیت و
لە بریندا پێکەنینی
باخچەی ئەوین.
تۆ کەرکووکیت، هەموو جارێ



Scanned with CamScanner

لە خۆڵەمێشی خۆتەوە تۆ دێیتەوە و
ئەبیتەوە بە باڵندەی باڵ بەرینی
سەر ئازادی و ناو ڕاپەڕین،

داستانێکی سەدەی نوێیە
ئەوەی تۆ دیت،
هێندەت بەسە کە کەرکووکیت!

سلێمانی ٢٠١٢/١/١٧



Scanned with CamScanner

## سێ خۆر

ئێستا لەوێ
هەموو بەیانیانێ لەوێ،
لە ڕۆژئاوای خوێنی مندا،
لە یەك ساتدا
سێ خۆر بە یەکەوە هەڵدێن،
خۆری خودا و
خۆری ئاڵا و
خۆری سەری
«مشعەل تەمۆ»

سلێمانی ٢٠١٢/٥/٧



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# سەفەرێکی ناوەخت

بۆ جوانەمەرگ «هەمزەی عەلی دەدە»

لەسەر چڵێکی «ڕوانگە»
چۆلەکە بوو،
دەنووکێ بوو، بۆ گۆرانی و
وشەی تازە.
چۆلەکەیەک،
کەم ئەیخوێند و
هەندێ جاریش. بەلای چەپدا
لە حەوشەی چیرۆکی کورتدا،
نزیک نزیک، لە ماڵەکەی



Scanned with CamScanner

«حسەین عارف» چینەی ئەکرد.

نزیک نزیک
لە خەمەکانی ئەم شارە و،
بەقەد ئەژنۆی کرێکارێکی ناو قوڕ و،
هێندەی کۆڵانێکی جاران سادە.
نزیک نزیک
لە بادەکەی «بێکەس»ـەوە و
ئەوەندەی بەفر هێمن و
بەقەد مانگەشەویش ناسک.
وا ئەمشەویش
وەکو ئەستێرەی خوێناویی
«هەمزە»یش بەسەرماندا کشا،
ڕۆی، تێپەڕی و
بەڵام دوای خۆی،
دڵی ئەم هەڵبەستەی منی
کرد بە ئێوارەی پاییز و
ئیتر ئەوسا،
بەئەسپایی
بەسەر خۆرنشیندا گریا!

سلێمانی ٢٠١٢/٦/٢٨



Scanned with CamScanner

## زەرفی شیعر

بە ڕێوە... بەربەیان... کازیوە،
ڕووناکیی ئەخەمە زەرفێکی شیعرەوە و
ئەیبەم بۆ
زیندانی ماڵەوەی ئەو ژنەی
دەمێکە هەتاوی بەختێکی
هەڵهاتووی نەدیوە!

سلێمانی- پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## درەنگ

درەنگ هاتی... درەنگ... دیدەم،
کە تۆ تازە گزنگیت و
منیش دوا تیشکی ئێوارەی
ناو ئاویلکەم،
درەنگ هاتی... درەنگ دیدەم!

پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# ورد بوونەوە

ئەی سێوە ژن!
تۆ و قەسیدەم لە یەك ئەچن
هەتا لێتان ورد ببمەوە،
جوانی شاراوەی زۆر زیاتر
لە ڕۆحتانا،
ئەدۆزمەوە!

پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## ڕووتکردنەوە

شەرمی نەکرد
لە باخێکدا
بە بەر چاوی پاییزەوە،
بایەکی گەنج
کچە قژ زەردی «گۆران»ی
ڕووت کردەوە!

پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## پاییز لەناو پاییزا...!

تا پاریش... پاییز هەر
لەو دیوی دەروازەی حەوشەوە،
لە کۆڵان، قژ و پرچ، خۆڵاویی،
لەگەڵ «با» ئەوەستا و هەندێ جار
دوای باران،

لە درزی باریکی
پەردەکەی تەمەوە،
تەماشای ماڵەکەی ئەکردم!

تا پاریش، پاییز هەر
لە ڕێگەی تریفەی تەزیوی مانگەوە،
دوورا و دوور هەر بە سەر،
سڵاوی ئەنارد و
زۆرجاریش لە پووش و پەڵاشی
وەڕس و بێزاری
دەشتی، بۆ... ئەناردم.
شەوانیش درەنگان
خەیاڵم ئەترسا و
لە باوەش خەزانیا، ئەنووستم!

یەکەمجار... من دایکم
لە سیلەی ڕۆژێکی بەدبەختی
وەك خۆیدا،
پاییزی نیشاندام
ئەوساکە تەمەنم لە خونچەی
گوڵەباخ کەمتر بوو!
پێی وتم:
پاییزیش وەك منە و بێوەژن
تەنیایە و دڵشکاو
حەزئەکەم ئەویشت هێندەی من
خۆشبوێ و،



Scanned with CamScanner

چون نان و
چون نوقڵ و

چون سوخمە زەردەکەم،
بیخەیتە سەر چاوان.

پێی وتم:
پاییزیش وەك باوکت شاعیرە و،
بەڵام ئەم، شیعری خۆی
هەمیشە هەر لەسەر
گەواڵەی کۆچەر و
تەوێڵی گردۆڵکەی ڕووتەن و
گەردن و سەرسنگی
درەختی ڕووت و قووت ئەنووسێ!

پێی وتم:
هەناسەی غەریبی
لە ڕەنگی پاییزدا
نیشانەی عەشقێکە سەرمەدی و
خەمێکە تا ئەبەد
ئەلەرزێ و ئەسووتێ!



Scanned with CamScanner

پێی وتم:
بۆ ئەوەی تەماشات،
تێکەڵی تەماشای خوا بکەی،
بچیتە نهێنی بوونەوە و
لە کۆچ و لە عەشق و
لە سەراب

تێبگەی:
هەر ئەبێ لای پاییز بخوێنی و
ڕەنگی خۆت
بە ڕەنگی حەسرەتی،
ڕەنگ بکەی!

تا پاریش، پاییز هەر
لەودیوی دەروازەی حەوشەوە،
چون پرسیار ئەوەستاو،
ناو بە ناو،
شیعرمان بۆ یەکتر ئەنارد و،
جار بە جار شەوانە،
وشەمان ئەتەزی و ئەیبەست و،

ڕۆژانەیش، لەبەردەم



Scanned with CamScanner

هەتاوی لاواز و نەخۆشدا،
پەیکەری مەراق و ڕامان بووین،
چاوەڕوان پێکەوە
بەرامبەر نادیار،
ئەوق ئەبووین، دائەماین.

وا ئەمساڵ،
چون باخی ئاوارە... بێ پرس و
بێ ئەوەی کە پێشتر
زەنگێکم بۆ لێدا و پێم بڵێ
هاتۆتە ماڵەوە و لەگەڵ خۆی
وەك دیاریی

باوەشێ لە شیعری زەردەڵەی
هێناوە،
بۆ شەوی تەنیایی ژوورەکەم!

وا ئەمساڵ
هاتۆتە لامەوە و
بە پرمەی گریانی درشتی ڕێژنەی
قەڵەم و دەفتەر و
ئەلبووم و خەیاڵ و



Scanned with CamScanner

خەمانم، تەڕئەکا و
هەروەهایش، پێخەف و چرپاکەم!

تا پاریش پاییز هەر
لەو دیوی حەساری لەشمەوە،
وەستابوو،
ڕێی نەبوو
کە بێتە ناو ژووری لەشمەوە،
دەسکاری دەروون و پەنجەرەی
هەست و نەست بکات و،
ڕێی نەبوو،
ناوەوەم داگیرکاو،
هەست بکەم ڕەنگێکی کۆیلەم و،
هەست بکەم من ئیتر خۆم نیم و،
تەواوی تەمەن و جەستەمی،
وەک (مانگ)ی
ناو گۆمی حەپەساو،
تەسلیم کەم.

بەڵام وا لەمساڵدا
هاتۆتە ماڵمەوە و هاتۆتە دڵمەوە و
چی بوێ ئەیکات و کونج بە کونج،



Scanned with CamScanner

بە کوچە و شەقامی ناو لەشما، ئەگەڕێ و،
وەك باخان پژوپۆم ئەڕنێ و،
نایشتوانم چون خەزان
لەگەڵیا هەڵنەکەم!
ئەوەتا وا پاییز
هاتۆتە چاومەوە و لەگەڵیا
چڵ بە چڵ،

تاڵ بە تاڵ،
مووی سەر و تەماشام
ئەوەرن.
ئەوەتا وا پاییز
هاتۆتە ناو سیما و ناو لۆچی ڕوخسارم و
سەر شان و سەر ملم
کێومالْم ئەکات و
لە کوێدا تۆزقاڵێ لە بەهار جێمابێ،
بۆ ئەوەی زەردی کات
بە ناویا ئەگەڕێ.
وا پاییز هاتۆتە سەر پشتم و
کەپری خۆی ئەبەستێ.
هاتۆتە ئێسکمەوە و



Scanned with CamScanner

مووره‌غه‌م ئه‌سوێنێ و
بڕبڕه‌م خه‌ریکه‌،
وه‌ك لقی دارێکی ئێواره‌ی، وشك ئه‌بێ و
ئه‌نه‌وێ.
وا پاییز ماسولکه‌م شل ئه‌کا و
کردوێتی به‌ په‌ڕۆ و
ڕۆیشتنم چون گه‌ڵای ڕژاوی
به‌ر بای سارد
خشه‌ی دێ و
چاویشی به‌ وردی
ده‌زووله‌ی قرچۆکی
هه‌نگاوی بوولێڵم ئه‌ژمێرێ.

من و ئه‌و،
پاییزی ناو پاییز،
ئێستاکه‌ هه‌ردووکمان
نیشته‌جێی ماڵێکین،
هۆده‌مان یه‌ك هۆده‌ی خه‌زان و
چرپامان یه‌ك چرپای
هه‌ناسه‌ ڕێزان و
شیعرمان یه‌ك شیعری،
کۆچڕه‌وی ناو زه‌رده‌ی ئێواران.



Scanned with CamScanner

من و ئەو... پاییزی ناو پاییز،
وەلێ ئاخ... من ئەبێماڵەکەی
بۆ چۆڵ کەم،

من ئەڕۆم... ئەو ناڕوا و
دواجاریش ئەو لەسەر چرپاکەم
ئەخەوێ،
وەلێ ئاخ... ئاخ و ئاخ
من
ئەمرم.
ئەو
نامرێ!

سلێمانی- پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## حیکایەتی دوو قەڵەمەکە

خەریک بوو خەوم لێکەوێ
کە گوێم لێبوو
لەولامەوە، لەسەر مێزە دێرینەکەم
قەڵەمێکی دانەدراوم، لووت بەرزانە
گاڵتەی بە قەڵەمێکی زۆر کورتم ئەکرد،
وای پێ ئەوت:
- تۆ چیت؟ ئەی قنچکە قەڵەم، تۆ چیت؟!
تۆ تەواو بوویت... لێبوویتەوە!
لەوانەیە هەر سبەینێ
لە ملەوە



Scanned with CamScanner

دەستت بەنێ و فڕێتدەنە

ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە،
لاچۆ لەبەرچاوم لاچۆ!
ئەی قەڵەمی کورتەبنەی
کەپوو شکاو!

«قەڵەمە کورتەباڵاکە، لەگەڵ تفا
وشەیەکی قوت دایەوە و ئینجا وتی:
چیم پێ ئەڵێی بیڵێ، بەڵام
لەم ساتەدا،
تۆ لە درێژیی زیاترت تێدا نییە!
درێژییەکی بێ بەر و
درێژییەکی بێ هونەر،
هیچت نییە»

نە یەک وشەی کوڕ و، نە یەک
وشەی کچ و
نە شەقامە دێڕێ بۆ خەڵک.
ڕاستە دوا کۆچم نزیکە،
بەڵام ئێجگار بەختەوەرم
چونکە ئەوکاتەی کە ئەمرم



Scanned with CamScanner

من لەدوای خۆم
کۆمەڵە شیعرێکی زۆر جوان،
بەجێدێڵم!

«لێرەدابوو، قەڵەمە دانەدراوەکە، ڕقی هەستا و
پشتی ملی قەڵەمە کورتەکەی گرت و فڕێیدایە
سەر ئەرزەکە»

لەم وەختەدا،
منیش ئیتر بەتانیم لەسەر خۆم لادا و
بە هەنگاوێ، چووم قەڵەمی دانەدراوی
لەخۆباییم لەسەر مێزەکە هەڵگرت و
بە سزای خۆیم گەیاند و خستمە تەنەکەی خۆڵەوە و
کەمێکیش لەولاترەوە،
دانەویم و قەڵەمە کورتەبنەکەم
لەسەر زەوی هەڵگرتەوە و
ماچێکی ڕوومەتیم کرد و
خستمە گیرفانی دڵمەوە و
ئەوسا، چووم بۆ خۆم نووستمەوە!

سلێمانی- پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## جەستە!

(پەخشان)

دوای سێ مانگ، دوای وەرزێ لە حەز و سەرنج و هەناسە و لە قسە و لە چرپە و، بەڵێنی بێ قاچ و، بەخشینی بێدەست و دوای وەرزێ لە خەوی هەڵوەریو، ئارامی سەر ئاگر، خەیاڵی بریندار، چاوەڕێی هەڵفڕیو... دوای سێ مانگ لە ڕۆژی نەخۆش و لە شەوی بێهۆش و لە خۆزگەی بەر نسێ و لە شیعری دۆش داماو. دوای سێ مانگ، یەکەمجار، ئەگەیتە ناو قژی، نزارێک قاوەیی، بریسکەی قاوەیی، حەریرێ قاوەیی، دەستی ڕاست بزەیەک ئەچێتە سەر لێوی و، سەرخۆشە و مەستە و مەست. پەنجەکان بەرامەی مێخەکێ هەڵئەمژن، هەر پێنجیان ئەپرسن، عەشقەکەی



Scanned with CamScanner

(پەری خان) بەرەو کوێ؟! سێ تاڵی زۆر درێژ ئەتبەن، تا سەر پەرچەم. هەمدیسان دێیتەوە سەر لوتکەی قاوەیی تەوقە سەر، لەوێدا نزاری قاوەیی زۆر چڕە. ئەڕۆیت و ون ئەبی، ناچاری بپرسی، تینووتە و ئەپرسی: کانیەکەی پەری خان لەکوێیە؟ گوڵێک دێت لەگەڵتا، ئەتبا تا، دەشتەکەی تەوێڵی، دەشتێکی لاکێشی زۆر سپی. نازانی کەوتویتە بەفرەوە؟ یاخود ناو ئاسۆیەک زمڕووتی؟ ناوچەوان گۆمێکی مرواری زۆر پانە، دوو پەنجە ئەجووڵێن، ورد ورد و ئەسپایی، ئەچنە سەر کەناری، لەناکاو شەپۆلێک کە قژی قاوەیی ئەیانبا و بەرەو خوار ئەخلیسکێن، هەتاکوو ئەگەنە لێواری دوو برۆ. برۆکان باریک و کەوانەی سیحرێکی ئەزەلین. ئەگەیتە سەر پێڵو، پەردەیەک لە هەور و لە کەلی تەماشا. ئەگەیتە ناو برژانگ، دوو ڕیزی سەروخوار، دوو ڕیزی گرنگی قاوەیی، ترووکەی قاوەیی. ئەگەیتە ناو چاوی سەوزباوی، دوو چاڵی بچووک و گەردوونێ لەناویا، ئای خودا ئەتبینم بەتەنها لەوێدا وەستاوی! من تۆڕێ لە تیشکی مەیلەو سەوز گرتوومی، دوو چاوی... ئەو شوێنەی قەسیدەم کردوێتیە هێلانە و جۆلانە و شەو و ڕۆژ تیایەتی. چەند ڕوونە دوو چاوی، لەبنیا دوو چاوم ئەبینم، لەبنیا خەیاڵم و خۆزگەم و گژوگیای مەراقم، ئەبینم چاوانی. هەست ئەکەم، چاوانی بوونەتە ئێوارەی ناسکی فڕینم، بوونەتە ئاسمانێ لە خەون و باران و شەوانەیش سایەقەن بۆ



Scanned with CamScanner

مـەودای هەسـارەی ڕوانینـم. تەماشـای بـۆن ئەکـەم، سـەرنجی عەترێکـە لـە عەتـری خودایـی، مـن بۆنـی تەماشـای ئەکـەم و هەسـت ئەکـەم بێدەنگیـی ئـەو پێسـتە ئەبیسـم و ڕوانینـم لـە دووتوێـی ڕوانینیـا ئەڕوێنـم. برژانگـی زمانـی ئەفسـانەن، بـە چەپکـێ جریـوە ئەمدوێنـن. هەسـت ئەکـەم دوو بـرۆ، بـۆم ئەبنـە دوو بـاڵ و دوو تەیـر و وان لەسـەر درەختـی تەنیاییـم ئەخوێنـن. لـە چاویـا ڕووناکیـی ئەبینـم، گۆرانیـی ئەڵێـت و مانگەشـەو ئەبینـم، بوونەتـە چارۆگـەی بەلەمـی چیـرۆک و شـەپۆلان ئەئـاژوێ و، لـە چاویـا ئـەو ڕەنگـە ئەبینـم، بـەر لـە مـن کەسـی تـر نەیدیـوە. ئـەو ڕەنگـەی تێکەڵـە لـە ڕەنگـی مۆسـیقا و لـە ڕەنگـی شـەماڵ و لـە ڕەنگـی قەسـیدە. لـە چاویـام، چوومەتـە سـەر ڕۆخـی گلێنـە و تەماشـای بەحرێکـی سـەوز ئەکـەم. تەماشـای، ئەسـتێرە و ئەفسـانە و ئـەو دیـوی گـەردوون و تەماشـای ژانـی بـوون، تەماشـای خـوا ئەکـەم. لـە چاویـام، هەسـت ئەکـەم مـن جوانیـی بـۆن ئەکـەم، هەسـت ئەکـەم بوومەتـە ئەویـن خـۆی. توانـەوەم ئەبینـم، هەڵمـی خـۆم ئەبینـم، بارانـم ئەبینـم، سـێڵاوێ ئەبینـم لـە جەسـتەم. خـەو نییـە و لـە چاویـام، دابـڕاو لـە دەرێ، دابـڕاو لـە زمـان، لە چاویـام، ئەبمـەوە بـە پێنـج سـاڵ، ئەچمـەوە گەڕەکـی «حاجـی حـان»، ئەبمـەوە بـە ماسـی حەوزەکـەی مزگەوتـی حاجـی حـان، ئەبمـەوە بـە گوڵـی دارچوالـە و بـە لاسـکی پیشـۆک و بـە کلـووی بەفرەکـەی بەردەمـی پەنجـەرە و، ئەبمـەوە ڕیشـۆڵەی

دەشتەکەی کانێسکان... لە چاویام، ئەچمەوە ناو خەونی منداڵی و ئێوارەی هاوینان. لە چاویا، من دایکم ئەبینم، چون جاران پڕپڕە لە تیشکی ڕەش ڕەش و لە گوڵی ڕەش ڕەش و لە گەڵای ڕەش ڕەشی بەختێکی ناو خەزان. لە چاویام، پەیمانەم پەرداخی شیعرێکە و بادەکەم ئاوازە و پەی دەر پەی، ئەینۆشم. هەر لەوێم لە چاوتام، ئەگەڕێم، سەرئەدەم لە مەراق، ئەو وەختەی گوڵ ئەکا و سەرئەدەم لە سۆزت ئەو وەختەی دائەکا و، لە کۆچی بێوادەی ئازیزێ، ئەو وەختەی بۆ دواجار بارئەکا. لە چاوتام، چاوی تۆ فەرهەنگە، فەرهەنگی پەپوولە و دارستان، قامووسی شەپۆل و پەلکەگیا و ئەلف و بێی باڕێزان. لە چاوتا هەمیشە توێژاڵێ لە خەمی پاییزە ئەبینم، توێژاڵێ لە کۆچی فرمێسک و هەناسەی جاویدان، توێژاڵێ لە گوڵی ئەرخەوان، لە نمەی ناکام و لە گمەی سەرگەردان. لە چاوتا ئەو خەمە تەنکە چەند جوانە، لە شیعرا من ئەیکەم بە باڵی پەروانە، ئەو خەمە تەنکە هەموو جار وەک نەورەس باڵ ئەگرێ، خەمێکە و هەڵئەفڕێ و حەسرەتێ ئەخوێنێ. هەموو کەس لەو خەمە تێناگا، هەموو کەس توێژاڵی ئەو خەمە نابینێ. ئەو خەمە هەر چاوێ ئەیبینێ کە چاوی پاییزی پێوەبێ، لە وەختی وەرین و خەزاندا... ئەو چاوە ئەیبینێ کە شیعر بیلبیلەی ئاسمانی و بێرەنگی، ڕەنگی بێ. ئەو چاوە ئەیبینێ کە مەودای تەماشای هێند دووربێ،



Scanned with CamScanner

بگاتـە لای خـودا و لەودیـوی مەرگـەوە، هەمیشـە هـەر ژیـان ببینـێ.
دوای سـێ مانـگ، دوای وەرزێ تینوێتـی و دابـڕان لـە بـاران، ئەگەمـە کەنـاری ئـەو لێـوە. لێـو ئەبـێ بـە کانـی، لێـو ئەبـێ بـە جۆگـەی پرشـنگ و بـە ئـاوی تەلیسـم و هـەواری سـوورەگوڵ، هـەواری جریـوە و ڕێگاکـەی کاکێشـان. ئـەو لێـوە، هـەر لێـوە، یـان لێـوی شـەفەقە یـان لێـوی کچێکـی یەزدانـە و یـان ژووری نووسـتنی چـراکان؟! ئـەو دەمـە هـەر دەمـە یـان دەمـی ئـاواز و قەسـیدە و نیـگاری خـوداکان؟ ئـەو زارە هـەر زارە بـۆ پەیـڤ و بـۆ وشـە، یـان زارە بـۆ هەمـوو سروشـت و بـۆ هەمـوو جوانیـەکان؟ ئەگەمـە لێـواری ئـەو دەمـە، ئەگەمـە تخووبـی بێهۆشـی و شـێتبوون و، نـاوی خـۆم، دایکـم و باوکـم و نیشـتمان، سـەرابی بیرچـوون و ونبوونـن و لـە زەینـا، چـون وەرزی خۆڵەمێـش دێنـەوە بـەر دیـدەم، خۆیـان و ناونیشـان.
دوای سـێ مانـگ ئەگەمـە نـاو دەمـی، مـن ئێسـتا لـە دەمـدام، ببـوورن! مـن لێـرە بـەدواوە، ناتوانـم هیـچ بڵێـم، چـی بڵێـم ناگاتـە توانـەوە، ئەزانـم لـەم ماچـە سـوورەدا، مـن ئەمـرم، ئـەم مەرگـە کۆتایـی مـن نییـە، نازانـم چ وەختـێ دێمـەوە، ئـەم ماچـە ئەوەنـدە ئەمکـوژێ، هەتاکوو دوای سـێ مانـگ بێمەوە و گەشـتەکەی بـەرەو خـوار تەواوکـەم. ئـەم ماچـە ئەمکـوژێ و نامکـوژێ، ئەمکـوژێ وەک وەرز و نامکـوژێ وەک شـاعیر.
ببـوورن چـی بڵێـم ناگاتـە زمانـی توانـەوە، نازانـم چ کاتـێ چ

وەرزێ دێمـەوە، بـەڵام هـەر دێمـەوە، بـۆ ئـەوەی گەشـتەکەی بـەرەو خـوار تەواوکـەم.

سلێمانی- پاییزی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

## له غەزا گەورەکەدا!

پیرەمەگرون
وەکو هەتاو و مانگەشەو
له بیرێتی و چاوی لێبوو:
له کازیوەی ڕۆژێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی
شڵەژاو و پەشۆکاودا...

((که هەر له سیمای ژنێکی ڕاونراوی
تۆقیو ئەچوو!))
بەیانییەک
که خەونی تیا له داردرا،



Scanned with CamScanner

لە یەکەم غەزای شاخان و
نیشتمانی بە نەفرەت بووی کافراندا،
لە دیرۆکی چل چرای ساسانیەکاندا،
لە جوگرافیای کورداندا،
لەو بەیانییە شوومەدا
پیرەمەگرون
بە چاوی بەرد
بە چاوی دار
بە چاوی ڕەوەز و دەربەند،
چاوی لێبوو:
لە خوارێ ڕا
هەمەجییەکانی «ئەعراب» و
بەربەریەکانی بیابان،
وەکو سێڵاوی تاعوون و
بای ژەهراوی و ڕەوە کوللە،
سەرزەمین و بەری ئاسمانیان گرتبوو
چاوی لێبوو،
فرسەخ... فرسەخ... غەزا... غەزا
چۆن ئەهاتن بەرەو سەرێ!

پیرەمەگرون
هەر لە دووررا

به چاوی ڕنو بەفری خۆی
چاوی لێبوو
ئەعرابەکان،
چەمکی دیزداشە لە دەمدا و
شمشێری غەزەب لە دەستدا و
لەش و لاری حۆری بەهەشت
لە خەیاڵدا و،
لێشاو... لێشاو
چۆن ئەهاتن بەرەو سەرێ.

پەتای سەحرا
پەتای باڵدار
لەو بەیانییە ڕەشبینەدا،
لەو بەیانییە خوێن تاڵەدا،
بوون بە لوورە و
بوون بە گڤە و
بوون بە ناڵە و
دایان بەسەر ئەم خاکەدا.

پیرەمەگرون لە بیرێتی
وەکو ڕووبار و پێدەشت و گردۆڵکەکان،
لە بیرێتی

چون زریکەی ئافرەتان و
ڕەنگی تۆقیوی منداڵان،
چون کڵاوڕۆژنەی ژان و
دیواری ڕووخاوی ماڵان،
بەربەریەکان... ڕیش درێژە هەمەجییەکان،
کە گەیشتن
لەگەڵ خۆیان
لە چاویاندا
لە گیرفان و لە دڵیاندا
خوێن و دووکەڵ،
ڵم و
ڕشانەوەی شەوەزەنگیان،
هێنا بۆ خەڵکی کوردستان!
لەگەڵ خۆیان بەسەر ڕم و پەیکانەوە،
سەری «گاتاکانیان» هێنا و
قۆناغ بە قۆناغی مەرگ،
فرسەخ... بە فرسەخی غەزا

دارستانی کافریان کوشت
کانیاوی کافریان کوشت
ئاگردانی کافریان کوشت،
تەنانەت خونچەی کافر و



Scanned with CamScanner

کارژۆڵەی سپی کافر و
کەڵەشێری کافریان کوشت،
خوێنی ڕەز و خوێنی شەرابی ناو کوپەی
عاشقان و حیکایەتی
دایکانیان کوشت!
پیرەمەگرون بە چاوی دارەبەنی خۆی،
چاوی لێبوو:
ئاگرەکانی سەر چیایان کوژاندەوە.

دووکەڵ چاوی خوداوەند و موغی کوێرکرد،
لە بیرێتی پیرەمەگرون لە یادێتی،
ئەعرابەکان... بەربەریەکان
هەوراز... هەوراز
وەختێ هاتن،
بەرلەوەی ناوی خوا بێنن،
بەر لە قیبلە و بەر لە نوێژ و بەر لە نزا،
پەلاماری پەرییەکانی «ئاهورامەزدا» و
پەلاماری کچی بەفر و
خۆرە ژنی شاخانیان دا.

((شمشێرێکی کەتەی دەست و دەم و قژ خوێناویی،
ڕووی کردە قەڵغانەکەی بەرامبەری و وتی:

چیت بۆ باس کەم؟ ئەمڕۆ لە خوێنی کافردا،
بە سەدان جار نوقم بووم و کەچی هێشتا،
من هەر تینووم. چیت بۆ باس کەم؟ لەو
خوێنەدا، بەهەشتی خوای گەورەم بینی،
حەفتا حۆرییەکەی خوام بینی،
قەڵغانەکەیش کەمێ لەسەرخۆتر وتی:
ئەو شەڕانەی کە ئەم کوردە کافرانە کردویانە،
قەت نەکراوە و نەبینراوە... ماڵەکانیان،
ئەسووتێنین پێیان ئەڵێین بێنە دەرێ، بەڵام
نایەن و هەموویان لە ئاگردا ئەبنە زوخاڵ!))

((زناری سەر خەرەندێکیش هەڵیدایە:
ئەعرابەکان کەوتبوونە دووی دوو ئافرەت،
ئەیانویست دەستگیریان بکەن... لە دوایشدا
وەکو دیاریی ئەم شاخانە بیانێرن بۆ خەلیفە،
بەڵام هەردووکیان گەیشتنە سەر پشتم و
لەوێشەوە خۆیان هەڵدایە ناو قوڕگی خەرەندەوە))

((کەڵەکێوییەکی برینداریش ئەیوت:
من بارژنی خۆم ناگۆڕم،
گەرچی ئەیشزانم، ئەکوژرێم!))



Scanned with CamScanner

کۆترێک لەولای تەرمی ژنێکی
بێ سەرەوە... چینەی ئەکرد،
چینەی ئەکرد و ئەگریا...
ناوبەناویش ئەمەی ئەوت:
کە خوا شمشێری هەڵکێشا،
دەست لە خۆشەویستی ئەشۆین.
خوداکەیان
هەر بۆئەوە باشە بمرێ!

لە دوای غەزایش
هەمەجییەکان... ئەعرابەکان،
لە سەردانەوەی یەکەمدا بۆلای سەحرا،
هەر لێرەوە... لەگەڵ خۆیان
کاروانێکی درێژ درێژیان خستەڕێ،
هەر لێرەوە
دەرگای بەهەشتیان کردەوە و
لە ڕێی سەری بڕاوەوە،
چوونە ژوورێ،
قافڵەیەکی ڕەنگاوڕەنگ کە سەرێکی
لە ناو خوێنی هەوراماندا و
سەرەکەی تری لە قەڵای کەرکووکدا بوو،

قافڵەیەک لە «سەبایا» و
لە کەنیزەکی کۆیلەی هەڕاج کراو،
قافڵەیەک لە زێڕوزیوی تاڵانی و
پڕ بە دۆڵێکی ناو غەزایش، «غەنائم»یان
بۆ خەلیفەی پێغەمبەر و خوا ناردەوە،
هەر لێرەوە!
پیرەمەگرون چاوی لێبوو!

سلێمانی- کۆتایی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

## گلەیی

لەبەر تەنیاییەکەی دایکم،
ساڵی پار سەرم نەپەرژا
شیعرێ بۆ پاییز بنووسم،
جارێکیشیان بە کزەبای سەر گۆیژەدا
ئەو پەپوولەی گلەییانەی
بۆ ناردبووم!
بۆیە ئەمساڵ
لەگەڵ یەکەم پەڵە هەوری داکردنیا،
وەکو چەتر و مشەماکەم ئامادەبووم.
کە لەو بنارەدا بینیم،



Scanned with CamScanner

## قەسیدەیەکم دایە دەست

درێژ... درێژ
وەک گێژەڵووکەی پێدەشت و
تەڕ تەڕ وەکو چاوی دایکم،
چون دڵی بێوەژنانی گەرمیانیش
پڕ لە حەسرەت!
ئیتر پاییز قسەی نەکرد
چاوم لێبوو... قوڕگی پڕبووبوو لە گریان
بە سەر سوپاسی کردم و
ڕووی کردە دووره شاخان و
منی بە تەنها بەجێهێشت!

سلێمانی ۲۰۱۲/۱۲/۲۵



Scanned with CamScanner

## نەقاڕی!

١- بیرۆکە

ئەو ڕۆژە بەردێکم هەڵکەند

کرمێکی سپی بچکۆلەی لە ژێردا بوو،

کرم وتی:

من ئەژیم و... هێزی بەردیش

هەر هەتا شوێنێ، بڕ ئەکا!

ئەو شەوە دارێکم هەڵکەند

هەزار ڕەگی لە بندا بوو،

ڕەگیش وتی:

ئاو لەکوێ بێ



Scanned with CamScanner

ژیان بەرەو ئەوێ ئەڕوا!
بە زامێکدا چوومە خوارێ
ئێجگار قووڵ بوو،
کەچی لە بنی بنەوە
هەتاوێکی باریکم دی،
بانگم ئەکا!
شەوێکم هەڵکەند، شیعرێکی
لە ژێردا بوو
سەری شیعرم هەڵدایەوە،
تەماشام کرد،
هەزار بیرۆکەی ئەستێرەی
بچووک... بچووک،
لە ناویا بوو!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٨

**٢- سێوی شیعر**

ئاخر تۆ ئەبێ بزانی
منی شاعیر کە دارسێوم و
ئەم هەموو سێوی شیعرانە
بۆ تۆ ئەگرم،
ئەوە خۆشەویستیی ژنە

ئاوم ئەدا و
ئەوە هەتاوی چاوێتی و
ئەوە «با»ی سۆزەکانێتی
کە ناهێڵن
هەرگیز بمرم!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٧

**٣- لێبوردن**

سروە داوای لێبوردنی کرد
لە گوڵێ،
لەبەرئەوەی
ئەبوو زۆر هێواشتر لێیدا!
گوڵیش داوای
لێبوردنی لە هەنگێ کرد،
لەبەرئەوەی
ئەبوو زیاتر کوڵمەکانی
ئەم هەڵمژێ و
وەلێ، ئەم زووتر ئیزنیدا!
هەنگیش داوای
لێبوردنی لە ژنە هەنگەوان کرد و
پێی وت: بە ئەنقەست نەبووە
هەڵەیەک بوو کە پێوەی دا!



Scanned with CamScanner

وەلێ ژنە هەنگەوانیش
ڕووی کردە پیاوەکەی خۆی و
پێی وت: ئەبێ
تۆیش دەجار داوای لێبوردن
لە من بکەی،
لەبەرئەوەی ڕۆژی ئەمڕۆ،
تەماڵ تەماڵ
وەک هەنگی نێر
تۆ بۆخۆت پاڵ کەوتبوویت و
یەک یارمەتی
منت نەدا!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٩

**٤- لاربوونەوە**

ئاسکێک بە ماکەوێکی وت:
- ببوورە لێم، بە ئەنقەست نەبوو کە دوێنێ
لە سەرەڕێی هاتوچۆدا،
پێم نا بە بارەکەوێکی
بچکۆلانەی تۆدا و کوشتم!
کوێراییم دایە... نەمبینی... لێم ببوورە.
کەویش وتی:
- من دڵنیام تۆ بە ئەنقەست نەتکوشتوە،



Scanned with CamScanner

گەر «سەر» خۆش بێت
بارەکەو هەر ئەبێتەوە! گوێ مەدەرێ!
لەم ساتەدا،
لە لاشانی بەردێکەوە
لوولەیەک هاتە دەرەوە و
پیاوێک تەقەی لە هەردووکیان کرد و
ئاسک و ماکەو،
بەسەر یەکدا لاربوونەوە!

سلێمانی- پاییزی ٢٠١٢

٥- شەوێک
من ئەو شەوە
لەو دەربەندە بەسامەدا،
تەنها خۆم و
شیعرێکی زۆر بچکۆلە بووین،
من بۆ شیعر، تابەیانی
بووم بە شیر و
بووم بە لانکە و
ئەویش بۆ من،
بوو بە کۆرپە و
بوو بە چرا!

سلێمانی ٢٠١٢



Scanned with CamScanner

**٦- ناخ**

من لە ناخما،
شمشاڵێکی تیایە غەمبار،
هەموو ساڵێ
کە پاییز دێ و
ئەینێ بە لێوی خۆیەوە،
«با» ئەشڵەژێ و
تەنیایی چاوی تەڕ ئەبێ و
چاوەڕوانیم هەڵئەوەرێ و
حەوشەی شیعریشم پڕ ئەبێ
لە گەڵای دار!

**٧- ڕاکردن**

بۆ ئەوەی فریای بکەوم،
ئەو دووپشکە
بەو منداڵە بچووکەوە نەدات،
وازم لە کەمانچە لێدان هێنا و ڕامکرد!

بۆ ئەوەی فریای بکەوم،
ئەو ژنە خۆی نەسووتێنێ،
دەستم لە وێنەکێشان هەڵگرت و ڕامکرد.



Scanned with CamScanner

لەبەرئەوەی ئاگام لێبوو
ئەو مامزە تەنها دوو هەنگاوی ماوە
تەڵە بیگرێ،
وازم لە سەیرکردنی
دیمەنی جوانی بەردەمم هێنا و ڕامکرد.

لەبەرئەوەی گوێم لە دەنگی
گریانی ژوورێکی برسی،
کۆڵانەکەی ئەودیومان بوو،
ئەم شیعرەم بۆ تەواو نەکرا و
بە خۆم و یەک شووشە شیر و
ئەم ڕەشنووسە و دوو نانەوە،
بەرەو ئەو کۆڵانە ڕامکرد!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٦

**٨- خوێن**

لەبەردەمی کامێرادا
ئەو سەرنجانە پەپوولەن،
ئەو دەم و لێوە کانین و
ئەو قسانە تۆوی گوڵ و
ئەو دەستانە دوو کۆترن!



Scanned with CamScanner

«وەختێ کامێرا ئەڕوات و
ئەچێتەوە ژوورەکەی خۆی»

سەرنجەکان... وەکو خۆیان دڕکەزین و
دەم و لێو... گۆمی لیخن و
قسەکان... بوون بە باروت و
کۆترەکانیش بوون بە ئاسن،
کە وەختێکیش
سەرۆک پاڵ ئەکەوێ بنوێ،
بە دیواری ئەوبەرەوە،
خەریتەیەکی سوریا
لە سەرەوە بۆ خوارەوە،
خوێن، خوێن، خوێنی
لێ ئەچۆڕێ!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٧

**٩- تەمەن**

بەیانییەک لەو چیایە
کۆترەباریکەی شاعیر و
قومرییەکی وێنەکێش و
قاژوویەکی بازرگان و

قەلەباچکەیەکی پۆلیس،
«کەس نەیزانی ئەمانە چۆن
ئاوا یەکیان گرتبۆوە؟»
بە چوار قۆڵی
چوون بۆ ماڵە داڵان درێژەکەی کیسەڵ،
دوای چاک و چۆنی و هەواڵی
کەش و هەوا،
قەلەباچکەی پۆلیس وتی:
- مام کیسەڵی دانا و حەکیم!
ئێمە بۆ داوایەک هاتووین
ڕوومان کردۆتە ماڵەکەت،
خۆت ئەزانی،
عومری تۆ ئێجگار درێژە...
عومری ئێمەیش زۆر کەم و کورت،
ئەڵێین بەشکو لەو تەمەنە
سەرو چەند ساڵێکی خۆمان پێببەخشی!
قاژوویش هەڵیدایە و وتی:
- بە هیواین دڵمان نەشکێنی!
مام کیسەڵ ملی درێژکرد، ئەوسا وتی:
- باشە! قەلەباچکەی پۆلیس!
تۆ پێم ناڵێی عومری درێژت بۆچییە؟



Scanned with CamScanner

بۆ ئەوەی خەڵک و خوای زۆرتر
دارکاری کەی؟
بیانگری و بیانخەیتە زیندانەوە و
ڕسوایان کەیت؟!
دڵنیابە و ئەوە بنێرە ژوور سەرت،
من یەک دەقیقەی عومری خۆم
نادەم بە تۆ!
تۆیش ئەی قاژووی بازرگان و
قاچاخچی سەر ئەو مەرزانە،
بۆ ئەوەی پارەی زۆر زیاتر
کەڵەکەکەی لەسەر یەکتر؟!
پێم ناڵێی کەی تۆ تێر ئەخۆی؟
بڕوابکە نەک سێسەد ساڵ،
هەزار ساڵیش بژیم ئینجا،
نیو دەقیقەم نادەم بە تۆ!
من ئەگەر عومر دابەش کەم
بۆچی نەیدەم
بە کۆترەباریکەی شاعیر،
هەتا دوو شیعری جوانترمان بۆ بنووسێ،
بۆچی نەیدەم



Scanned with CamScanner

ئا بەم قومرییە وێنەکێشە،

هەتا دوو تابلۆی نوێترمان بۆ بکێشێ،

تێگەیشتن؟!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٥



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## بانگهێشتی!

شەوێک هەرچی
شیعری جوان و ڕووت و قووتی
«قوباد» هەیە،
بە بانگهێشتێکی تایبەتی
هەموویانم لە ژوورەکەم کۆکردەوە،
وەختێ حۆرییەکەی خوا هات و
لەسەر جێم خۆی ڕووت کردەوە،
شیعرەکان هێندە سەرسام بوون،
هێندە مەست بوون،
هێندە شێت بوون،



Scanned with CamScanner

لەتاوانا یەکە یەکە عاشقانە
خۆیان هەڵواسی بە پرچ و بە گەردن و
بە شان و مل و مەچەک و
بە قۆڵ و مەم و ناوک و
بە کەفەڵ و بە کەمەردا و،
وتیان ئەوە ئیتر حوکمە و
دوا بڕیارە
جارێکی تر
ناچینەوە لای «قوباد» و
ئەویش بۆ خۆی
بەر قاپی کام دادگا ئەگرێ
بۆ خۆی بیگرێ... ئەمە حوکمە،
«تەمیز»یشی ئەکاتەوە با هەر بیکات!
ئینجا دادوەر هەرکەسێ بێ

«ئەبو نەواس»؟
یان «شێخ ڕەزای تاڵەبانی»؟
یان «قەبانی»؟!
دوا بڕیارە و ناچینەوە بۆ لای قوباد
ئەمانەوێ هەر لەم ماڵە و
لە بەفری گەرمی بەژنی ئەم
پەری خودای سەر ئەرزەدا،



Scanned with CamScanner

لەم ژوورەدا سەیری کەین و
بۆ دواجاریش هەر هەموومان،
لەو لەشەدا بتوێینەوە!

سلێمانی- ٢٠١٢/١٢/٢٦



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## تۆفیق وەهبی
## گوڵەهێرۆی سەرلق سپی!

هەمووکاتێ
بە ڕۆژ بێ یان شەوان درەنگ،
بەسەر «پیرەمەگرون»ـەوە
ڕۆحێ لە هات و چۆدایە... سپی سپی
دەمێک پەروانەیە ڕۆح و
دەمێکی تر، شیعرێکی باڵداری «نالی».
لە دەربەندی بەسامیشدا،
جارێ ئەبێ بە باڵا ئاوێنەی بەفر و
جارێکی تر بە گێلاخەی دەوری کانی.



Scanned with CamScanner

به ڕۆژ بێ یان شەوان درەنگ...
ڕۆحێک لەوێ، لەگەڵ کێل نووسێکی کۆندا،
دێت و ئەچێ و دێڕی سەر کێل
هەر ئەم و خودا تێی ئەگا،
چی ئەڵێت و چۆن ئەنووسرێ!

ڕۆحێک لەوێ، به ڕۆژ بێ یان شەوان درەنگ،
له سامالْدا یان سایەقە،
دەمێک ئەبێ به ئەشکەوت و
یان داربەڕووی هەزار ساڵە و لەناکاویش
له ئاسۆیەکی تاریکدا، ئەبێ به چل چرای شەبەنگ.

بەسەر پیرەمەگرونەوە ڕۆحی له ورشە ورشدایە،
دێت و ئەچێ و لەمسەر ئەبێ به مێژووی بەرد،
لەوسەر ئەبێ به تیرێژی «گاتاکان» و
به هێماکانی «ئاڤێستا» و به زمانی «سانسکریتی» و،
ئینجا ئەیشبێ به تاڵەمووی ڕیشی «زەردەشت»

پیاوێک لەسەر ئەو شاخەیە،
لەگەڵ «مانگ»دا دێت و ئەچێ،
دەستی لەناو دەستی «با»دا و



Scanned with CamScanner

دڵی لای «مەلەک تاوس» و
چاویشی هەر لەسەر خەمی سلێمانی!

پیاوێک لەوێ لەسەر لوتکە ڕاکشاوە،
ئەو... مردنی جێهێشتووە و
گەیشتۆتە ناو نەمریی،
تۆفیق وەهبی!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٦



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

## پرسیار

که مرۆڤ نەبوو... گوڵ چییە،
چەندە جوان بێ و
چەند بۆنخۆشیش!

کە ژن نەبوو... ژیان چییە،
با هەزار ساڵیش من بژیم؟!
کە ماڵ مۆسیقای تیانەبوو،
ئیتر «گوێ» بۆ ئەبێ هەبێ؟

کە شیعرێ، ناخ نەبزوێنێ و



Scanned with CamScanner

لەناو زەینا
چرای خۆی دانەگیرسێنێ و
ناو بە ناو داتنەچڵەکێنێ،
تۆ پێم ناڵێی بۆ بنووسرێ؟!

کە ئازادییش نەبوو ئیتر
گوڵ یەعنی چی و
ژن و مۆسیقا یەعنی چی و
شیعر چییە و
ژیان خۆی چی؟!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٧



Scanned with CamScanner

## له تووڕەبووندا

جارێک پەشیمان بوومەوە
لەوەی لە تووڕەبوونێکدا،
دڵی وشەی شاعیرێکم ئازار دابوو
چووم بۆ لایی و ماچم کرد و
دڵی وشەم چاک کردەوە.
جارێک پەشیمان بوومەوە
لەوەی لە تووڕەبوونێکدا،
بەسەر ژنە دارسێوێکما نەڕاند،
بەڵام دوایی چووم بۆ لایی و
باوەشێکم پێدا کرد و



Scanned with CamScanner

ماچێکی زۆر گەرمم کرد و
تەڵێ گوڵیشم پێشکەش کرد.
جارێکی تر هەر زوو پەشیمان بوومەوە،
وەختێ هەروا دەستم برد و
بەدەم ڕێوە
چڵی جوانی دارتوویەکم شکاندەوە،
گەڕامەوە و ماچم کرد و
داوای لێبوردنم لێکرد.

بەڵام لەبیرمە ساڵێکیان
بەسەر کۆمەڵێ مرۆڤدا،
تووڕەبوونم گڕی گرت و
تووڕەبوونم بوو بە فیشەک،
نەڕەنەڕم بە برووسکە و
هەروەکو شێت... هاواریشم لێئەکردن
بۆ مەرگ... بۆ مەرگ،
تا مردنیش لەو شێتبوونە و
لەو هیستریای تووڕەبوونە و
لەو مشاری هاوارانەم،
پەشیمان نیم
«ئەوانەی هەڵەبجەیان کوشت!»

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٧



Scanned with CamScanner

# لاسایی

پایپەکەی «چەرچڵ»م نا
بە لێومەوە،
پایپ وتی: دامنێرەوە و
لاسایی کەس مەکەرەوە.
شەپقەکەی «چارلس چاپڵن»م
کردە سەرم،
شەپقە وتی: من هی تۆ نیم
دامنێرەوە و لاسایی کەس مەکەرەوە.
قژم، وەکو قژی هێتلەر
بەلادا خست

قژم وتی تا زووە تێکم دەرەوە
سمێڵم کرد بە سمێڵی ستالین و
سمێڵ وتی یان بمتاشە
یان وەکو خۆم لێکەرەوە.

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٢٩



Scanned with CamScanner

## غرور

ڕووبارێکی لەخۆبایی
لەسەرڕاوە بە هاژەهاژ،
بەرەو دەشتی دامێن ئەهات
لە ڕێگەدا،
جۆگەلەیەکی سیسی دی
پێی پێکەنی و
وتی: سیسە بۆ کوێ ئەچی؟
ئەویش لە ترساندا وتی:
بۆ هەر شوێنێ کە تۆ بچی.
ڕووبار وتی:

چڕوچاوی وەک تۆم ناوێ
لەگەڵمابێ!
جۆگەلە لایدایە کەنار دوورکەوتەوە،
لەپڕێکدا،
گرمەگرمێکی گەورە هات
شاخی چەویین بەلادا هات،
نیوەی کەوت بەسەر ڕووباردا
غرور لەژێر چەودا خنکا،
هێندەی نەبرد

جۆگەلەی سیس، دەم بە خەندە
گەڕایەوە و ئەمجارەیان،
بەسەر لاشەی ڕووباری لەخۆباییدا
هەنگاوی نا و
دەم بە خەندە،
تێکەڵ بە زێی
ئەوبەر بۆوە!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

## شیعر و شەراب

شەرابی جوان و شیعری جوان
لەیەک ئەچن
تا کۆنتربن... تازەترن،
فەرموو قومێ
لە چوارینەی خەیام بدە و
پیاڵەیەک تێکە،
لە بادەی نوری مەحوی و
پەیمانەیەک
لێوان لێوکە،



Scanned with CamScanner

لە شەرابی شیعری نالی و،
ئەوسا ئەگەر نەیانکردی
بە پرسیارێکی سەرخۆش و
بە نیشانەی سەرسوڕمانێکی ئەبەدی،
بڕوا مەکە!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

## ڕووان

پۆلێ لە وشەی شیعری جوان
لەسەر ماڵەکەم نیشتنەوە،
لەدواییدا سەربانی ماڵ
بوو بە گوڵجاڕ.

هەندێ نۆتەی مۆسیقارێ
کەوتنە ناو ژوورەکەمەوە،
لەدواییدا کورسی و مێزم
گوڵی هێرۆ و لاولاویان گرت،
من بۆ خۆیشم بووم بە شمشاڵ،



Scanned with CamScanner

کۆمەڵێ وشەی وتاری سیاسییەک،
کەوتنە ناو حەوشەیماڵەوە،
لەدواییدا
وەختێ کە وشەکان ڕووان،
هەموویان بوون بە دڕک و داڵ!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

# خۆڕاگری

فریوی نەخوارد ئەو دێڕە
سەرفرازە،
وەختێ قافیەیەک ویستی
بە چەند حەرفێکی هەنگوینی
تەفرەی بات و
لەدواییدا پێوەندی کات.

فریوی نەخوارد ئەو تارە
سەر ئازادە،
وەختێ نەغمەیەکی نەشاز



Scanned with CamScanner

لەسەر باڵی دراوی تێر،

خۆی کرد بەناو ڕیتمەکانیا و
ویستی لە ڕێگە لای بدات.

فریوی نەخوارد و نەخوارد
ئەو قەڵەمە بێ پەنایەی،
وەختێ کە بێدەنگی ویستی
پەنای بات و
دەمی داخات،
فریوی نەخوارد و نەخوارد!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

## بەگوێ نەکردن

ویستم ئەوینت بخەمە چوارچێوەوە و
لە شیعرێکدا،
بە مانگەشەو، سنوورێکی بۆ بکێشم،
چواردەوریشی بە گوڵ بگرم،
ئینجا سەرکەومە سەر شانی
چاوەڕوانی و،
لەناو دڵما هەڵیواسم،
وەلێ نە پەنجە و قەڵەم و،
نە خەیاڵ و نە «زمان»یش،
هیچیان بەگوێیان نەکردم!



Scanned with CamScanner

ئەو وەختەی من
ئەمویست ژوورێک
بکەم بە تابلۆ بۆ جوانیت،
پەنجە ئەیکرد بە باخێک و
قەڵەم ئەیکرد بە شارێک و
خەیاڵ ئەیکرد بە ئاسمانێ و
«زمان» ئەیکرد بە بەحرێک و
لەدواییشدا،
منیش بۆ خۆم
تیا غەرق ئەبووم!



Scanned with CamScanner

# ترسان

تۆ ئەشێ، شەوی سووریا
بکوژیت و
دەست بەریت و
لە هەناوی ڕەشی ئەودا،
خۆر دەربێنی و
خۆر هەڵبێنی،
بەڵام ئەوەی کە شیعری من
لێی ئەترسێ،
ڕیشی درێژت و
ئایینی ئەوپەڕگیرت،



Scanned with CamScanner

وا کوێرتکا
لەبەر ڕۆشنایی خۆریشدا،
جگە لە ڕیشەکەی خۆت و
حەفتا حۆریەکەی خەیاڵت،
ئیتر هیچی تر نەبینی!



Scanned with CamScanner

## فورات

له کۆچێکدا که ڕەشەبا
گڤەیەکی جگەرگۆشەی لێ بەجێما،
ئیتر تا مرد
ئەو حەسرەتە لە دڵ و چاویا دەرنەچوو!
لە میحنەتی شەوێکیشدا، تیترواسکێ
لەو دوو هێلکەیەی کردبووی،
کە یەکێکیانی لە کەنار
گۆمیلکەکەدا بەجێهێشت،
لەدواییدا و لە بەرزترین فڕیندا،
ئەو چاوێکی هەر لەسەر ئەو گۆماوەبوو.



Scanned with CamScanner

ئەوکاتەی منیش لە کۆچدا و
لەسەر فورات،
قەسیدەیەکم ئاو بردی،
هەتا ئێستەیش نەک هەر فورات،
لە دنیادا هەرچی ڕووبارێ ببینم،
وائەزانم شیعرەکەمی لەناودایە و
چاوێکم هەروا لەسەری!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

## له هەردوو سەرەوە

هەموو جارێ... لەمسەرەوە
کە خۆم ئەدەم
بەدەم خەیاڵی خوڕەوە،
لەوسەرەوە... وا هەست ئەکەم
من تاڤگەی ناو قەسیدەم.
هەموو جارێ... لەمسەرەوە،
بە هێوری... کە ئەچمە ناو
خەیاڵێکی زۆر قووڵەوە،
لەوسەرەوە... وا هەست ئەکەم،



Scanned with CamScanner

من گۆماوێکی بێ بن و

زۆر بەرینی

ئەم زمانەم.

Scanned with CamScanner

## ڕاوێژ

بۆ ئەوەی لاواندنەوەیان
زۆر جوانتر و
گریانیان شۆخ و شەنگتر و
فرمێسکیان ئاوەدانتر بێ،
ملوانکەیەکی جێماوی ئەو گوندانە
ڕاوێژی کرد بە دارێکی
تاق و تەنیای بێوەژن و،
درەخت ڕاوێژی بردە لای
ئەستێرکێکی سک سووتاو و،
ئەستێرکیش ڕاوێژی بردە



Scanned with CamScanner

لای گردێکی هەڵقرچاو و،
گردیش بردیە لای پاییز و،
پاییزیش بردیە لای دایکم!

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣٠



Scanned with CamScanner

## سەرلێشێوان

شپرزەیی شاخ بەوەدا دەرئەکەوێ،
بەردی جەستەی خۆی هەڵکەنێ و
پێ بزانێت و نەزانێ،
لوتکەی خۆی نزم کاتەوە.
سەرلێشێوانی ڕووباریش
هەر بەوەدا دەرئەکەوێ،
ئاوی ڕۆحی بەفیڕۆبا و
پێ بزانێت و نەزانێ،
لە تەوژمی سبەینێی خۆی،
کەم کاتەوە.

سلێمانی ٢٠١٢/١٢/٣١



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# شەوی سەریساڵ!

پەریخانم!
ئەمشەو لەژێر
ئەم داری سەری ساڵەدا،
کە دوو میلی سەعات جووتبوون!
دوو چڵی ترمان وشک ئەبن.
دوو چرای ترمان کوێر ئەبن.
بە بەرچاوی خۆمانەوە،
دوو جۆگەلەی جەستەمان و
دوو جریوەی خەونەکانمان،
جێمان دێڵن و تێئەپەڕن و نایەنەوە جارێکی تر!



Scanned with CamScanner

پەریخانم!
چەند عەشقی تر
چەند دووانەی تر
وەک من و تۆ،
لەژێر ئەم دارەدا زووتر
ساڵانی گەلێ لەپێشتر،
بۆ پێشوازی ساڵێکی نوێ
باوەشیان کرد بە یەکتردا و
ماچەکانیان بوون بە مەل و
پەنجەکانیان،
بوون بە گڵۆپی سەوز و سوور،
کەچی ئێستا لەم شوێنەدا...
بە تەنها هەر ئەوان دیارنین
پلیکانەکان هەر ماون... دیوار ماوە... کەوچک، چەتاڵ،
قاپی شەراب، پەرداخەکان، هەموو ماون،
وەلێ ئەوان... دووانەکانی ماچ و ئەوین،
کەسیان دیارنین،
بەداخەوە... پەریخانم... بەداخەوە،
لە جەژنی سەری ساڵێکدا،
من و تۆیش وەها ون ئەبین،
بەداخەوە پەریخانم!



Scanned with CamScanner

## ئەمین زەکی

ئەو لەپێشدا گوێی لە بەرد گرت
گوێی لە دەربەند و کەوێڵ و
گوێی لە ڕەگ گرت... تا بزانێ،
کە ئەم کوردە بنەچەکەی لە ئاگرەوە
ئەچێتەوە سەر کام شاخ و داخی باوک و
کام ڕەزی دایک!
ئەو لەپێشدا گەڕایەوە بۆ پێش مێژوو،
«لۆلۆ»ی لە ئەشکەوتدا ناسی،
«گۆتۆ»ی لە ڕاوی نێچیری
دڕی دارستاندا ناسی.
«کاردوخ»ی کرد بە باپیرە هەرە گەورە و



Scanned with CamScanner

ئەشکەوتەکەی «شانەدەر»ییش
بە ڕەگی دایک!
ئەمین زەکی
وتی «شەرەفخان» چرامە و مامۆستامە و
«شەرەفنامە» خوێندنگامە و
کورد سەرچاوەی یەکەمینە و
دڵی کوردستان ڕێگامە!
سەدەی بیستەمین هاتبوو
لەگەڵ خۆیدا مەشخەڵی عەقڵی زۆر تازەی هەڵکردبوو.
ئەو ئەیزانی وەختێ کە هۆشیاریی نەبێ،
خەونەکانی سبەی ڕۆژێش نایەنە دی!
ئەو ئەیزانی مێژوو هۆشە
تا ئەو هۆشەیش پەیدا نەبێ،
نە چرا خۆی دائەگیرسێ و نە مرۆڤیش ڕائەچڵەکێ!
ئەو ئەیزانی ئەو وەختەی مێژوو ئەنووسێ... عەقڵ ئەنووسێ،
لەو عەقڵەوە پێناسەی «کورد و کوردستان»
ئەداتە دەست هەموو جیهان.
ئەمین زەکی
ئێمەی نووسی. خاکی نووسی. خۆرەتاو و ئاوی نووسی.
بنەچەی ئەم قەومە کۆنەی
لە قوڵایی ئەشکەوتەوە،
هێنایەوە بەر ڕووناکیی!

٢٠١٣/١/٤



Scanned with CamScanner

## شەقژنی ژان

من شاعیری نەخشەییێکم
بە کام زەڕەبینی وردی مێژوو هەیە، تەماشای کەم
شوێنێکی ساغ بە جەستەیەوە نابینم.
ئەو بەیانییەی شەبەقێ ئەکەنە «سەر»ی باکووری،
هەر هەمان ڕۆژ بۆ ئێواری،
لە ڕۆژهەڵاتدا دەستێکی ئەبێ بە کەناری ژان و
بۆ سبەینێیش دەستەکەی تری ڕۆژئاوای،
بە قیژەی سوور.
هێشتا ئەوان خوێن ئەکەنە
ناو ئەستێرکی کەمەرەوە،



Scanned with CamScanner

لەخوارەوەیش قاچەکانی بەر برووسکەی
شمشێری مەرگێکی تازەی تر ئەکەون.
ئاخر بۆیە کە شیعرەکانم ئەبینی،
تیایاندایە ئەشەلێت و تیایاندایە قۆڵ لە ملدا و،
شیعرم هەیە، دارشەقێ لەبن هەنگڵدا و،
شیعرم هەیە، هەتا ناوقەد وشک وشک و،
ڕستەم هەیە، دەربەدەر و،
وشەم هەیە، هەر تەواو لاڵ!
من شاعیری وڵاتێکم، لە یەک وەختا بە دەستی ڕاست
ئەنووسم و بە دەستی چەپ ئەنووسم و بە پەنجەی پێ و
پەنجەی کۆست و بە پەڕی مەلەک تاوسی بریندار و
بە بزماری سەر خاچەکەم ئەنووسم و بە نووکی هاواری
کەرکووک، بە دووکەڵی تورکومانی و بە خۆڵەمێشی ئاشووری و
بە ڕیزە تابووتی ئەنفال، بە بەردی شوورەی ئامەد و،
بە پرچەکانی هەڵەبجە ئەنووسم و ئەنووسم و،
بەڵام هێشتایش
ئای خودایە!
فریا ناکەوم بنووسم و
هەرچەندە خۆیشم هەڵئەبڕم،
بەڵام شیعرم هەرگیز ناگاتە قولەپێی
کوردستانی خەم و ئازار!

سلێمانی ٢٠١٣/١/٧



Scanned with CamScanner

## عەبدوڵڵا جەوهەر
## سەرتاپا گزنگ... سەرتاپا گەوهەر!
(پەخشان)

وەختێ ئەدوا... شنەبایەک لە دەنگیا بوو
لە ئەسپایی ئەسپاییتر... نەرم نەرم ئەهات ئەیدا،
لە پەڕەی دڵ و پەردەی گوێ... وەختێ ئەدوا،
وەختێ ئەڕۆیشت... لە جۆگەی ڕوونی بێ خوڕەی
بەر سێبەری نزارێکی کش و مات و هەنگاونانی،
لە هەنگاوی هەتاوێکی بەکاوەخۆی بەیانیانی،
بن بنار و ناو تەلان و لاپاڵ ئەچوو.



Scanned with CamScanner

کە دائەنیشت... کورسی ژێری دوای چەند چرکە،
پێی ئەزانی کە لە سەری دانیشتووە!
کە هەڵئەسا... پێی ناخۆش بوو...
ئەو گوڵی سپی لۆکەیە، بۆچی ئەڕوا.

باریکەلە... وەک تاژانی دارچنارێ،
کە هەر ئەوەندەی بتوانێ لە ڕاڕەوی
مانگەشەوێکی زۆر تەنگدا، بێت و بچێ.

قسەی فێنک... وەک ڕێڕەوی قەیسەریەکان
لە هاویندا... گەرمیش وەکو قسەی خۆشی
دەوری زۆپای سوورەوەبوو، لە زستاندا.

دەم و چاوی وردیلانە. لووتی بچووک
گونجاو لەگەڵ دەم و لێوێکی باریک و دەم و لێویش
گونجاو لەگەڵ چەناگەیەکی بچووکدا... هەردوو چاویش
پڕ لە تەماشای قووڵ قووڵ و پڕ گزنگی زیرەکانە.

وەک ڕانک و چۆغەکەی بەری سادە.
سادە، وەکو سەماوەر و قۆری و پیاڵە و
باوەشێن و شەکردانی هەردوو چایخانە گچکەکەی
«مام ساڵح» و «وەستا شەریف». سادە وەکو کلووی بەفر،

دەنکە تەرزە، یان پەپوولەی تاک و تەرای
خلەوەبووی پاییزانە.

بە ڕواڵەت، وەک بوارێکی زۆر تەنک،
کە منداڵێک پێی بوێرێ و خۆی لێبدا.
بەڵام ئەو وەختەی کە بوار ئەیبردینە ناو خۆیەوە و
وەک گێژاوێ، زەینی تیژ و، پژوپۆی ڕووناکیی هزر و،
زانیاری زۆر، قووتی ئەدابن... ئەوسا ئیتر ئەمانزانی
لەکوێی ئەم بەحرە قووڵەداین.

کتێبێ بوو، نزیکەکانیش زۆر گران، هەندێ دێڕیان
لێ خوێندەوە، بەڵام ئیتر هەموو پەڕەکانی ئەم کتێبە،
هەڵنەپچڕاو، دوو دوو بەیەکەوە نووساو، خودا چۆنی
چاپ کردبوون، وایش مانەوە.

پرسیار بوو لەناو پرسیاردا، گومان بوو لەناو گوماندا.
«زێ»یەک بوو، جامێک ئاوی سینە و دڵی
خۆی ئەدایتێ و ئەو تێری ئەخواردەوە: خۆ خواردنەوە.
تەنیایی و مەراق خواردنەوە. بێهۆشیی خەڵک... خواردنەوە.
تاریکیی مێژوو خواردنەوە... تاڵاوی کوردبوون... خواردنەوە.
گلدانەوەی شەو لە چاودا، هێشتنەوەی تڵپەی



Scanned with CamScanner

میراتی هەزار ساڵەی خۆکوژی و دین و خورافات،
لە بنی بنی هەناودا، قوم قوم شەوەزەنگ خواردنەوە،
ئەوە «عەبدوڵلا جەوهەر» بوو.

ساڵانێ بوو، ئەو قەڵەمێکی زیتەڵەی بەر باخەڵی
گەرم و گوڕی «گەلاوێژ» بوو، نووسینی وەک
ئاوی ڕەوانی بەفراوان، دوور لە وشە و دەستەواژەی

لێڵ و لیخن. کە ئەینووسی ئەتوت دارسێوێکی
«ئالان» بۆتە نووسەر و ئەنووسێ، ئەتوت پونگەیەک
ئەنووسێ، کۆترێ لەو کەژە ئەنووسێ، نەتئەزانی
قەڵەمەکەی پەلکە گیایە یان دەنووکی بولبولێک و
باڕەکەوێ، نەتئەزانی ئەوە کۆڵوانەی دایکێتی
قسە ئەکات و ئەنووسێ، یاخود کەوا و سەڵتەی باوکی،
یان کوچە و کۆڵان و چوخم و باخەکانی سلێمانی،
کە ئەینووسی، وشەکان ئەبوون بە کونجی، کە ئەینووسی،
بە زمانی کوڵەباڵ و بەفرماڵ و سندوقی بوراق ئەینووسی.

ئەو بە قەدەر پیرەمەگروون کورد بوو، هێندەی ڕۆحی
سپی «گاندی»یش مرۆڤ دۆست بوو، دڵی هێلکە کۆترێکی
ناو هێلانەی تەنیایی بوو. «جەوهەر» ئەو خۆڵەمێشە بوو



Scanned with CamScanner

کە لەسەر پشکۆی گەشاوە هەڵنیشتبوو. لەلای ئێمەی کوڕ و کاڵ و شاگردی ئەو، بەقەد شەقامی مەولەوی و هۆڵی کتێبخانەی گشتی و لاکێشەی مەلعەبەکە و سێوی بن عەرد و پێشۆک و پەندەکانی پیرەمێرد و یەکەم بەفری نوا باریو، خۆشەویست بوو.

وەک بەری دەست و پەنجەیی و، مووی قژی ماش و برنجی و سپێنەی چاوەکانی خۆی، مێژووی گەلەکەی ئەناسی، قەڵەمی جوانی ئەناسی، ئەو ئەیزانی جوانترین باخی پەخشان و بارانی شیعر و قەسیدە، لەلای کێیە؟ ئەو وەختەی ئەچووە بەردەمی (نالی)، ئەبوو بە کەوانەی سوجدە، وەختێ ئەگەیشتە سەر (بلە) و زمانەکەی، چاوم لێبوو: ئەبوو بە گوڵ خەندەران و هەموو جەستەی

پێئەکەنی، وەختێ ئەگەیشتە سەر لوتکەی شیعری «گۆران»، سەیری قۆپی قەرەداخ و شاخی زەردە و نیشتمانی گوڵەزەردی ئەوێی ئەکرد، ئیتر جەوهەر لە خۆشیاندا، سەری ئەبوو بە گەواڵە هەور و دائەڕژا و تێکەڵ ئەبۆوە بە سیروان. ئەوەی کە باسی نەئەکرد، ئەوەی لێی دوور ئەکەوتەوە ناوی بێنێ، تەنها و تەنها هەر قەڵەم و بەهرەی خۆی بوو.



Scanned with CamScanner

ئەوە چی بوو؟! لەو ڕۆحە خۆنەویستەدا؟!
کە فڕینی خۆی دیل ئەکرد، ئەوە چی بوو؟ لەو
گەرداوی پرسیارەدا کە چارۆگەی خۆی دائەگرت؟
ئەوە چی بوو؟! لە گومانی ئەو دڵەدا کە نەیئەویست
دەنگی دەربێ و بێدەنگ ئەبوو؟! ئەوە چی بوو

لەو کتێبە نەهێنیە و لەو قەڵەمە تەنیایەدا.
تێنەگەیشتم! ئێستا و ئەوسایش تێنەگەیشتم!

تەنیا ئەژیا... وەک خەمی خوا و
ئەو درەختە تەنهایانەی
کە هەر خۆیان ماونەتەوە و
بەجێماون لەسەر گردێ
تەنها ئەژیا،
وەکو شیعرێکی نالی بێ و
بەجێمابێ لەم شارەدا،
پەنجەرەیەک غەریب بە ماڵەکەی خۆی و،
باڵندەیەک غەریب بە ئاسمانی خۆی و،
«ژێ»یەک غەریب بە ئاواز و نەغمەی خۆی و،
غەریب... غەریب،
تەنیا ژیا و لە هێلانەی تەنیاییشدا، بە تەنها مرد!



Scanned with CamScanner

چەندین وەرزە... تەمەنێکە... عومرێ لە شەو
قەسیدەیەک بووە بە مۆم، لە دڵمایە و داگیرساوە و
ناوی «عەبدوڵلا جەوهەر»ە. لە هەرکوێ بم، من ئەو
مۆمەم لەگەڵدایە و لەسەر چیا، ئەو وەختەی بەردمان
کردبوو بە کتێب و گەواڵە هەور بە کاغەز و قەڵەم بە گیا.
ئەو ڕۆحەم هەر لەگەڵدا بوو... لە کەناری ئۆقیانوسدا
لەگەڵ خۆمدا، ئەو پیاوەم برد بۆ ئەوروپا... زەردەخەنەی
ئەو عەشقەم برد بۆ لای لۆرکا. هێمنیەکەی ئەو،
ئەو حیکایەتە تەنیایەم لەگەڵ خۆمدا برد بۆ چیخۆف.
ئەویان کردی بە زەردەپەڕی شیعرێک و ئەمیان کردی
بە چیرۆکی شمشاڵێکی باریکەلە و لە سیبریا، کۆیلەیەکی
سۆڤیەت بۆ خۆی لێی دا. لەگەڵ خۆمدا خۆشەویستیی
ئەو پیاوەم برد، دامە دەستی هەتاوێکی پێست ڕەشی
خوارووی ئەفریقا و، ئەویش کردی بە یەک مەدالیای
کەسکی ڕۆژی ئەوینی ئازادی و، کردیە گەردەنی ماندیلا.

من ئەمشەو، وشەی سەرخۆشی ئەم زمانەم
سەرخۆش بە بادەی جەوهەرێ.
کە کردوومی بە «با» و بایەوانی
بەلەمێکی سەر هەڵگرتووی شێت و شەیدا.
سەما ئەکەم... بە چواردەوری... بازنەیی
ئەم یادەدا سەما ئەکەم، جارێک وەکو سەمەندەر و

جارێکی دی وەک کەمەری گەردەلوولی
شیعرێک، لەسەر دوندی چیا.
سەما ئەکەم... ڕانک و چۆغە خورماییەکەی لەبەرمایە و
کڵاشەکەی لە پێمایە و پشتێنەکەی - کە لە کراسی
دایکی بوو - لە قەدمایە و... باریک باریک سەما ئەکەم.
ئاواتە جوانەمەرگەکەی لەگەڵمایە،
خەزانە خۆڵەمێشییەکەی و پاییزی وشەی زمانی،
لەگەڵمایە.
سەعاتەکەی لەدەستمایە و سەیری زەمانی زوو ئەکەم.
من ئەمشەو پڕپڕم لە تەم،
لە مانگەشەوی خۆڵاویی،
ئەستێرەی کوژراو ئەبارێ بەسەر سەرما و،
جریوەی سوور، تەڕی کردووم.

لەسەر گۆڕەکەی وەستاوم،
سلێمانی فرمێسکێکە وا لە چاوما و
لە فرمێسکدا جەوهەر دیارە و
دڵۆپ ئەڕژێ و جەوهەر ئەڕژێ و
منیش لەگەڵ هەردووکیاندا،
قەسیدەیەکی ڕژاوم.

لەسەر گۆڕەکەی وەستاوم،



Scanned with CamScanner

جەوهەر ئێستا وەکو نیشانەی سەرسوڕمان
لەبەردەممایە و ئەیبینم، لەناکاویش
ئەبێتەوە بە پرسیار و دێت و ئەچێ و،
کە ئەمبینێ ڕائەوەستێ و
دەستێک ئەخاتە سەر شانم.

((ئەگەڕێمەوە سەر کورسی چایخانەکەی جاری جاران،
سێ چوار گەنجین سەرمان بردۆتە پێشەوە، نزیک
دەمی، قسەی ئەکرد، قسەی تازە، قسەی
خەتەر. لە بازنەی ناوهێنانی دیکتاتۆردا کە
ئەوترا «مۆسۆلینی» یاخود «هیتلەر»، ئەو ڕستەکەی
تەواو ئەکرد: کەڵبەی «ستالین» لە کەڵبەی «مۆسۆلینی» و
کەڵبەی «ماو سی تۆنگ» لە کەڵبەی «هیتلەر»، زۆر
تیژترن. بیرتان نەچن، ئەم کۆمارانەی سۆڤیەت،
هەر هەموویان کۆماری ترس و مردن و سێدارەن و
درۆی گەورەی ناو دیرۆکێکی خوێناوین...
ئەو ڕۆژگارە گەرووی ئەم دەنگانە کەم بوون،
لە ڕۆژهەڵاتدا هەر نەبوون، ئەو ڕۆژگارە لە دەنگی
تەپڵی سوور زیاتر، نەئەبیسترا!))

((ئەو نە زەریای چەنەباز و هەڵەوەر بوو،
نە شەپۆلانی زۆربلێ و نە هاژەهاژی غرور و

نە وژەوژی هەڕەشەی دارستانە چاو سوورەکان.
نە ئەستێرەی خۆپەرست و، نە ڕووناکبیری فیزلێدەر،
چون باڵەخانەی لووت بڵند، بەسەر کوچە و خانووە
نزمەکانی شاردا. بە بێدەنگیی ئەو وەکو بەفر
ئەباری، بە بێدەنگیی وەکو کانییەک، هەڵئەقوڵاو
وەک پەلکەگیا، سەری لە خاک دەرئەهێنا و، چون
خەمی کورد تەنیا و تەنیا))

لەسەر گۆڕەکەی وەستاوم،
وەفام وەک لقی شۆڕەبی دائەنەوێ،
تەختی تەوێڵی ماچ ئەکا.

بە پەنجەی یاد لەسەر کێلەکەی ژوور سەری،
بە هەندێ گەڵای خەزان و بە چیلکەیەک
وەکو ئێسکی ئەمێستاکەی
وشکەوەبوو... بە چیلکەیەک،
کە خۆڵاوێک لە چاڵێکدا
بۆتە شووشەی مەرەکەبی،
«با»یەکی سەرگەردان دێت و
ئەم شیعرانە لە گیرفانی هەورێکی سەر سلێمانی
دەرئەهێنێ، لەسەر کێلەکەی ئەنووسێ:



Scanned with CamScanner

ئاڵێرەدا حیکایەتێ ڕاکشاوە
لە هێوریدا، تریفە ئیرەیی زۆر پێئەبرد و
ئاڵێرەدا، ئەو پەخشانە پاڵ کەوتووە.

کە بۆ پاکیی بەفر کردی بە هاوڕێی دەستەڕاستی،
زمانی کوردی پێی ئەوت:
تۆ ئارمی سەر ناوچەوانمی.

ع. جەوهەر...
خۆی تەنیایە و خۆی یەک کەسە و
وەلێ ئێستا،
چوار ماڵی هەیە و تیا ئەژی...
ماڵی سروەیەک لە کەلی «ئاویەر»دا و
ماڵی خوێنی قوربانییەک لەسەر شەقامی «ئامەد» و
ماڵی چاوی گوڵەبەڕۆژەیەک
لە کێڵگەیەکی «عفرین»دا و
ماڵی چوارەم... ماڵی چۆڵی قەڵەمێکی بێ ژن و ماڵ،
بێ منداڵ و بەبێ نەوە و غەریب لەناو
شاری خۆیدا،
تاق و تەنیا...
وەک مەلێ لە پۆل دابڕاو،
چون باڵەبانێ گۆشەگیر



Scanned with CamScanner

تاق و تەنیا،
وەک ئەم فرمێسکەی چاوی من
لەم شەوەدا،
تاق و تەنیا
تاق و تەنیا
تەواو وەک عەبدوڵڵا جەوهەر!

سلێمانی ٢٠١٣/١/١١



Scanned with CamScanner

## ئەحلام مەنسوور
## ژنێ لە حیلەی یاخیبوون!
(پەخشان)

تابووتێ لە شەو
شەو لە ژنێک و
ژنیش لە ئەڵوەن.
ئەمە لاواندنەوەی کۆتایی ئەو چیرۆکە بوو کە ناوی "ئەحلام مەنسوور" بوو. ئەو لە شارێکدا گەورە بوو کە هەژاریی و پاییز و وەرینی ژن و تەوری پیاوی تێدا، هەرە هەرە باڵا دەست بوو. گەرچی شار لەسەر ڕووباری زێڕی



Scanned with CamScanner

ڕەش و، لەسەر خەزنەی گەوهەر و ئەڵماس پاڵ کەوتبوو. وەلێ
نان لە قوڕگی ئەژدیهادا بوو. دوای لەدایکبوون، ئەو
مامانەی ناوکی ئەبڕی، ئایینێکی پیرێژنی هەزارساڵە و
پەنجەی درێژ و ڕەقەڵەی زەبر و زەنگی خورافات و،
نینۆکەکانی ئەفسانەی بیابانێکی تینوو بوو.

بێچووە پشیلە زۆر لە کچ،
بەخت و حورمەتی زیاتر بوو!
«ئەحلامێ» لە تەم،
تەم لە سەراب و
سەرابیش لە خەم،
خەم لە ژماردن نەئەهات. لە گوێ ئاوی ئەڵوەنیشدا،
ئەحلام خەونی ئەدا بە دەم شەپۆلەکانی سبەینێ و
ماسیەکانی دوارۆژەوە. وەک شەنگەبییەکی جوان، بەڵام
غەمگین، وردە وردە گەورە ئەبوو.
شەوانە بە دەم «با»ی لەناو بەردەوە هەڵکردووی
شاخانەوە، شیعرێ بوو سەمای ئەکرد.
کچێ لە خۆزگە
خۆزگە لە ڕێگە و
ڕێ لە کتێب و
کتێبیش لە دڵ.

کەوتە خوێندنەوە، کەوتە هەڵکەندن، کەوتە باڵگرتن.،
نووستنی فڕێدا و بوو بە پەروانەی عەشقی چیرۆک و عەشقی
ڕۆمان و شیعری کەڵەگەت، هەتا بەیانیی.
لەسەرەتادا
لای «پێغەمبەر»ی
«جوبران» دەرسی خوێند،
لەلای «شێت»ـەکەی ئەو، عەقڵی داگیرسان
بە «باڵی شکاو» کەوتە فڕین و
گەیشتە بەغدا و... گەیشتە ماڵی
کورتە چیرۆکی «فوئاد تکرلی» و،
کەناری دیجلەی قەسیدەی «سەیاب»

بەغدای ئەو دەمە، ئەوەندەی عەقڵی «وەردی» و
«جەواد سەلیم» و «تەها باقر» و چراکانی سەر
«ئەبو نەواس» زیندوو بوو. ئەحلام گەیشتە کۆلیج و
بەسەر پلیکانەکاندا سەرکەوت، بەڵام مێیەکی ئاسایی و
کچێکی هەروا شوێنکەوتووی قەدەر نەبوو.

کچێ لە چرا
چرا لە هزر و



Scanned with CamScanner

هزری یەکسانی و
شەوقی یاخیبوون.
لە «نەوال»ـەوە جەستەی خۆی باشتر ناسی، لە «سیمون
دی بۆڤوار»ەوە، بازنەکانی یاخیبوون گەورەتر بوون،
لە مرۆڤی یاخیبووی کامۆوە، ئیتر دەرگای
حەقیقەتەکانی بۆ کەوتنە سەرپشت، چووە
سەر شەقامی «پیاو» و پرچەکانی کرد بە ئاڵا،
چووە سەر مزگەوتەکان و یەخەی داب و نەریتی گرت،
یەخەی منارەی شاری گرت، یەخەی یەکڕەنگی و
یەکدەنگی و بێدەنگی گرت، جیاوازیەکانی ماچ کرد و
باوەشی کرد بە ئازادی تاکەکەسدا و لە هەوری منۆ، جوانترین
بارانی باراند، ڕۆژژمێری باوی دڕان، لەبەرچاوی
هەموو دنیا، مەمکەکانی خۆی دەرهێنا و دوو گڵۆپی بۆ
بیری تاریکستانی عێراق و کوردستان، زیادکرد.
ڕۆژنامەی کرد
بە پەنجەرە،
پەنجەرەی کرد
بە ئاینده و
زمانی شەرمنی ژنی،
هەڵدایە ناو ئاگرەوە.



Scanned with CamScanner

ئەحلام چیرۆکی جوانی داینێ، ڕەنگ و دەنگ جوانی داینێ، وەلێ جوانی هەرە گەورەی ئەم ئەحلامە، لەوە دابوو ئازایەتی گەورەی داینێ! حەقیقەتی ڕووت و قووتی خستە بەردەم کۆمەڵێکی دەغەزار و ترسنۆکی، ڕەگەزەکەی خۆی ڕسواکرد.

ژنێ لە حیلەی یاخیبوون،
حیلە لە فیکری بوێر و
لە تێکشکانی قەدەغە و
لە بەزاندنی
سنوورەکانی حەرام و،
لە یەکگرتنەوەی
شەقام و ئازادی ژن.
ئەحلام مەنسوور
وشەیەکی مێی گڕگرتوو،
کە دڕی بە دارستانی
چەقۆی پیاودا و
بەو مەرگەدا هەنگاوی نا و
نەگەڕایەوە بۆ دواوە و...



Scanned with CamScanner

کڕنووشی بۆ «ئینس و جن» و
جەڵدەی شەریعەت و
مێزەری خورافات نەبرد،
هەتاکوو مرد!

سلێمانی ۲۰۱۳/۱/۱۳



Scanned with CamScanner

## به پلیکانەدا...
## هەتا ژوورەکەی ئەو!

هەموو یەکشەممەیەک لەوێ
وەک کڵێسەیەکی گەڕۆکی بچکۆلەبم
لەبەر "دیا" و
عەشقی "دیا"
ئەبووم بە تاڵە موویەکی ڕیشی عیسا،
ئەبووم بە خاچ... لەبەر «دیا»
ئەبووم بە پەلکی ڕووخۆشی
سنەوبەری «کریسمس» و

بە «ئەیقوون»ی خۆشەویستی پاکیزەیی و
مۆمێکی نیوە سووتاوی
بەر پێی «عەزرا»

هەموو یەکشەممەیەک لەبەر دیا،
بە زستانان، تەم و مژی کۆنە شارم
لە غەریبی و لە باڵامەوە ئەپێچا.
بەفر بە خرچەخرچەوە، لەژێر پێمدا و
بە پاڵتۆیەکی ڕەشەوە
ملیوانەی هەڵبڕدراوی لە پشتەوە بۆ سەرەوە،
قۆپچەی زل زل
لەخوار ئەژنۆوە بۆ سەرێ، هەتاکوو بەر بینەقاقا
داخراو و
چەمکێکی ملپێچی سوورم بە دەرەوە و
ئەکەوتمەڕێ، بۆلای دیا.

هەموو، هەموو یەکشەممەیەک
ئەتوت تارمایی شیعرێکی بێ ئیقامەم،
وام ئەزانی لە سیلەی هەر
جادەیەک و کۆڵانێکدا،
ترسێکی زلی چوارشانە،



Scanned with CamScanner

وەک پۆلیسی سوور و سپی و کەڵەگەتی
جلی بەر قەرەباڵغی
شاری ئەوێ،
یەکێکیانم بۆ وەستاوە و بانگم ئەکا و
داوای پێناسەم لێئەکا!

هەموو یەکشەممەیەک بە ئێواران،
زرەی زەنگێک لە سەعات شەشی تەواودا،
لە ناوەوەمدا لێی ئەدا... نەمئەزانی
دەستی مەسیحە لێی ئەدا؟ یاخود ئەوە جەستەی
ئەو بوو کە لەبەر چاوی من ئەبوو بە خاچ؟
یاخود وەهمی
ئەو مەراق و ترسانە بوون،
کە لەگەڵ خۆم، وەکو چاو و دەست و پەنجەم
هێنابوومن، بۆ ئەوروپا؟
لە ئێستەیشدا بوونەتە نامۆیی سپی و
ساردی ئێرە و
ناوبەناوێ لە بوولێڵێکی چەپەکدا،
خۆیان نیشانی من ئەدا؟!

«کە نامۆبوویت و تەنیاییت

لەباتی خۆت کەوتە وڕێنەکردن و
سەریشت بوو بە کونەبا،
ئیتر تۆ ئاگات لێ نییە و هەر نایشزانی
کە چارەنووس وەک پەڕێکی
ناو گەرداوی کەنار زەریا،
بۆ کوێت ئەبا؟!

لە سەعات شەشی تەواودا، بۆلای «دیا»
بۆ یەکەمجار لە مانگی گوڵاندا بینیم
لە هۆڵێکدا، کە «هەڵەبجە»
دەرگای گەورەی
هاتنە ژوورەوەی خەڵکی بوو، لەوێ ناسیم.
دیا لە خۆشەویستیی ژنێکی ئەفریقاوە،
بۆ منداڵێکی ئاسیا و بۆ کۆترێکی لاتین و
تا ورچێکی ئەو قوتبانە و
تا دارتوویەکی ئۆگەندا و
هەتا ئەگاتە سەر خەمی
کەنگەرێکی ئوسترالیا...
هەموویانی لەناو دڵیا ڕیزکردبوو
«ئەو» ژنێ بوو هەموو دنیای لەناودابوو،
«دیا» وابوو!



Scanned with CamScanner

دیا نووکی قەڵەمە زەردەکەی هەنگ بوو
لەسەر هەموو گوڵێکی گۆی زەوی ئەنیشتەوە و
بەیەکەوە،
هیوا و ئازاری ئەمژی و
لەدواییدا ئەیکردن بە شانەی وتار،
شانەی ستوونی ڕۆژنامە و شانەی شانۆ و
بەسەر خۆشەویستیی بێدالّدەدا،
بەسەر لێوی منداڵاندا و
بەسەر هەتاوی ئاوارە و
شیعری بێ چەتر و چیرۆکی بێ پێڵاودا،
چونیەک دابەشی ئەکردن.
بۆ یەکەمجار لە مانگی گوڵاندا بینیم،
بەڵام لە مانگی خەزاندا،
لە ژوورە بەرزەکەی خۆیدا و
لەبەرچاوی پشیلەکەی،
تێکەڵ بووین و باوەشمان کرد بەیەکتردا.

لە سەعات شەشی تەواودا
بەسەر هەشتا پلیکانەی تەسکا
بەسەر هەشتا پلیکانەی عەشقا



Scanned with CamScanner

بەسەر هەشتا ئارەزوودا
بەسەر هەشتا پلەی خەونا،
سەرئەکەوم بۆلای دیا.

«لە یەک وەختا دیا چەپ و عیساییش بوو،
لە چەپیاندا بۆ ڕۆژنامە
هەر خەریکی کۆکردنەوەی
فرمێسکی وەک هەڵەبجە بوو،
بۆ دووەمیش ئازاری پێغەمبەرێکی
پەرەوازەی، وەکو ڕاستی و
وەکو خاچ دابوو بە کۆڵدا»

لەوێ، هەموو یەکشەممەیەک...
تەنها هەر خودا و «با»ی بەفر
ئەیانزانی بۆ کوێ ئەچم!
هەموو یەکشەممەیەک سەرما
بە زستانان، لە دەرەوەی جەستەی مندا
لە پلەکانی خوارەوەی، زۆر خوارەوەی
ژێر سفرا بوون،
بەڵام لە ناوەوەی مندا... بۆلای دیا
ژمارە ئەچوونە سەرێ و



Scanned with CamScanner

لە خانەی دەروون و سەرما،
ئەوینێ ئەیکرد بە گەرما،
سەهۆڵبەندانی شیعریشی تیا ئەسووتا،
چ دۆزەخێکی فێنکە
عەشقی دیا
بۆلای دیا.

هەموو یەکشەممەیەک، عەشق
بەناو کۆنە شار و کۆنە یادگار و کۆنە شیعر و
کۆنە چوخما ئەیگەڕانم،
شەقامەکان... بۆنی چۆڵی و
گلۆپەکان... بۆنی تیشکێکی زەردباو و
کۆڵانەکان... بۆنی تەنیاییەکی زۆر گۆشەگیریان
لێوەئەهات،
هاڵاوی دەمی کافتریا
بۆنی تووتنی جگەرە و بۆنی بیرە و،
ماڵەکان بۆنی شەراب و
چەرداخەکان بۆنی ڕیقنەی کۆترەکان و
چوخمیش، بۆنی مێژوویەکی کەڕوگرتووی
لێوەئەهات.
لەبنەوەیش



Scanned with CamScanner

هەندێ دیواری ناو «تونێل بان»یش،
بۆنی قژ و سمێڵی «سترن بێریان»
لێوەئەهات!

عەشق... ئەیگەڕانم... عەشق
بە شەقامی مۆسیقادا ئەیگەڕانم،
بەناو باخچەی تابلۆکاندا ئەیگەڕانم،
ئەیخستمە ناو کێڵگەی گوڵەبەڕۆژە و
قسەم لەگەڵ (ڤان کوخ) ئەکرد...
عەشق... ئەیگەڕانم... عەشق
بەیەکەوە ئەبووین بە میوانی «پرسیار»،
بەیەکەوە ئەچووینە ماڵی «گومان» و،
لەوسەرەوە، کە ئەهاتینە دەرەوە
گومانمان ئەکرد لە چاومان،
گومانمان ئەکرد لە دەستمان!

عەشق ئەیگەڕانم. عەشق
لەم شارەدا، ئازادی و با لەیەک ئەچن
لەم شارەدا بەفر و ئاشتی
وەکو یەکن.



Scanned with CamScanner

سەعات شەش هێشتا لەوسەرە و،
لەپێشمەوە چاوەڕوانە و من لەدواوەم،
ئا ئێستاکە سەعات پێنجە
نزیک ماڵە بێ باوک و دایکەکەی دیا،
نزیک ژوورە لەقلەقەکەی دیا،
کافتریایەک بەدی ئەکەم،
وێنەی کوپە قاوەیەکی هاڵاوبەسەر
کە هەر بە ڕەنگی قاوەیی
لەسەر جامخانەی کێشراوە

((دەسکی زۆر تەزیوی دەرگا ڕائەکێشم، کە پێ ئەنێمە ناوەوە، لەوسەر زەنگێک چەندجارێ ئەزرنگێتەوە، وەکو بە خاوەن قاوەخانەکە بڵێت «وا یەکێکی تری تازە، هاتەژوورێ» ئەچمە ژوورێ، هەوایەکی گەرم گەرم لە دەم و چاوم ئەدات و هەر دەمودەست، پاڵتۆی قورسم دائەکەنم. هەردوو پەڕەی گوێی تەزیوم ئەگڵۆفم و ملپێچ ڕائەکێشمە دەرێ، دوو قۆپچەی سەر سنگی کراس ئەکەمەوە، تۆپەڵێ تووک دەرئەکەوێ، دوو سێ جارێ، مشەمشێ و هەردوو دەست لەیەک ئەخشێنم.، پانتۆڵ گورجتر ئەکەمەوە، چاو ئەگێڕم و مێزێکی چۆڵ ئەدۆزمەوە، کچێک وەک گوڵە مێلاقە لەبەردەمما ڕائەوەستێ، «لەناو خەوێکی شیعردا، من ئەم گوڵە مێلاقەیەم دیوە»... داوای

قاوەیەک ئەکەم و هەر لە تەنیشتی جامخانەی لووس و پووسی بێگەردەوە، دائەنیشم.

دیسانەوە بەفر، بەفر کە ئەوەندە باری ئێسک سووکی لەدەست ئەدا و ڕەزای تەواو گران ئەبێ. چاوم لێیە لە دەرەوە لەژێر چەترێکی زەردباودا، ژن و پیاوێ، یەکی دەستێکیان کردۆتە ملی یەک و بە هەنگاوی خێراخێرا ئەڕۆن بەرەو جادەی سەرێ. هەر لە دەرێ، لەوبەرەوە، پشیلەیەکی قەترانی لەناکاوێ دەرئەپەڕی و لەلایەوە پیرێژنێکی پاڵتۆ سوور، دائەچڵەکی. پیرێژن لەژێر چەترێکی سەوزدایە کە تازە کلوو خەریکە بە توێژاڵێکی زۆر تەنک، ڕەنگە کەسکەکەی بگۆڕێ. پیرێژن ورد ورد ئەڕوات و بە هێواشی پێ دائەنێ، تا نەخلیسکێ و تا نەکەوێ. چاو بەرزتر ئەکەمەوە، بۆ باڵەخانەی ئەوبەرم، لەناو ژوورێکی ڕووناکدا، پەردەی پەنجەرە لادرا و، کوڕێکی باریکی قژخاو، خەریکی گیتار لێدانە و بەڵام ئەفسووس، من لێرەوە هیچ نابیسم.

لەخۆمەوە دەفتەری بەر باخەڵەکەم دەرئەهێنم، ڕەسمێکی تازەی دایکم ئەبینم. بە دوو پەنجە دەریدێنم و ئەمە ڕەنگە هەزارەمین جار بێ تەماشای کەم، بەڵام چۆن تێر لە ئاو ئەخورێ، سرکەیی مۆری ماچ ئەکەم، کۆڵوانەکەی، نقێمی

موستیلەی پەنجەی دەستی ڕاستی.، مێخەک بەنگەکەی، ماچ ئەکەم. بەفر ئەبارێ، بەفر و دەم و چاوی دایکم، تێکەڵ بە یەکتری ئەبن، دوو پەنجەم، ڕوومەتم ئەسڕن، بیرکردن و وێنەی دایکم، بەیەکەوە ئەخەمەوە بەر باخەڵم))

دێمەوە ناو چایخانەکە،
شێوەی پیاوێک... بەوبەرمەوە
ئەمباتەوە بۆ شارەکەم،
((ئەچمەوە بۆ سلێمانی
ئەچمەوە ناو شەستەکانی سەدەی پێشوو،
چایخانەکەی «حاجی ساڵح».
لە دەرەوە و، لە سەربان و
لەسەر شووشەی جامخانەکە،
خرمەژنێکی دەنگ تیژ دێ،
گوێمان لە تاوە تەرزەیە و دائەڕژێ،
زۆپای بە دار داگیرساوی نێڵەنێڵدار،
لایەکی زۆر سووربۆتەوە و لایەکی کەم))
لەناکاوێ
دائەچڵەکم،
وەختێ پیاوێ
وەک سەهۆڵاوێ بکاتە پشت ملمەوە،



Scanned with CamScanner

بە سویدی لێم ئەپرسێ: سەعات چەندە؟

بۆ سەعات شەش...
هێشتا هەنگاوی دە خولەک ماوە بڕوا و
بگاتەجێ،
هەڵئەسم و پارەی قاوەکەم ئەدەم و پاڵتۆ ئەکەمەوە
بەرم و ملپێچ ئەئاڵێنمە ملم و، هەتا ئەگەمە بەر دەرگای
ماڵی دیا، بەفر قژ و هەردوو شانم سپی ئەکا، پەنجە
ئەنێم بە جەڕەسدا و دەرگاکەم بۆ ئەکرێتەوە.

بۆ سەعات شەش
هەرچەند خولەکێکی ماوە
هەشتا پلیکە بۆ سەرێ،
هەشتا وشە بۆ شیعرێک و
هەشتا خەون بۆ عەشقێک و
هەشتا هەنگاو بەرەو «ژوورێک»،
من ئێستا ئاوێتەیەکم
لە مانگەشەو و لە بەفر.
هەشتا پلیکە بۆ سەرێ،
بەرەو ژووری ژنە هەورێ،
هەشتا خۆزگە و یەکشەممەیەک،



Scanned with CamScanner

نیوەی فڕینم بڕیوە،
چل ڕەنگم داوە لە جەستەم،
نامۆییم داگیرساندووە.

چل تەماشام بوون بە تەیر و
چل هەناسەم بوون بە گوڵ و
چل گوڵم بوون بە چل پەخشان.
شەست پلیکەم بوون بە ڕووبار،
ڕووبارم بوون بە ڕۆمان و
ڕۆمانیشم بوون بە ئاسمان.
حەفتا پلیکە بۆ سەرێ،
گەورە بووە قەسیدەکەم.
بەرزەفڕە خەونەکەم و
وا خەریکە پێ بخاتە ناو ژوورەکەی.
حەفتا و پێنج گوڵە لاولاوی
هەڵزناو بەم خانووەدا،
حەفتا و شەش ئاوێنە بە ڕیز،
حەفتا و حەوت گۆمیلکەی شین شین،
حەفتا و هەشت چرای بچووک و
حەفتا و نۆ پەنجەرەی مەست و
هەشتا ماچ و



Scanned with CamScanner

هەشتا باوەش...
دەرگای دیا ئەکرێتەوە و
پشیلەکەی لە باوەشیا و،
ئەوسا ئیتر
پێ ئەخەمە ژوورێکەوە
لێوان لێوە و پڕاوپڕە،
لە شەراب و لە مۆسیقا و
لە شیعر و عەشق!

سلێمانی ٢٠١٣/١/٢٨



Scanned with CamScanner

## شوێنم کەوە!

تۆ لە کوێوە؟
منت دۆزییەوە کچەکە؟
کە شارەکەم
خۆی نامۆبێ بە شەقامی و
بە کۆڵانی و ناونیشانی؟
تۆ لە کوێوە
منت دۆزییەوە کچەکە؟
کە ماڵەکەم،
تەمتومانێکی دڵتەنگیی داپۆشیبێ و
کە تەنیایی نەیهێشتبێ



Scanned with CamScanner

بچمە دەرێ و
کەس بمبینێ!

تۆ لە کوێوە منت دۆزییەوە، کچەکە؟!
تەنها هەر ئەگەرێک هەیە و نابێ بە دوو،
شیعرێکی من هاتبێتە ناو دڵتەوە و
ئەوەندە شێتی تۆ بووبێ
نەیتوانیبێ نەهێنیی من
لەلای ئەو دوو چاوە سەوزە نەدرکێنێ و
پێی وتبی:
شوێنم کەوە،
ناونیشانی ئەو لای منە
ئەوەی جێی ئەو پێبزانێ
هەر خوا و شیعرە،
شوێنم کەوە!

٢٠١٣/١/٢٨



Scanned with CamScanner

# ڕەوتی کۆتایی

ئاوی شیعرم
ئەو وەختە ڕوون ئەبێتەوە،
کە خەمی لێڵی هەژاران بچنە ناوی و
کە شەوی ئازاری ئەوان،
بەردەوام لێی بخۆنەوە.

***

تۆ بڕوانە کە تاریکیی
ئەم دیرۆکە،
چەند گڵۆپی شیعری جوان جوانی داگیرسان،
تەماشایش کە



Scanned with CamScanner

کە ڕیزە سێدارەی موسڵ و ئەبوغرێب
چۆن هاتنەوە و، ئەمجارەیان
بوون بە مانگی ناو دارستان.

***

کە «مەولانە» ئەخوێنمەوە،
ئەبم بە سۆفی و ئەچمە ناو خەڵوەتەوە،
لە خەڵوەتیشدا کە خەیام ئەخوێنمەوە،
دێمە دەرێ و ڕووبەڕووی بادە ئەبمەوە،
من لەنێوانی خەڵوەت و مەیخانەدا،
خۆم بە (پووچێتی) بەخشیوە!

***

لە سووریای ئێستاکەدا،
«نان» تا ئەگاتەوە ماڵێ

یان لە ڕێ و باندا ئەکوژرێ،
یاخود ئەگەر بشگاتەوە ماڵێ،
ماڵی بەسەردا ئەڕووخێ!

***

شەوێک بەدیار گۆمێکەوە هەڵتروشکام
لەدواییدا ئەوەی کە گۆم فێری کردم،
بێدەنگیی بوو.
شەوێکی تر



Scanned with CamScanner

بە دیار زامی غەدرێکەوە دانیشتبووم،
لەدواییدا ئەوەی کە زام فێری کردم،
تەواو دژی بێدەنگیی بوو!

***

ئەو شەوانەی
کە سەرم شیعری لێ ئەبڕێ
لە خەویشدا
خەو بە حەوزی وشک و خاڵی و
ژووری چۆڵی
بێ ئافرەتەوە ئەبینم!

***

دەستت دایە کاغەزێکم
سپی... سپی
وەختێ ڕۆیشتی
سەرنجمدا،
لە شوێن پەنجە جوانەکانتا،
چەند شیعری بڵاونەکراوەی
«کامەران» و
«هەردی»م بینی!

***

شەقامی دڵتەنگمان کەم نین،
جامخانەی گریاومان کەم نین،



Scanned with CamScanner

کتێبی جوانەمەرگیشمان کەم نین،
بەڵام لە هەمووی دڵ تەنگتر
چاو تەڕتر و... بەسوێتر و
بەحەسرەتتر... لەوەی هەیە،
کتێبخانە و
ونبوونەکەی
کاک عومەری مەکتەبەیە

سلێمانی ٢٠١٣/٢/١٢



Scanned with CamScanner